

# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

## وەبەرهێنان لە گشتپرسیی باشووری کوردستان

ساڵی سییەم (١٣٨٤)- (٢٥)ی ئەیلوولی ٢٠٢٣

### موحسین مەندەلاوی جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق:

# سەرۆك بارزانی هەمیشە پشتیوان و داكۆكیكاری مافەكانی كوردی فەیلی بووە

تاوانی کۆمەڵکوژیی کوردانی فەیلی لە ئێستا و ئایندەشدا دەرهاویشتەی سیاسی و کەلتووریی زۆر نەرێنی لەسەر ژیانیان دەبێت

چەندین کەسی شۆڤێنیی بەعسی دووبارە گەڕاونەتەوە ناو دامەزراوەکانی دەوڵەت و بوونەتە ئاستەنگ بۆ گێڕانەوەی مافەکانی کوردی فەیلی






# سەردانی نوێنەری پێنتاگۆن بۆ کوردستان

## ٨٣

بۆ هەماهەنگیی زیاتری نێوان سوپای ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان هەر یەکە لە کۆلۆنێل والتر مایر، ئەفسەری هێزی تایبەت بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ پارتی و، کۆلۆنێل تۆفۆ بۆ هەمان مەبەست لەگەڵ یەکێتی دەستنیشان کران.

دوای گەیشتنی بۆ کوردستان کۆلۆنێل والتر مایر داوای کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی پارتی کرد، لە کۆبوونەوەکەدا پەیامی وڵاتەکەی بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

- ئەگەر تورکیا هاتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان، بابەتەکە بۆ ئێمە بەجێ بێڵن، ڕێگایان نادرێت.
- لە کاتی دەستپێکرنی شەڕەکە، هێزەکانتان نەچنە ناو مووسڵ و کەرکووک (دیارە ئەمە داوای تورکیایە).
- من (کۆلۆنێل والتر مایر) بەشێوەیەکی کاتی بە حاکمی سەربازیی مووسڵ دادەمەزرێم بۆ ئەوەی گرژی و گێرەشێوێنی دروست نەبێت.
- هەڵسوکەوتی ئەمەریکا لەگەڵ هەرێمی کوردستان وەک خۆی دەمێنێتەوە.
- داوا دەکەین بە زووترین کات دەسەڵاتی عێراق ڕادەستی عێراقییەکان بکرێتەوە.

بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت، خاڵی سەیر ئەوە بوو کە بۆ یەکەم جار بوو باس لە حاکمی سەربازی دەکرێت.

دواتر لە بەشێکی قسەکانیدا ڕایگەیاند کە هەزار دەمامکی (ماسک) دژی کیمیاویمان هێناوە بۆ خێزانەکانتان و سەرکردایەتی.

بەڕاستی بەم قسەیە زۆر تووڕە بووم، پێم گوت: (ئەوانیش بۆ خۆتان ببەنەوە، ئەگەر چەکی کیمیاوی بەکار هێنرا و گەلەکەمان قڕبوون یان کوژران بۆچی ئێمە زیندوو بین؟) هەروەها هەموو دامودەزگاکانیشمان ئاگادار کردەوە کە بەهیچ شێوەیەک هیچ ماسک و دەمامکێک وەرنەگرن.

## چاپکراوی نوێ




کتێبی ئەم ژمارەیەی گوڵان بە ناوی (پەرەپێدانی بەردەوام Sustainable Development) لە نووسینی پ.ی.د ئەیوب ئەنوەر سماقەیی، بە (١٣٦) لاپەڕە چاپکراوە و کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند کردووە.


ئەم کتێبە دوامانا و بۆچوونی چەمکی زانستیی پەرەپێدان لە زانستی ئابووریدا ڕوون دەکاتەوە، نووسەر هەوڵی داوە بە زمانێکی سادە و کوردییەکی ڕەوان گفتوگۆ لەسەر پەرەپێدانی بەردەوام بکات، ئەو هەوڵەشی لەبەر دوو هۆیە، یەکەمیان: پەرەپێدانی بەردەوام فەلسەفەیەکە بۆ تێڕوانینی نوێ، زیاتریش بەلای ڕەهەندێکی فەلسەفیدایە، وەك ئەوەی بابەتێك بێت بۆ پەیڕەوکردن و جێبەجێ کردن، دووەمیان: چونکە بیرو بۆچوونەکان جیاوازن و شێوازەکانی پەرەپێدانیش جودان، بۆیە هەندێك پێیان وایە پەرەپێدانی بەردەوام جێگرەوەی سیستەمی سەرمایەدارییە و هەندێکیش لەسەر ئەو ڕایەن کە تەواوکەری سیستەمی سەرمایەدارییە، کەچی هەندێك بە پشتیوان و پشتبەندی پتەوکۆدنی سیستەمی سەرمایەداری دادەنێن.

نووسەر بابەتەکانی ئەم کتێبەی لە سێ بەشدا بەرجەستە کردووە، هەر بەشێکیش چەند خاڵێکی لەخۆ گرتووە، لە بەشی یەکەمدا باسی لە مانای پەرەپێدانی بەردەوام کردووە، لە خاڵێکی ئەم بەشەدا ئاماژەی بە قۆناغەکانی پێشکەوتنی پەیوەندیی نێوان ژینگە و پەرەپێدانی ئابووری کردووە، لێرەدا جەختی لەوە کردووەتەوە کە لەبەر دروستبوونی گرفتگەلی ژینگەیی و بایەخدان بەم بوارە مرۆڤ بیری لە گەشە و پەرەپێدانی ئابووری کردۆتەوە، کە لەگەڵ ژینگە و پاراستنی ژینگە بگونجێت.

د ئەیوب ئەنوەر سماقەیی لە بەشی دووەمدا باسی لە ناوەرۆك و کرۆکی پەرەپێدانی بەردەوام کردووەن جەختیشی لە قۆناغە مێژووییەکانی سەرجەم ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام کردووەتەوە، وەك ئامانجی ئابووری و نێودەوڵەتی و کۆمەڵایەتی و دامەزراوەیی و ژینگەیی، دوا بەشی ئەم کتێبەشی بۆ ئاماژەکانی پەرەپێدانی بەردەوام تەرخان کردووە، وەك مانای ئەو ئاماژانە، ئاماژە ئابوورییەکان، کۆمەڵایەتییەکان، ژینگەییەکان، دامەزراوەییەکان.

ماوەتەوە بڵێین ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی زانستیی بەسوودە بۆ توێژەر و خوێنەران، دەستخۆشی لە پ.ی.د ئەیوب ئەنوەر سماقەیی دەکەین بە هیوای بەرهەمی زیاتر.

دکتۆر قاسم غەفوور سیوەیلی:



## گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان توندوتیژییان تا ئاستی کوشتن بەرهەم هێناوە


دڵشاد میران



## دژایەتیی قەوارەی هەرێم

## بە ئامرازی نوێی دادگا و کارتی ئابووری هیچ دەرئەنجامێکی نەبووە و نابێت

موسا خەمۆ:



## پەکەکە مەرام و پیلانی خراپتریان لە دژی هەرێمی کوردستان هەیە

پرۆفیسۆر نادیە ئۆربیناتی:



## هەندێ لە کۆمپانیا گەورەکان دەتوانن بڕیارەکانیان بەسەر دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا بسەپێنن




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
سالْح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی سالْح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

**بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*



## یۆبیلی زێڕینی
## ئێزگەی دەنگی کوردستان




## ڕەهەندەکانی کاریگەریی نەرێنیی سۆشیال میدیا لەسەر کێشە خێزانییەکان لە دیدی جیاوازەوە

## هۆکارەکانی پشت ئێشەلەکاتی هەڵسانەوەدا





## بیرهێنەرەوەی ڕووداوەکان



دالیا ئەلکوری:

## کامیرا ئامرازێکە بۆ تێگەیشتن لە واقع بە شێوازێکی قوڵتر

زەینەب زیبا

## کاراتێ یارییەکی شەڕانگێزی نییە بەڵکو هونەری بەرگریکردنە









# یۆبیلی زێڕینی ئێزگەی دەنگی کوردستان



لە ٢٨ی ئەیلوولی ٢٠٢٣، ئێزگەی دەنگی کوردستان ٥٠ ساڵ بە سەر تەمەنیدا تێدەپەڕێت، ئەم ئێزگەیە بە یەکەمین ئێزگەی کوردی و کوردستانی دادەنرێت کە لە مێژوودا لەسەر خاکی کوردستان پەخش کرابێت. ڕاستە لە ساڵی ١٩٥٧ و لەسەر داوای مستەفا بارزانی، جەمال عەبدولناسری سەرۆکی ئەو کاتی میسر ڕازی بوو، بەشی کوردی لە «ئێزگەی قاهیرە» بکرێتەوە، بەڵام وەك یەکەمین ئێزگەی شۆڕشی گەلی کوردستان، یەکەمین ئێزگە «ئێزگەی دەنگی کوردستان»ـە کە لە ٢٨ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٣ دەستی بە پەخشکردنی چالاکییەکانی شۆڕش و هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد.



ئێزگەی دەنگی کوردستان، هەر لە سەرەتای پەخشکردنیەوە، بەرنامەکانی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق بۆ پێکەوە ژیان و ئاشتی دارِشتووە و، لەسەر ئاستی عێراق بەردەوام بەشێکی بەرنامەکانی بە زمانی عەرەبی پەخش کردووە، بۆ ئەوەی عەرەبی عێراق (شیعە و سوننە) لە پەیامی ڕاستەقینەی شۆڕش و گرنگیی برایەتیی کورد و عەرەب تێبگەن و، ڕێگە نەدەن، خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان کە بریتی بوو لە «دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنومی بۆ کوردستان» ببێتە شەڕ و ناکۆکی نێوان هەر دوو نەتەوەی «کورد و عەرەب». ئەم پەیامە مرۆڤایەتییە کە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو و دەستپێکی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لەم ئێزگە تێکۆشەرەوە «وەك تەنیا ئامرازی ڕاگەیاندنی کوردستان» پەخش دەکرا، بووە هەوێنی ئەوەی کە بەشێکی زۆری عەرەبی عێراق (بە هەر دوو مەزهەبی شیعە و سوننەوە) لە ڕەوایەتیی شۆڕشی گەلی کوردستان تێبگەن، تەنانەت گەیشتە ئەوەی کە ئایەتوڵڵا موحسین حەکیم مەرجەعی ئەو کاتی شیعەکان، ئەو داوایەی حکومەتی عێراق ڕەت بکاتەوە کە فەتوای جیهاد دژی شۆڕشی کوردستان «شۆڕشی ئەیلوول» دەربکات.

ئەم ئاراستەیەی کارکردنی «ئێزگەی دەنگی کوردستان» هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بە تەرجەمکردنێکی ڕاستگۆیانەی پەیامی شۆڕشی ئەیلوول، بووە هۆکاری ئەوەی کە ڕژێمەکانی ئەو کاتی بەغداش بیر لە ڕێگە چارەی گفتوگۆ و دانوستاندن بکەنەوە، کە ئەم هەوڵانە هەر لە ساڵی ١٩٦٤ و ١٩٦٧ دەستیان پێکرد و پاشان بە ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ کۆتایی هات و لەم چوارچێوەشەدا ئەو سرووده خۆڕسکە لەدایك بوو کە دەڵێت «هەر بژی کورد و عەرەب رمز النضال».

لەسەر ئاستی پاراستنی فرەیی و لێبوردەیی و پێکەوە خەباتکردن و پێکەوە ژیانی نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکانی کوردستانیش، ئەم ئێزگەیە ڕەشماڵێك بۆ کۆکردنەوەی هەموو جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینییەکان و مینبەرێك بووە بۆ هەموو دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان، ئێستاش کە سەردانی ئێزگەی دەنگی کوردستان دەکەین و تابلۆ گەورەکەی ئێزگە دەخوێنینەوە، کە بە هەموو زمانەکانی «کوردی، عەرەبی، سریانی، تورکمانی» ناوی ئێزگەکە نووسراوە، هەست دەکەین ئەم ئێزگە تێکۆشەرە ڕەسەنایەتیی خۆی پاراستووە، هەروەها کاتێك بەیانییان گوێ لە ساتی کردنەوەی ئەم ئێزگەیە ڕادەگرین، کە هەر بە ئاوازی «چەمی ڕێزان» و سرووده نیشتمانییەکانی شۆڕشی ئەیلوول دەست پێدەکات، هەستێکمان لا دروست دەکات کە ئەم ئێزگەیە، هەموو ڕۆژێك دەمانباتەوە بۆ ناو مێژوو و بە ئێستا و ئایندەوە گرێمان دەداتەوە و هەموو ڕۆژێك پێمان دەڵێت «ئەوەی وەك خۆی لە مێژوو تێنەگات، هەر بە بچووکی دەمێنێتەوە».

ئێزگەی دەنگی کوردستان لە ماوەی تەمەنی ٥٠ ساڵەی کارکردنیدا، چەندین قۆناغی جیاوازی

هەوراز و نشێوی بە خۆیەوە بینیوە و شاهیدی تەواوی ئەو کارەسات و نەهامەتییانەشە کە بە درێژایی ئەو مێژووە بەسەر خەڵکی کوردستاندا هاتوون، لە هەموو ئەو کارەسات و نەهامەتی و ئەنفال و کیمیاباران و تەواوی ئەو کۆمەڵکوژییانەی بەسەر گەلی کوردستاندا هاتوون، ئەم ئێزگە تێکۆشەرە دەنگی ئەو خەڵکە مەزلوومە و ئەو پێشمەرگە قارەمانانە بووە کە بە خوێنی خۆیان بەرگرییان لە خاك و گەلی کوردستان کردووە، لە ڕاپەڕین و کۆڕەوە مەزنەکەی کوردستانیش ئەم ئێزگە تێکۆشەرە هاوشانی جەماوەری ڕاپەڕیو و هێزی پێشمەرگەی بەرەی کوردستانی لە ڕیزی پێشەوەی بەرگریدا بووە و، دینامۆیەك بوو بۆ هەڵمەت و شاڵاوی هێزی پێشمەرگە بۆ ئازادکردنی کوردستان بە کەرکووکی دڵی کوردستانیشەوە.

ئەوەی جێگەی سەرسامی و هەڵوەستەکردنە بۆ ئەم ئێزگە شۆڕشگێڕە لە ئێستادا ئەوەیە، لەگەڵ ئەوەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زیرەکیی دەستکرد و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، شوێنیان نەك هەر بە هەموو هۆیەکانی ڕاگەیاندنی «بینراو، بیستراو، نووسراو» لێژ کردووە، بەڵکو سەرتاپا وەرچەرخانیان لە کاری ڕاگەیاندنی کلاسیکی کردووە و، زانیارییان گۆڕیوە بۆ هەواڵی فەیك و درۆ و ساختە، بەڵام کە بەیانیان گوێ لە بەرنامەی «بەیانی باش کوردستان» دەگرین و ئەو هەموو خەڵکەی کورستان گلەیی و گازندەکانی خۆیان لە ڕێگەی ئەم ئێزگەیەوە دەگەیەننە بەرپرسان و دامەزراوەکانی حکومەتی خۆیان و، پاشانیش هەر ئەم بەرنامەیە بەدواداچوون بۆ کێشەکانی خەڵك دەکات و، هەوڵی چارەسەرکرنیان دەدات، هەست دەکەین لەناو ئەم ئێزگەیەدا هێشتا هەوڵەکانی بۆ ئەوەن کە زانیاری ڕاست و دروست بەشداریی نێوان خەڵك و حکومەت ڕێك دەخات، نەك هەواڵی فەیك و ساختە.

کاتێك هەر لەم ئێزگەیەوە گوێ بۆ بەرنامەی «کتێب باشترین هاوڕێیە» دەگرین و لەمەش زیاتر ئێستا هەوڵیان خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی «کتێبی دەنگی» بەرهەم بهێنن، دیسان هەست دەکەین، ئەم ئێزگەیە لەسەر هێڵە ڕاستەکەی خۆی بەردەوامە، کە ئەویش هۆشیاریی زیاتری کۆمەڵگەیە کە باشترین ئامرازە بۆ بەدیهێنانی ئاشتی لە کۆمەڵگە.

لەم ئێزگەیەدا کاتێك ڕۆژانە گوێبیستی بایەخدانەکانی بە «کەلتوور، هونەر، مێژوو و ڕەسەنایەتیی گەلی کوردستان» دەبین، ئومێدێك لای بیسەر دروست دەبێت، کە ئەم ئێزگەیە ڕەسەنایەتی پاراستووە و پێمان دەڵێت «پاراستنی ئەم ڕەسانەیەتییە سیمای جوانی گەشی کوردستانە». ئەوەی دەخوازم لە دووماهی ئەم پەیڤەدا بە بۆنەی «یۆبیلی زێڕینی ئێزگەی دەنگی کوردستان» ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە لەناو ئەم ئێزگەیەدا «ڕەخنە» بە مانای گۆڕینی «وشە بۆ کردار» بوونی هەیە، بە تایبەتیش لە بەرنامەیەکی سیاسیی وەك «حەوتەوانەی ڕۆژنامەنووس»، لەم بەرنامەیەدا کە هاووڵاتی



و مافەکانی خەڵك سەنتەرە، زۆر جاران لەسەر کێشمەکێشی ئەم ئێزگەیە لەسەر مافی هاووڵاتیان و داواکاریی خەڵك، دەمەقاڵێی زۆر گەرم لە بەرنامەکەدا دروست دەبێت.

جارێکی دیکە یۆبیلی زێڕین لە ئێزگەی دەنگی کوردستان پیرۆز بێت، سڵاو لە شەهیدانی ئەم ئێزگە تێکۆشەرە. سڵاو بۆ ئەو تێکۆشەرانەی لە ماوەی ئەم ٥٠ ساڵەدا و لە قۆناغە جیاوازەکاندا دینەمۆ و هەڵسووڕێنەری ئەم ئێزگەیە بوون. جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئەو ستافە دەکەین کە ئێستا ئەم ئێزگەیە بەڕێوە دەبەن، هەر لە بەڕێوەبەری ئێزگە تا دەگاتە تەواوی کارمەندەکانی.

# ڕیفراندۆمی گەلی کورد هەنگاوێکی شەرعی و دەستکەوتێکی کەم وێنە

ڕیفراندۆمی گەلی کورد یەکێکە لەو دەستکەوتە گرنگانەی تا ئێستاش هەموومان شانازی پێوە دەکەین، چونکە لە ٢٥ی ئەیلوولی٢٠١٧ و لە پرۆسەیەکی دیموکراسییانە و لە چوارچێوەی یاسا و مافی نەتەوەیی، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، پەیامێکی مەدەنی و ڕاشکاوانەی ئاراستەی سەرتاسەری جیهان کرد، کە بریتی بوو لە ویستی سەربەخۆیی، ئەمەش زادەی بەرهەمدارکردنی خەبات و قوربانیدان و کۆششی سەدان ساڵەی ڕەنجی ئەم میللەتە بوو، وەك یەکێ لە دیارترین و مەزڵوومترین نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە، کە هەمیشە حەزی لە ئاشتی بووە و ئاواتی لەمێژینەشی گەیشتن بووە بە مافی چارەی خۆنووسین، بوونی ئەو ویست و هەنگاوە بەڵگەنامەیەکی یاسایی و داخوازییەکی هەمیشەیی و شەرعییانەی گەلی کوردستان بوو، ئیدی ئومێدی گەل وایە، هەرچیەك ببێ و ڕۆژگار بە هەر تەرزێ بڕوات و باجەکەی چەندە گەورەش بێت، ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم دەنگانەی ڕیفراندۆم بەرهەمیان دەبێت.

**ڕۆژگار بە هەر تەرزێ بڕوات و باجەکەی چەندە گەورەش بێت، ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم دەنگانەی ڕیفراندۆم بەرهەمیان دەبێت**

لە ڕوانگەی شەرعەوە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان مافێکی ڕەوای خەڵکی کوردستانە و پەروەردگار ئەم مافەی پێ بەخشیوە، لەناو ئەم دەوڵەتەشدا مافی خۆیەتی حکومەتی هەبێت، ئیسلام مافی گەلانی ڕەچاو کردووە و هیچ گەل و وڵاتێکیش بۆی نییە، ئەو مافە لە گەلێکی دیکە زەوت بکات، چونکە خوای گەورە هەر گەل و نەتەوەیەکی بە تایبەتمەندی و لە چوارچێوەیەکی تایبەت خوڵقاندووە، کە سەرەنجام میتۆدی هاوکاری و پاڵپشتی و تەعاروف، دەبێتە سەنگی مەحەك لە ئەدای هەر کار و هەنگاوێکی پەیوەست بە خاڵی هاوبەشی نەتەوە و وڵاتانەوە.

**ئیسلام مافی گەلانی ڕەچاو کردووە و هیچ گەل و وڵاتێکیش بۆی نییە، ئەو مافە لە گەلێکی دیکە زەوت بکات**

پاڵپشت بەم تێڕوانینە زانایانی ئایینی لە کوردستان لە ڕوانگەی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی و تێگەیشتنی دروستیان لە دەقەکانی ئیسلام، تەواو پاڵپشتی ئەم هەنگاوە مەزنە بوون، لەبەر گرنگی و پێگەی هەستیاری مامۆستایانی ئایینی وەرگرتنی هەڵوێستیان بوو، یەکەمین دانیشتن و کۆبوونەوەی بەڕێز سەرۆك مەسعود بارزانی بۆ پرسی ڕیفراندۆم لەگەڵ زانایانی ئایینی لە کوردستان لە بەرواری ٩ی٨ی٢٠١٧ ئەنجام دا و بۆچوونی ئەوانی سەبارەت بەم پرسە گرنگە وەرگرت، کە بە لای ئەوانەوە ڕیفراندۆم تەواو مافێکی شەرعییە و هیچ ئیشکالیەتێك لە ئەنجامدانی نییە، ئەم تێگەیشتنە زادەی ئەو ڕاستییەیە کە هیچ ئایینێك هێندەی ئیسلام جەخت لەسەر سەربەخۆیی ناکاتەوە، هەر بۆ نموونە خودا لە قورئاندا دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ) الحجرات:١٣، ئەمەش واتە ئێمە ئێوەمان لە نێر و مێ دروست کردووە و کردوومانن بە گەل و هۆز بۆ ئەوەی یەکتری بناسن، بە واتای ئەوەیە کاتێك من یەکتری ناسین لەگەڵ گەلێکی دیکە دەکەم، ئەو سەروەریی خۆی هەیە و دەبێت گەلی منیش سەروەریی خۆی هەبێت، پاشان لەناو دەوڵەتی ئیسلامیدا جۆرێك لە فیدراڵی هەیە، هەر هەرێمێك داهاتی سەر زەوی و ژێر زەوی بۆ خۆیەتی و بۆ ئەوەیە گەلەکەی خۆشگوزەران بکات، بۆیە دەکرێت لەم لایەنەوە بڵێین ئیسلام نەك ڕێگر نەبووە، بگرە پشتیوانی لە مافی ڕەوای گەلەکەشمان دەکات، بۆ موماسەکردنی ئەو مافەی بۆ مرۆڤ و گەل و نەتەوەکانی دیاری کردووە، لەلایەکی دیکەشەوە هەرچی فەرموودەی پیرۆزی پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەر بێت)، هەمووی لایەنگریی کورد وەك گەلێکی موسڵمان دەکات، کە بەرگریکارە لە خاك و گەل و ناموسی خۆی، بە درێژایی مێژوو لە سەر خاکی خۆی ستەمی زۆری دەرهەق کراوە و بە مافی چارەنووس نەگەیشتووە!

**لەبەر گرنگی و پێگەی هەستیاری مامۆستایانی ئایینی وەرگرتنی هەڵوێستیان بوو، یەکەمین دانیشتن و کۆبوونەوەی بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی بۆ پرسی ڕیفراندۆم لەگەڵ زانایانی ئایینی لە کوردستان لە بەرواری ٩ی٨ی٢٠١٧ ئەنجام دا**



**د. عەبدوڵڵا شێرکاوەیی**
بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان
بۆ گوڵانی نووسیوە

بەداخەوە، بارودۆخ و هەلومەرجی نێودەوڵەتی بە بیانووی جۆراوجۆر ڕێگر بووە لەوەی کوردستان دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت. مافی دامەزرانی دەوڵەت بۆ کورد وەك هەر گەلێکی دیکەی ئەم زەمینە مافێکی زۆر ئاسایی خۆیەتی کە بڕیاری لە سەر بدات، هەروەها هیچ ئایەتێکی قورئانیش نییە کە فەرزی کردبێت، ئیللا کورد هەر دەبێت لەگەڵ عەرەب بژی، لەبەر ئەوەی هەر نەتەوەیەك بە شێوەیەك بیردەکاتەوە و هەر یەکەشیان هیوا و ئامانجی خۆی هەیە، لەمەش زیاتر ئەگەر سەیری ڕوانگەی ئاساییشی ئەم جیهانەوە بکەین و مەبەست پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی ئەم سەرزەمینە بێت، ئەوا ئاشتی و ئاسایش پێویستیان بەوە هەیە کە هەر گەلێك خاوەنی قەوارەیەکی سیاسیی خۆی بێت و خۆی خۆی بەڕێوەبەرێت، بۆ ئەوەیە لەسەر بنەمای دراوسێیەتی باش و بەرژەوەندیی هاوبەش ڕێز لە یەکتری بگرن، لە بەرانبەر ئەمەدا ئەگەر سەیری مێژوو بکەین، دەبینین لەو کاتەوە بە زۆر کورد بەو دەوڵەتانەوە لکێندراوە، هەمیشە ئاژاوە و ناسەقامگیری بەردەوام بووە، سەرەنجامیش ژینۆساید و ئەنفال و زەبر و زەنگ و ئاوارەیی و دەربەدەری و نەهامەتی و کارەساتیان خوڵقاندووە، ڕەنگە پێچەوانە نەبێت کە بڵێم لە ١٠ ساڵی ڕابردوو کاتێ میللەتەکەمان ڕووبەڕووی گەورەترین هەڕەشەی تیرۆریستانی داعش بوویەوە و قوربانیی زۆریشی دا، بەڵام دواجار نەیهێشت کوردستان بکەوێتە دەست هەژموون و دەستی ڕەش و توندڕەویی ئەم گرووپە، یەکێ لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی داعش لە ناوچەکە بۆ دوورخستنەوەی میللەتی کورد بوو، لەم ماف و داوا ڕەوایەی سەربەخۆیی، بەڵام دواجار میللەتی کورد پرۆسەکەی وەك گەورەترین دەرفەتی مێژوویی وەرگرت و لە سەدا ٩٣ی گەل بە (بەڵێ) دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا.

بەداخەوە، مامەڵەی بەشێکی وڵاتانی دەوروبەر و جیهان لە سیاسەتکردن بەرانبەر کورد لە جێی خۆی نییە و زۆرینەی وڵاتانی ئیسلامیش کە باش دەزانن ئەم مافە خوا بە هەموو گەل و نەتەوەیەکی داوە، بێدەنگییان هەڵبژاردووە، وەك بڵێی کۆدەنگییەکی ناڕاستەوخۆ سەبارەت بە نەگەیشتنی کورد بە مافەکانی لە ئارا دایە، بۆیە ناکرێت ئەم فەرهەنگەی بە ڕەوا نەبینینی مافی کورد بەردەوام بێت، کوردیش وەك باقی گەلان مافی شەرعیی خۆیەتی خاوەنی قەوارە و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێت.

لەم پێناوە، ئەرکە سەرجەم چین و توێژەکانی کوردستان بە هەموو توانایەکانیانەوە دەنگ هەڵبڕن بۆ پاراستنی یەکڕێزی و برایەتی و پێکەوەژیان و وەلاوەنانی دووبەرەکی و ململانێی حزبی و ئایدیۆلۆژی وێرانکارانە، چونکە خاڵی بەهێزی دەرچوون لەم تەنگژە و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەر و پێشهاتەکان و وەستان لە سەنگەری بەرگریی کوردستان و گەیشتن بە مافی چارەنووس، بەوە دەبێ پێکهاتە و لایەنە سیاسییەکان بە هەر نرخ و باجێك بێت، یەکڕیزی خۆیان و یەکهەڵوێستی نیشتمانی بپارێزن.

بە کورتی ڕیفراندۆم وەك گەورەترین دەستکەوتی نەتەوەیی بووەتە ئیرادەی بەرهەمهاتووی میللەتێك و هیچ کەس و لایەنێك ناتوانێت هەڵیبوەشێنێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەموو میللەتی کورد بە جیاوازی ئایدیا و ئینتیماوە بە ئیرادەی خۆیان چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان و بە (بەڵێ) دەنگیان داوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەم ڕیفراندۆمە بۆتە دیکۆمێنتێکی گەورەی مێژوویی و بۆتە بەشێك لە مێژووی گەلی کوردستان کە لە ڕیفراندۆمێکی ئازادانەدا دەنگی بۆ سەربەخۆیی داوە، بەڵام بە شێوازی عەسکەرتاری و پیلانی دەوڵەتانی ناوچەکە ڕێگەیان نەدا ئەم خەونەی کورد بێتە دی.

**لەناو دەوڵەتی ئیسلامیدا جۆرێک لە فیدراڵی هەیە، هەر هەرێمێک داهاتی سەر زەوی و ژێر زەوی بۆ خۆیەتی و بۆ ئەوویە گەلەکەی خۆشگوزەران بکات**

**ئاشتی و ئاسایش پێویستیان بەوە هەیە کە هەر گەلێک خاوەنی قەوارەیەکی سیاسیی خۆی بێت و خۆی خۆی بەڕێوەبەرێت**

**ریفراندۆم وەک گەورەترین دەستکەوتی نەتەوەیی بووەتە ئیرادەی بەرهەمهاتووی میللەتێک و هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێت هەڵیبوەشێنێتەوە**



# وەبەرهێنان لە گشتپرسیی باشووری کوردستان



## د.ئازاد شكور ساڵح

**زانكۆی سەڵاحەدین – كۆلێژی یاسا**

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

لە ڕۆژی دووشەممە (٢٥ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٧) گەلی كوردستان بە شێوەیەكی زۆر ئارام و سەركەوتوو دەنگیان بۆ سەربەخۆیی كوردستان دا، ئەمەش بووە ڕۆژێكی پرشنگداری مێژوویی و خاڵێكی وەرچەرخان بوو لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی كورد. پاش دەرچوونی ئەنجامی ڕاپرسییەكە بە (بەڵی) بۆ سەربەخۆیی كوردستان، كە بە سەركەوتنێكی گەورە هەژمار دەكرێت، بووە سەنەد و بەڵگەیەكی یاسایی بەهێز و متمانەپێكراو بە دەست گەلی كوردستانەوە، بەمەش قۆناغێكی نوێ دەست پێ دەكات، ئەویش قۆناغی پاراستن و وەبەرهێنانە لە ئەنجامی ڕاپرسییەكە، كە قوناغێكی زۆر هەستیار و چارەنووسسازە.

**ئەنجامی ڕاپرسییەكە بە (بەڵی) بۆ سەربەخۆیی كوردستان، كە بە سەركەوتنێكی گەورە هەژمار دەكرێت، بووە سەنەد و بەڵگەیەكی یاسایی بەهێز و متمانەپێكراو بە دەست گەلی كوردستانەوە**

وەبەرهێنان چەمكێكی ئابوورییە لە بنەڕەتدا و دوایی لە بواری قانوونیدا ڕێك خراوە، واتە تەنیا تاكە بوارێك ناگرێتەوە، بەڵام ئەم چەمكە، یان ئەم وشەیە بەردەوام خۆی وەبەرهێنانی لە خودی خۆیدا كردووە و دەیكات. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا وەبەرهێنان بە زۆر شێوە و لە بواری هەمەجۆردا ئەنجام دەدرێت، وەك (وەبەرهێنان لە بواری ئاودا، وەبەرهێنان لە بواری ڕۆشنبیری و میدیادا، یان گەشتوگوزار، یان لە بواری زانست و فێربووندا، یان لە بواری تەكنۆلۆژیدا...) بكرێت، ئەوا بە هەمان شێوە دەكرێت لە بواری ڕاپرسی و گشتپرسیدا وەبەرهێنان بكرێت، ئەویش پاڵپشت بەو زانیارییە ڕوون و ئاشكرایەی كە ڕاپرسی و مافی چارەی خۆنووسین مافیكی یاسایی و ددانپێدانراوە لە جاڕنامەی مافی مرۆڤدا. ڕاستە پیادەكردنی مافێكی یاسایی دیموكراسی سیاسییە، بەڵام



**پێویستە وەک یەکەم هەنگاو وەبەرهێنان لەو یەکڕیزییەی کۆمەڵگە و هەموو نەتەوە و ئایین و پارتە سیاسییەکان بکرێت**

**پێویستە هەنگاوەکانی ئابووری و سیاسی لە کوردستان لە سەر دوو هێڵی هاوتەریب وەبەرهێنانیان لەسەر بکرێت و بە یەکەوە هەنگاو بنێین**

**یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ڕێکخستنەوەی لە ژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگە و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوە تاکە زامنە بۆ پاراستنی ئەنجامی ڕاپرسییەکەی ساڵی ٢٠١٧**

شوێنەوار و دەرهاویشتەی ئابووری لێ دەکەوێتەوە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی جیهاندا، ئابووری و سیاسەت دوو ڕووی هەمان دراون و هەردوو بوار واتە بواری ئابووری و بواری سیاسی کار لە یەك دەکەن و، کاریگەرییان لە سەر یەکتر هەیە. واتە (کارلێکەر و کارلێکراون) لە یەکتری بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ، بە بەڵگەش بۆ ئەو قسانە زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایی دیارە لە پرۆسەی ڕاپرسی و ئەنجامەکەی، ئەویش ئاسەواری سیاسی لێ کەوتەوە، جا چ بە شێوەیەکی ئەرێنی، یان نەرێنی بوو.

بۆ ڕاگرتنی بەڵانسی بازاڕ و ئابووری و لایەنە دارییەکەی باشووری کوردستان پێویستە وەك یەکەم هەنگاو وەبەرهێنان لەو یەکڕیزییەی کۆمەڵگە و هەموو نەتەوە و ئایین و پارتە سیاسییەکان بکرێت، ئەویش بە فراوانکردن و پەرەپێدانی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و بونیادنەرانە بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستان، دوور لە ململانێی تەسکی حزبایەتی و ناوچەگەری، ئەمەش ئەرکی هەموو تاك و لایەنێکە لەم کوردستانە، هەر ئەویش زامنی وەبەرهێنانی دروستە لە ئەنجامی ڕاپرسی و خاڵی بنەڕەتی و سەرەکییە لە وەبەرهێنانێکی کاریگەر.

پرسیارێك لێرەدا دەورووژێندرێت، ئەویش ئەوەیە بۆچی وڵاتی تورکیا سنووری دانەخست و ڕێگری لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم نەکرد بۆ بەندەری جیهان؟ لە وەڵامدا دەڵێین، ئەوانیش وەبەرهێنان لە هەر دوو بواری ئابووری و سیاسی دەکەن، چونکە باش دەزانن کە گەمارۆی ئابووری لەسەر باشووری کوردستان دۆخەکە بۆ بواری مرۆیی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت و لە کۆتاییدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دێنە دەنگ و بڕیاری پێویست دەردەکەن، هاوشێوەی بڕیاری ژمارەی (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە لە ساڵی ١٩٩١ دەری کرد، هەر بڕیارێکی لەم شێوەیەش بە قازانجی گەلی کوردستان و لە بەرژەوەندیی سیاسی و پرسی ڕاپرسییەکەی باشووری کوردستان دەبێت. وەبەرهێنان لەسەر بۆچوون و ئەو هەڵوێستەی کە دانیشتووانی ناوچە جێناکۆکەکانی باشووری کوردستان ئەنجامیان دا، بە کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشوور و کلدان و شەبەکەوە، جا چ موسڵمان، یان مەسیحی، یان زەردەشتی، یان ئێزدی، ئەویش بە زیاتر ڕاکێشانیان بۆ ئینتیمای نیشتمانی و حاڵیکردنیان بە مافی هاونیشتمانی و پێکەوەژیان لە دەوڵەتی کوردستان لە داهاتوودا، ئەویش بە گەرەنتیی دابینکردنی مافە نەتەوەیی و کەلتووری و ئایینی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان.

پرسیارە گرنگەکە لێرەدا ئەوەیە چۆن وەبەرهێنان لەسەر ئەنجامی گشتپرسی بکرێت؟ پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، ئەوا پێویستە ئاماژە بە خاڵێك بکەین، کە دەبێت زۆر بە ژیری و لێزانانەوە مامەڵە لەگەڵ پێشهات و دەرهاوێشتەکانی گشتپرسی و ئەنجامی ڕاپرسییەکەدا بکرێت، چونکە بۆی هەیە، هەر هەڵەیێکی زۆر بچووك لە هەنگاوێکی کرداری، یان لێدوانی هەڕەمەکی ببێتە مەترسیی گەورە لەسەر پرۆسەی ئەم وەبەرهێنانە، یان لەناوبردنی، بۆیە زۆر گرنکە کاری هەرە پێشینە لەسەر پێکهێنانی چەند دەستە و لێژنەیەکی هاوکار بکرێت، وەك:

١.دەستەی دانوستان و دیراساتی ستراتیژی .

٢.دەستەی ڕاوێژکاری (یاسایی، ئابووری، بازرگانی، دارایی، جوگرافی و...هتد).

پێویستە ئەم ئامراز و ڕێوشوێنانە بگرینەبەر بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنانی دروست و سەرکەوتوو لەسەر ئەنجامی گشتپرسی کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا هاتوون:

١.پێویستە هەنگاوەکانی ئابووری و سیاسی لە کوردستان لە سەر دوو هێڵی هاوتەریب وەبەرهێنانیان لەسەر بکرێت و بە یەکەوە هەنگاو بنێین، چونکە بواری ئابووری و سیاسی وەك شەمەندەفەر و فارگۆنەکەیەتی کە یەکێکیان ئەوەی دی ڕادەکێشێت و دەکرێت جێگەیان بگۆڕدرێت بە بەرداوام بۆ ئەوەی بە یەك ئاراستە بڕۆن نەوەك دژ بە یەك.

٢. پێویستە کاری زیاتر لەسەر یەکڕیزی بکرێت و تەبایی ناوخۆیی بپارێزرێت و پەرەی پێ بدرێت و ڕێك بخرێت لە چوارچێوەی واژووکردنی پەیماننامەیەکی شەرەف، لە پێش هەموویان یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ڕێکخستنەوەی لەژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگە و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوە تاکە زامنە بۆ پاراستنی ئەنجامی ڕاپرسییەکەی ساڵی ٢٠١٧.

٣.پاش ئەوەی تاقی کراوەتەوە کە هزر و بیرکردنەوەی مێشکی ژمارەیەکی زۆری عەرەب

بەتایبەتی عەرەبی عێراق، ناتوانن ڕزگاریان بێت لە عەقڵییەتی بەدەوی و هۆزایەتی و عێراق ناتوانێت ببێتە وڵاتێکی دیموکراسی و مامەڵەیەکی تەندروست لە گەڵ دەستوور بکات، بۆیە ستەمە کورد بتوانێت مافەکانی خۆی لە عێراق بە دەست بهێنێت و جێگەی خۆی بکاتەوە، بۆیە دەبێت کورد لە پاش هەنگاوی ڕاپرسی داواکاریی خۆی بگۆڕێت بۆ جیابوونەوە لە عێراق و کار لەسەر ئەنجامی ڕاپرسییەکە بکات و وەبەرهێنانی تیادا بکات و کات بەفیڕۆ نەدات و، هەنگاوێك نەگەڕێتەوە پاشەوە. دەبێت کورد سەرەتا ئەو هەنگاوە بنێت و ئینجا پشتیوانی لێ دەکرێت لە لایەن دۆستەکانی، باشترین بەڵگەش بۆ ئەوەی بڵێین عەقڵی هۆزایەتیی عەرەب تەنیا لە زمانی هێز دەگات، ئەو جووڵە سادەیە بوو کە بە هێز کرا لەلایەن کورد وەك کاردانەوەیەك بەرانبەر ئەو پێشهاتە نەخوازراوانەی ئەو دواییەی لە کەرکووك ڕوویان دا، یەکسەر تێگەیشتن و هاتنەوە هۆش خۆیان و دەستبەجێ داوای ئاساییکردنەوەی دۆخەکە و زیاتر ئالۆزنەبوونیان کرد.

٤.پێویستە ڕێگا لە چوونە دەرەوەی دۆلار (دراوی گران بەها) لە کوردستان بگیرێت، بە تایبەتی لە پرۆسەی هاوردەکردنی کەلوپەل و کاڵا کەمالیاتییەکان.

٥.پێویستە هەرچی زووە لیژنەی ئامادەکردنی دەستوور بە پێکهاتەیەکی نوێ دەست بە کار بێت و ماوەیەکی دیاریکراوی بۆ دابنرێت، بۆ ئەوەی ڕەشنووسی دەستووری کوردستان بۆ ڕاپرسی ئامادە بکرێت.

٦.پێویستە ڕەشنووسی چەند یاسا ئامادە بێت بۆ دەنگدان لەسەری لە پەرلەمانی کوردستان کە ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان بەڕێوە دەبات لە بوارە هەمە جۆرەکان، چونکە دەبێت ئامادە بین بۆ هەر ئەگەرێکی لەناکاو و بەپەلە، بۆی هەیە پێشهاتەکان وا بخوازن، دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ڕابگەیەندرێت، خۆ ناکرێت لەو کاتە لە دەوڵەتی کوردستان بە یاسای دەوڵەتێکی دیکە کار بکرێت کە عێراقە، بۆ نموونە (یاسای دراو، ناسنامە، ڕەگەزنامە، یاسای خزمەتی شارستانی و...هتد).

٧. خستنەڕووی پرۆژە ستراتیژییەکان بۆ وەبەرهێنان تیایدا بە مەبەستی هاندانی وڵاتان و کۆمپانیاکانی جیهانیی خاوەن بڕیار لە ئاستی ئابووری و سیاسی لە جیهان، بە تایبەت لە بواری نەوت و گازدا تا لە کوردستان وەبەرهێنانی ماوە درێژ ئەنجام بدەن.

٨.تەواوکردنی کاری بە خێرایی ئەو بەنداوانەی کە لەژێر ئەنجامدان و کۆگاکردنی ئاو لە بەنداوەکانی کوردستان.

٩.دامەزراندنی پەیمانگەیەکی نوێ لە بواری هونەری دانوستان و گفتوگۆ لە کوردستان، بۆ پێشکەش کردنی دیراسات و لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لە کوردستان بە ناوی پەیمانگای دانوستان و توێژینەوەی ستراتیژی.

١٠. گرینگیدان بە پیشەسازی و بەرهەمی نێوخۆیی لە هەرێمی کوردستان و پاڵپشتیکردنی لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان.

١١. هەمەجۆرکردنی ئابووریی هەرێمی کوردستان و هەمەچەشنکردنی سەرچاوەی داهاتەکانی دارایی لە هەرێمی کوردستان نەوەك تەنیا پشتبەستن بە یەك شێوە کە فرۆشتنی نەوتە و داهاتەکەی. دەبێت کاری جددی و بە پەلە بکرێت، بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە ڕێژەی هەناردەکردن (التصدیر) بکرێت، بە جۆرێك کە هەناردەکردن جێگەی هاوردەکردن (استیراد) بگرێتەوە، واتە ستراتیژیەتێك و پلانێك هەبێت کە تا ساڵی (٢٠٢٦) بتوانرێ ڕێژەی هەناردەکردن بەرز ببێتەوە وە بگاتە (٧٠٪) و ڕێژەی هاوردەکردن کەم بکرێتەوە تا نزمترین ئاست.

١٢. پێویستە وەبەرهێنان لە پەیوەندیی سیاسی و ئابووری لەگەڵ وڵاتی ڕووسیا بکرێت، بەتایبەتی لە بواری وزە، چونکە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ڕووسیا هەژموونی سیاسی و ئابووریی بەهێز و کاریگەری لەسەر هەر دوو دراوسێی باشووری کوردستان هەیە کە هەر دوو وڵاتی تورکیا و ئێرانن.

١٣. پێویستە ئەنجامی گشتپرسی بکرێتە کارتێکی بەهێز لە دەستی گەل و حکومەتی هەرێمی کوردستان و سندوقێکی پاڵپشتی بۆ گشتپرسی دابنرێت.

١٤. پێویستە کاری جددی بکرێت لەسەر بابەتی سکاڵاکردنی عێراق لە دادگای نێودەوڵەتیی پاریس، چونکە ئەم دادگایە پەیوەستە بە سکاڵای نێوان دوو وڵات، ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر دانپێدانانە بەوەی هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆیە و حیسابی دەوڵەتی بۆ دەکرێت.


**ژمارەیەکی زۆری عەرەب بەتایبەتی عەرەبی عێراق، ناتوانن ڕزگاریان بێت لە عەقڵییەتی بەدەوی و هۆزایەتی و عێراق ناتوانێت ببێتە وڵاتێکی دیموکراسی و مامەڵەیەکی تەندروست لە گەڵ دەستوور بکات**

**دەبێت کورد لە پاش هەنگاوی ڕاپرسی داواکاریی خۆی بگۆڕێت بۆ جیابوونەوە لە عێراق و کار لەسەر ئەنجامی ڕاپرسییەکە بکات و وەبەرهێنانی تیادا بکات و کات بەفیڕۆ نەدات**

**پێویستە هەرچی زووە لیژنەی ئامادەکردنی دەستوور بە پێکهاتەیەکی نوێ دەست بە کار بێت و ماوەیەکی دیاریکراوی بۆ دابنرێت، بۆ ئەوەی ڕەشنووسی دەستووری کوردستان بۆ ڕاپرسی ئامادە بکرێت**



# خوێندنەوەیەک بۆ پەیوەندییەکانی کورد و ئەمریکا پێش ڕیفراندۆم و دوای ڕیفراندۆم





## د . حەسەن کاکی

بۆ گوڵانی نووسیوە

### پێش ڕیفراندۆم:

کێشەی کورد پێشتر و ئێستاش بووەتە قوربانیی سیاسەتە نێودەوڵەتییەکان، هەموو ئەو شۆڕش و ڕاپەرینانەی کورد کە لە سەدەی هەژدەیەمەوە تا کۆتایی سەدەی بیستەم بەرپا بوون، ڕووبەڕووی پیلانی نێودەوڵەتی و پشتگیریی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان بوونەتەوە. ئەو ڕیفراندۆمە ڕاستیی پەیوەندییەکانی کوردی لەگەڵ هێزەکانی ڕۆژئاوا ئاشکرا کرد، لە سەروویانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە بەردەوام شانازی بە بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و دابینکردنی مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسینی گەلانی

**هێنری کیسینجەر لە نیویۆرک لەگەڵ نوێنەری عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان (تالیب شەبیب) کۆبووەوە، کە هەر ئەو بوو دوای سەردانە نهێنییەکەی بۆ بەغدا بناغەکانی ڕێککەوتنی جەزائیری دانا**

**ئەمریکا لە بەڵێنەکانی بۆ کورد پاشگەز بووەوە و بە تەواوی وازی لێ هێنان و لەو کاتەشدا ڕابەری مەزن مستەفا بارزانی گوتی: «هەزاران تەن مافی مرۆڤ بە بەرمیلێک نەوت دەفرۆشرێت»**

**شای ئێران بە ئەنوەر ساداتی سەرۆک کۆماری میسری گوت: «هەرگیز متمانە بە ئەمریکا مەکە، چونکە لەو کاتەدا من لەگەڵ هاوسەری کارتەر سەمام دەکرد، ئەویش لەگەڵ هاوسەرەکەم سەمای دەکرد، هەوڵگری ئەمریکا لەگەڵ خومەینی هەماهەنگی دەکرد، بۆ ئەوەی لەناوم بەرێت»**

چەوساوە دەکات. سیاسەتی ڕیچارد نیکسۆن سەرۆکی ئەمریکا لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦٩-١٩٧٤) کە بە کردەنی گۆڕانگاریی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا کرد، بەرانبەر ئەو لایەنانەی دەوڵەتیان نییە وەك (کوردی عێراق) بۆ خزمەتکردنی ئامانجەکانیان، تاکو ڕۆڵی سانسۆری ناڕاستەوخۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگێڕن.

پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و کوردی عێراق بە نهێنی پەرەیان سەند، دواتر ڕاستەوخۆ، تا گەیشتە ئاستی فەرمی لە تەمموزی ساڵی ١٩٧٢، دوای پەیماننامەی دۆستایەتیی عێراق و سۆڤییەت لە ساڵی ١٩٧٢ ئەمریکا و بەریتانیا هەوڵی لاوازکردنی عێراقیان دا، بەتایبەتیش دوای خۆماڵیکردنی نەوت، تاکو عێراق سزا بدەن.

کورد توانی یارمەتیی دارایی لە ئەمریکا وەربگرێت، ئەمەش وەك پاڵپشتییەك بوو تا بتوانێت لە ساڵی ١٩٧٤ بەر بە هێرشەکانی سوپای عێراق بۆ سەر ناوچەکانی بگرێت، ئەو ساڵەی کە حکومەتی عێراق لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ پەشیمان بووەوە.

هێزی عێراقی ڕووبەڕووی بەرگریی توندی پێشمەرگە بووەوە، کورد لە ڕزگارکردنی ڕووبەرێکی بەرفراوان لە خاکەکەی سەرکەوتوو بوو، هێزەکانی عێراق زیانێکی زۆریان بەرکەوت، بۆیە ڕژێمی عێراق پەنای بۆ سازشکردن بۆ ئەمریکا و شای ئێران برد، پیلانی دژی پرسی کوردی داڕشت، ڕۆڵی نەرێنیی ئەمریکا لە ڕێککەوتننامەی جەزائیردا ڕوون بوو.

لە ساڵی ١٩٧٤ نیکسۆن سەرۆکی ئەمریکا بە یاوەریی هێنری کیسنجەر وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی سەردانی ئێرانی کرد، ئاماژەیان بە ڕۆڵی شا کرد لە سنووردارکردنی باڵادەستیی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی لە عێراق، کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتە و لەگەڵ فەرەنسا دوای سەدام حوسێن زیاتر بوو، کە بڕیاری دا چەکی ئەتۆم بەدەست بهێنێت.

هێنری کیسینجەر لە نیویۆرك لەگەڵ نوێنەری عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان (تالیب شەبیب) کۆبووەوە، کە هەر ئەو بوو دوای سەردانە نهێنییەکەی بۆ بەغدا بناغەکانی ڕێککەوتنی جەزائیری دانا، بەم شێوەیە ڕێککەوتنی ٦ی ئازاری ١٩٧٥ بەرهەمی ئەو پیلانگێڕییە نێودەوڵەتییە بوو، وەك چۆن (ئێران و عێراق و ئوردن، میسر، جەزائیر) بەشدارییان لە دانانیدا کردووە، بە ڕێنمایی و پشتیوانیی ڕاستەوخۆی ئەمریکا.

ڕێککەوتنەکە لە سەرەتادا لە واشنتۆن داڕێژرابوو و لە جەزائیر ڕاگەیەندرا، دوای ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامانجەکانی لە لاوازبوونی دەسەڵاتی سەربازی و ئابووریی عێراقی بەدەست هێنا، هەروەها عێراقی ناچارکرد، سازش بۆ شای ئێرانی هاوپەیمانی ئەمریکا بکات لە ڕووبەرێکی زۆری خاکی عێراق لە شەتولعەرەب، هەروەها تێپەڕبوونی سنوور لە هێڵی دەریایی تالووك بۆ بەرژەوەندیی ئێران، ئەمریکا لە بەڵێنەکانی بۆ کورد پاشگەز بووەوە و بە تەواوی وازی لێ هێنان و لەو کاتەشدا ڕابەری مەزن مستەفا بارزانی گوتی: «هەزاران تەن مافی مرۆڤ بە بەرمیلێك نەوت دەفرۆشرێت».

لە ڕاپۆرتی لێژنەی (بایك)ی ئەمریکا سەبارەت بە هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ شۆڕشی کورد لەو کاتەدا بەم شێوەیە هاتبوو: «سیاسەتی ئێمە بێ ئەخلاقی بوو بەرانبەر بە کورد، نە هاوکاریان بووین و نە ڕێگەمان پێدان لە ڕێگەی دانوستان لەگەڵ حکومەتی عێراق کێشەکانیان چارەسەر بکەن، ئێمە هانمان دان و پاشان وازمان لێیان هێنا».

بەڵگەنامەیەکی (سی ئای ئەی) کە لە ٢٤ی ئازاری ١٩٧٤دا نووسراوە، دەڵێت: «نە ئێرانی هاوپەیمانمان و نە ئێمە خوازیاری ئەوەین کە پرسی کورد بە شێوەیەك لە شێوەکان چارەسەر بکرێت». لە میانی دیداری شاندێکی کوردی لەگەڵ کارمەندێکی نێردەی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، گوتی: «ئامانجی سیاسەتی ئێمە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس نییە، بەڵکو بۆ گۆڕینی سیاسەتەکەیەتی، ئەگەر سیاسەتەکەی بگۆڕێت، داوای لێ دەکرێت، سازش بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بکات».

کاتێك سەدام حسێن لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بە چەکی کیمیاوی هێرشەکانی

جینۆسایدی دەستپێکرد، بەڵگەنامە نهێنییەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەمریکا لەو بارەیەوە دەزانێت و تەنانەت لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا یارمەتیی سەدامی داوە لە بەرنامەی چەکەکانیدا، ئەمەش لە میانەی شەڕی ئێراندا بوو کە لە ساڵی ١٩٧٩دا ٥٢ ئەمریکی بە بارمتە گرتبوو و بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ دەستبەسەری کردبوون. ئەمریکا بڕێکی کەمتری چەکی تەقلیدیی نارد بەراورد بە کۆمپانیاکانی بەریتانیا و ئەڵمانیا، بەڵام یارمەتی دا لە هەناردەکردنی کەرەستەی بایۆلۆجی، لەوانەش ئەنتراکس و پێکهاتە پێویستەکانی چەکی کیمیایی.

شای ئێران بە ئەنوەر ساداتی سەرۆک کۆماری میسری گوت: «هەرگیز متمانە بە ئەمریکا مەکە، چونکە لەو کاتەدا من لەگەڵ هاوسەری کارتەر سەمام دەکرد، ئەویش لەگەڵ هاوسەرەکەم سەمای دەکرد، هەواڵگریی ئەمریکا لەگەڵ خومەینی هەماهەنگی دەکرد، بۆ ئەوەی لەناوم بەرێت».

لە دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت و هەڵمەتی تیرۆریستی و ڕووداوەکانی ١١ی ئەیلول و بێ توانایی ڕژێمە دەسەڵاتدارەکان بۆ جێبەجێکردنی ڕۆڵی خۆیان وەك پێویست، بۆشایی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بوو، ئەمریکاش کاندیدێك بوو بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بە شێوازی خۆی و بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی، بۆ گەڵاڵەکردنی پرەنسیپی نوێ لە ڕێگەی ڕاگەیاندننامەی ئەمریکییەوە کە لە ١٩٩١/٩/٤ دەرچووە، پابەندبوون بە پشتیوانیکردن لە سەروەریی یاسا و پرۆسەی دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە مافی نەتەوە و کەمینەکان و ڕێزگرتن لە یاسا نێودەوڵەتییەکان.

بڕیاری ئەمریکا بۆ جێبەجێکردنی «پەناگەی ئارام» بۆ کوردانی عێراق هەنگاوێکی ستراتیژیی نوێ بوو، بۆ گرنگیدانی زیاتر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەهۆی نەوت، ئاو، شوێن، ئیسرائیل، تیرۆر و ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کرابوون، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە باوەڕی ئەوە هەبێت، پرسی کورد لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە ژمارە و بەشێکە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا.

ستراتیژییەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بەند بوو بە پرسی ململانێی (عەرەب- ئیسرائیل)ەوە، بەڵام لە دوای هاتنی ئیدارەی نوێ لە ساڵی ٢٠٠٠ـەوە ئەم ستراتیژییە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و ململانێی عەرەبی و ئیسرائیل بە بەشێك لە پەرەسەندنەکانی بیرکردنەوەی ستراتیژی ئەمریکا دادەنرێت.

یەکەمیان: لەلایەن شارەزای ستراتیژیی ئەمریکی (پۆل مایکل فیبی) لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٠١دا پێشکەش بە سەرۆك بوش کرا، دوای ئەوەی گەشتێکی مەیدانیی لە ناوچەکەدا ئەنجام دا، بە یاوەریی سێ پسپۆڕی دیکە، ڕاپۆرتەکە بە ناونیشانی (دیدگای ستراتیژیی ئیدارەی نوێی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) بوو.

گرنگترین ئەوانەی ئاماژەیان پێ کراوە: هەرێمی کوردستان دەروازەی سەرەکییە بۆ عێراق، ئێرانیش تا کەنداو، لەوەوە گۆڕانکاری دێتە ئاراوە، گۆڕانکاری لە ئێران و عێراق و ناوەڕاستی ئاسیاوە دەست پێ دەکات، چونکە پێویستییەك هەیە بۆ گۆڕینی سیستمی ئەو وڵاتانە، گۆڕینیان بە سیستمگەلی نوێ، چونکە ڕژێمە کۆنەکان جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە ژێر ڕکێفی ڕووسیا، کە ئەمەش مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکان پێك دەهێنێت، فیبی داوا لە ئیدارەی نوێی ئەمریکا دەکات، کە ئازەربایجان و هەرێمی کوردستانی عێراق بکەنە بنکەیەکی پێشکەوتووی سەربازی ئەمریکی بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، بە هاوشێوەی قەتەر، بەتایبەتی کە ئەمریکا لە قۆناغی داهاتوودا توندتر دەست بەسەر عێراقدا دەگرێت، لەو پەیوەندییەدا فیبی داوای دڵنیاکردنەوەی تورکیای هاوپەیمان دەکات، سەبارەت بە پەیوەندیی لەگەڵ کوردانی عێراق و بنیادنانی سیاسەتێکی نوێی ئەمریکی بۆ گرتنەخۆی ئێران و عێراق، ئەمەش بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی پتەوی سەربازی بەرانبەر بە بەغدا، تاوەکو ڕژێمەکە دەڕووخێندرێت، ئەگەر

**فیبی داوا لە ئیدارەی نوێی ئەمریکا دەکات، کە ئازەربایجان و هەرێمی کوردستانی عێراق بکەنە بنکەیەکی پێشکەوتووی سەربازی ئەمریکی بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا**

**ڕەتکردنەوەی تورکیا لە بەشداریی چالاکانە لە شەڕی عێراقدا ساڵی ٢٠٠٣ بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕۆڵی هەرێمی کورد، دواجار گەشەی کرد بۆ گەڵاڵەکردنی سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە پرسی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق لە سەردەمی دوای سەدامدا**

**دوای بڕینی بودجە و مووچەی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە، ئەو دەنگانەی داوای جیابوونەوە و سەربەخۆیی ئابووری لە هەرێم دەکەن، زیاتر لە جاران زیادیان کردووە**

ئەمریکا نەتوانێت ئەو کارە بکات، پێویستی بە دانانی هەرێمی کوردستانی عێراقە کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیدارەیەکی مەدەنیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بێت بۆ ماوەیەکی ڕاگوزاری، وەك ئامادەکارییەك بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی هاوشێوەی ناوچەی کۆسۆڤۆ و ناوچەی تەیمووری ڕۆژهەڵات. ئەمەیە کە لە ڕاستیدا ڕووی داوە و پێشهاتێکی گەورەیە لە سیاسەتی کورد لەگەڵ ئەمریکا لە ڕێگەی پڕۆسەی پەناگەی ئارام و پاراستنی کوردانی عێراق و هەوڵدان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان لایەنەکانی بزووتنەوەی کورد و، پێشوازیکردن لە سەرکردە سیاسییەکانی کورد و سپۆنسەرکردنی کۆنفرانسێك بۆ ناساندنی کورد لە سەنتەری بارزانی، لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن لە ١٨ی نیسانی ٢٠٠٠ بە ئامادەبوونی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم.

ڕیچارد پێرلێ ڕاوێژکاری وەزارەتی بەرگری، یەکێك بوو لەو کەسانەی زۆر ڕژد بوو بۆ بەردەوامبوون لە گۆڕانکاریی دیموکراسی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕێی گرتنەبەری هەموو ئامرازێکەوە، بە ئامرازی سەربازییشەوە، هەروەها هیچ کەسێك لەمە بەدەر ناکات، بەتایبەتی ئێران و سووریا و عەرەبستانی سعودیە، ئەمەش پەیوەست دەکات بە بەدەنگەوەهاتنی مافەکانی کورد، ئەمە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی وەزارەتی بەرگرییە و هەندێك پێی دەڵێن «موحافیزکارە نوێیەکان»، سەرەڕای بوونی بۆشایی لە هەڵوێستەکانی بەرانبەر بە پرسی کورد و پێناسەنەکردنی مافەکانی.

ستڕۆب تالیۆت، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بابەتێکی بەناونیشانی «مافی چارەی خۆنووسین لە جیهانێکی پشتبەخۆبەستوو» نووسی، ئەو ددان بە بوونی پرسە نەتەوەییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیادا دەنێت، کە ئازادییان دەوێت، چونکە ئەوان زۆرینەن لە ناوچەکانیان و کەمینەیەکن لە وڵاتەکانیان و ئەمەش کورد دەگرێتەوە و، ددانیش بەوەدا دەنێت کە ئەمریکا هیچ چارەسەرێکی ئامادەی نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جۆرە پرسانەدا.

**• دیدگای سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ پرسی کورد:**

شەڕی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١ پەیوەندیی کارلێککاری نێوان ئەمریکا و کوردانی عێراقی زیاتر کرد و لە ساڵی ١٩٩٢دا گۆڕا بۆ پەیوەندیی فراوان و فەرمی و گشتی، لە دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەر گەیشتە لووتکە، ئەمریکا بینی کە بەستنی پەیوەندیی سەقامگیر و دامەزراوەیی لەگەڵ کورد گرنگییەکی ستراتیژی هەیە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا، بەو پێیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی نیمچە سەربەخۆ، سەربەخۆتر لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا ڕەفتاری دەکرد، هەروەها ڕەتکردنەوەی تورکیا لە بەشداریی چالاکانە لە شەڕی عێراقدا ساڵی ٢٠٠٣ بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕۆڵی هەرێمیی کورد، دواجار گەشەی کرد بۆ گەڵاڵەکردنی سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە پرسی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق لە سەردەمی دوای سەدامدا .

واژۆکردنی تاکلایەنەی گرێبەستی نەوت لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان، لەوانەش ئەمریکا، هەروەها ڕۆڵی هەرێمی و نێودەوڵەتیی کورد، ئاماژەیە بۆ سەرەتای ددانپێدانان بە ڕۆڵی دینامیکی و ژیانی ئەوان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، کە لەلایەن ئەمریکا و هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانەوە پاڵپشتی دەکرێت.

نوح فێڵدمان مامۆستای یاسا لە زانکۆی نیویۆرك دەڵێت: «کورد پێمان دەڵێن ئێمە هاوپەیمانی ڕاستەقینەی ئێوەین، تاکە کەسانێکن لە عێراقدا کە بەڕاستی خۆشمان دەوێن و ڕێز لە بەهاکانتان دەگرین»، لای خۆیەوە ئەمریکا بە شێوەیەکی نادیار دەڵێت: «ئێمە هێزی ئێوەمان دەوێت». ڕیچارد باوچەر وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دووپاتی کردەوە کە لە ٩ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٤دا جەختی لە دۆستایەتیی نێوان هەردوو گەلی کورد و ئەمریکا کردەوە و ئاماژەی بەوەدا کە «کورد بەشداریی لەو هەوڵانەدا کرد کە بوونە هۆی ڕزگارکردنی عێراق». ئەلێکس ئۆلتینۆی شارەزای سیاسی دەڵێت: «زۆرجار دەگوترێت سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان ئەوەندە سنووردارە کە هیچ دەستکەوتێکی لێ بەدەست

**هەوڵەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ڕێگریکردن لە ڕێکخراوی داعش لە هەرێمی کوردستان دەستی پێ کرد، بووە هۆکاری دوو سەرکەوتنی گرنگ، یەکەمیان لە بەنداوی مووسڵ و دووەمیان لە گوندی ئامرلی**

**بە بێ هاوکاری لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، نەهێشتنی داعش هەوڵێکی فراوانتری نێودەوڵەتی و کاتێکی زیاتر و تێچووی زیاتری دەویست**

**هۆشدارییەکانی سەرکردایەتیی کوردستان و خودی سەرۆک مسعود بارزانی کە دەڵێت «عێراق بە خێرایی بەرەو حوکمی دیکتاتۆری هەنگاو دەنێت»، لەلایەن واشنتۆنەوە گوێی پێ نەدرا**

ناهێنرێت»، بەڵام هاری شوت راوێژکاری باڵای ئەمریکا کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێیە راشکاوانە گوتی: «فراوانبوونی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان پەیوەستە بە بەردەوامیی هێرشەکانی داعش بۆ سەر هەرێم»، ئاماژەی بەوەشکرد کە دوای بڕینی بودجە و مووچەی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە، ئەو دەنگانەی داوای جیابوونەوە و سەربەخۆیی ئابووری لە هەرێم دەکەن، زیاتر لە جاران زیادیان کردووە، بەڵام شرۆڤەکاران و پسپۆڕانی کاروباری سیاسی بە هاتنی داعش و پشتیوانیی سەربازیی جیهانی بۆ هەرێمی کوردستان، پێیان وایە ڕێگەخۆشکەرە بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لەلایەن هەرێمەوە. شرۆڤەکاری سیاسی و شارەزا ڕایان کرویزیس ڕایدەگەیەنێت دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان پێگەی خۆی قایم کردووە، ڕوونیشی کردەوە، کە هەرێمی کوردستان ئێستا زیاتر لە ملیۆنێك و ٧٠٠ هەزار ئاوارە و پەنابەر داڵدە دەدەن، ژمارەکەش ڕوو لە زیادبوونە، هەروەها بوونی زیاتر لە ٣٥ کونسوولخانە و نوێنەرایەتیی دەوڵەتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان، هاوکات ڕووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە لەگەڵ چەکدارانی داعش، هەموو ئەم شتانە هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لە دیدی سیاسەتی دەرەوەی هەموو وڵاتانی جیهان.

● **ڕۆڵی کورد لە تێکشکاندنی داعش:**

هەوڵەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ڕێگریکردن لە ڕێکخراوی داعش لە هەرێمی کوردستان دەستی پێ کرد، بووە هۆکاری دوو سەرکەوتنی گرنگ، یەکەمیان لە بەنداوی مووسڵ و دووەمیان لە گوندی ئامرلی، جێگای سەرنجە هێزەکانی پێشمەرگەی بەهێزی کوردستان زۆر بە خێرایی ڕووبەڕووی هێرشە کتوپڕەکەی داعش بوونەوە لە سەرەتای مانگی ئابدا و، نەرمی و ئامادەیی خۆیان بۆ ئاسانکاری بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا و هێزەکانی حکومەتی عێراق نیشان دا، بە بێ هاوکاری لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، نەهێشتنی داعش هەوڵێکی فراوانتری نێودەوڵەتی و کاتێکی زیاتر و تێچووی زیاتری دەویست. هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان فاکتەرێکی گرنگە بۆ بەرژەوەندییە بەرفراوانەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، لەوانەش ئامادەیی بۆ هەناردەکردنی ئەو نەوتەی لە ناوچەکانیدا بەرهەم دێت بۆ بازاڕە جیهانییەکان، ڕەنگە لە هەمووی گرنگتر کورد توانای کۆنترۆڵکردنی خاك و شەڕی تەکفیرییەکان و کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچەیەیان هەیە کە پێشبینی دەکرێت، بنکە سەربازییەکانی تێدا دابمەزرێن، چونکە سیاسەتەکەی بەندە بە هێزەکانی ناوخۆ و فرۆکەوانیی ئەمریکایی و کۆمەڵێك شارەزا، یان هێزی ڕەمزیی سەربازی، وەك شارەزا و ڕاهێنەر، ئەمریکاش زیاتر لە هەموو لایەنەکانی دیکە متمانەیان پێ دەکات، هەر وەك کریستین کارێل توێژەری ناسراوی ئەمریکا لە ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز لە وتارێکدا دەڵێت: «کورد لە دامەزراندنی دەوڵەتەکەی خۆی نزیك دەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئایا ئەمریکییەکان پشتگیری لە بوونی دەوڵەتێکی لەو شێوەیە دەکەن لەسەر نەخشە؟»

● **سیاسەتی ئەمریکا لە دوای ڕیفراندۆم:**

کاتی خۆی سەرۆك ترامپ ڕووبەڕووی کۆمەڵێك بابەتی پەیوەندیدار بە دۆسێی کورد بووەوە لە هەموو بەشەکانی کوردستان، لە عێراقدا پرسی سەربەخۆیی لە هەموو کاتێك نزیکتر بوو، کوردیش دەستبەرداری ئەو مافە نابن لە سایەی گونجاوترین هەلومەرج و ئەو قوربانییە مرۆییە گەورەیەی دایان، هەروەها پرسی ئەو ناوچانەی کە لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە ئازاد کران، پێویستی بە دانپێدانانی ئەمریکا بوو، بەوەی کە بوونی هێزەکانی کوردی لەو ناوچانە مافی خۆیان بووە، کوردیش چاوەڕێی پاڵپشتیی ئەمریکا بوون لە مەسەلەی هەناردەکردنی نەوت بۆ دەرەوەی سنوورەکانی هەرێم، یان ساغکردنەوە و فرۆشتنی لە بازاڕەکانی ئەمریکا.

لەگەڵ هاتنی ئیدارەی نوێی ئەمریکا هەستێکی گەشبینی لە شەقامی کوردیدا هاتە ئاراوە، کورد هیواخواز بوو، سەرۆك ترەمپ ئەو هەڵە ستراتیژییە ڕاست بکاتەوە کە ڕۆژئاوا تێی

**بەرپرسانی کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی بەرگری و باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا، پەلەیان کرد بۆ دەرکردنی لێدوانی یەک لە دوای یەک، بۆ ئەوەی کورد پاشگەز بکەنەوە لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، یان لانیکەم دوای بخەن**

**چەند جارێک لە واشنتۆن پێشوازی لە مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم کرا، وەک چۆن پێشوازی لە سەرۆکی دەوڵەتان دەکرێت، تەنانەت بە میوانداریيەکی زیاتریشەوە**

**حەیدەر عەبادی نەیدەوێرا هێرش بکاتە سەر کەرکووک، ئەگەر گڵۆپی سەوزی واشنتۆنی بۆ نەهاتبایە، ئەمریکییەکانیش بێدەنگ بوون، ئێستاش بێدەنگن، بەرانبەر دوژمنایەتیی وڵاتانی دراوسێ بۆ کورد**

**ئەمریکییەکان دەڵێن، دەستووری عێراق زۆرێک لە مافەکانی کورد دەستەبەر دەکات و هەموو ئەو ناکۆکییانەی لە نێوان هەولێر و بەغدا هەن، بە پەنابردن بۆ دەستوور چارەسەر دەکرێن**

**ئەمریکا هەوڵ دەدات، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای داعش ڕێک بخات، عێراقیش کلیلی ڕۆژهەڵاتە، چونکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دڵی جیهانە، هەرکەسێک کۆنترۆڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات، هەموو جیهان کۆنترۆڵ دەکات**

کەوت، کاتێك ڕێگرییان لە پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی کرد لە سەدەی بیستەمدا، کە ددان بە نەخشەی دەوڵەتی کوردیدا بنێت، چونکە ئەوەیە کە ئایندەیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دیاری دەکات، بەڵام لەوەتەی باراك ئۆباما سەرۆکی پێشووی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١١ـەوە فەرمانی کشانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە عێراق دەرکرد، ئیدارەی ئەمریکا سەدان ملیار دۆلاری بۆ پڕچەککردن و مەشق پێکردنی (هێزە ناوخۆییەکانی عێراق) خەرج کردووە، کە پێشتر و ئێستاش هەن، هۆشدارییەکانی سەرکردایەتیی کوردستان و خودی سەرۆك مسعود بارزانی کە دەڵێت «عێراق بە خێرایی بەرەو حوکمی دیکتاتۆری هەنگاو دەنێت»، لەلایەن واشنتۆنەوە گوێی پێ نەدرا، لە ڕاستیدا ئەمریکییەکان پێداگر بوون لەسەر بەستنەوەی دابینکردنی هاوکاری بۆ هێزی پێشمەرگە بە ڕەزامەندیی دەسەڵاتدارانی بەغدا، کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەستیان بەسەر ئەو بارانەدا دەگرت کە بۆ کوردستان تەرخان کرابوون، ئەمەش بووە هۆی ناهاوسەنگیی سەربازی بۆ بەرژەوەندیی هێزە عێراقییەکان، تەواویش ڕوونە کە ستراتیژیەتی ئەمریکا لە عێراق بە زۆر شکستی هێنا، چونکە عێراق لە پێشەنگی لیستی دەوڵەتە شکستخواردووەکانە لە ڕووی گەندەڵی و ئاسایش و سەروەرییەوە.

هەڵوێستی ئەمریکا دەربارەی ئەو پێشهاتە دراماتیکییانەی کە کوردستانی عێراق لە دوای ٢٥ی مانگی ئەیلولی ساڵی ڕابردووەوە (دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم کە زیاتر لە ٩٢٪ی خەڵکی کوردستان دەنگی تێدا دا)، شۆکێکی بەهێز و ساتێکی ڕاستی بوو بۆ هەموو ئەوانەی ئاگاداری پەیوەندییەکانی ئەمریکا و کورد بوون لە ٢٥ ساڵی ڕابردوودا، لە زانینی هەڵوێستی ئەمریکا لەهەمبەر دۆزی خۆیان و خواستەکانیان، بەڵام ئەوەی ڕووی دا، بەرپرسانی کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی بەرگری و باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا، پەلەیان کرد بۆ دەرکردنی لێدوانی یەك لە دوای یەك، بۆ ئەوەی کورد پاشگەز بکەنەوە لە ئەنجامدانی ریفراندۆم، یان لانیکەم دوای بخەن.

کاتی خۆی تیلەرسۆن وەزیری دەرەوە ڕایگەیاند: «دەنگدان و ئەنجامەکانی ریفراندۆم شەرعییەتیان نییە، ئێمەش بەردەوامین لە پشتیوانیکردنی عێراقێکی یەکگرتوو و دیموکراسی و فیدراڵی و گەشەسەندوو»، سەرەڕای ئەوەی جەختی لەوە کردەوە کە کورد هاوپەیمانێکی جێی متمانەیە، گەورەترین کونسوولخانەی ئەمریکاش لە هەولێرە. لە ساڵانی دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆریی سەدام حوسێن، کوردستانی عێراق بووبووە شوێنی دیدەنی و سەردانەکانی سیاسەتمەداران و یاسادارێژەرانی باڵای ئەمریکا، لەوانە وەزیرەکانی بەرگری و دەرەوە، هەروەها ئەندامانی دیاری کۆنگرێس، لە نێویاندا جۆ بایدن جێگری سەرۆکی ئەمریکا، کە زیاتر لە جارێك سەردانی هەولێری پایتەختی کوردستانی کردبوو، چەند جارێك لە واشنتۆن پێشوازی لە مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم کرا، وەك چۆن پێشوازی لە سەرۆکی دەوڵەتان دەکرێت، تەنانەت بە میوانداریەکی زیاتریشەوە، هەروەها ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆك وەزیرانی تورکیا وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازیی کرد، نەك وەك (سەرۆکی حزبێك، یان هۆزێك)، هەر وەك لە ساڵی ٢٠٠٧دا پێشوازی لێ کرا.

کەواتە چی ڕوویدا کە ئەمریکا بەم شێوازە شەرمەزارئاسایە پشتی لە کورد کرد لە کاتی یەکەمین پێکدادانی ڕاستەقینەیان لەگەڵ ئێراندا، حاکمی دیفاکتۆی عێراق، تەنانەت ئەگەر لە ژێر پەردەی دامودەزگاکانی عێراقیدا حوکمڕانی بکات، تەنانەت حەیدەر عەبادی نەیدەوێرا هێرش بکاتە سەر کەرکووك، ئەگەر گڵۆپی سەوزی واشنتۆنی بۆ نەهاتبایە، ئەمریکییەکانیش بێدەنگ بوون، ئێستاش بێدەنگن، بەرانبەر دوژمنایەتیی وڵاتانی دراوسێ بۆ کورد لە عێراق، ئێران، تورکیا و سووریا، کە گەمارۆیەکی توندی وشکانی و ئاسمانیيان بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاند و، هەڵوێستی «بێلایەنی»یان گرتەبەر، داوایان لە هەردوولا دەکرد «ددان بە خۆیاندا بگرن و بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان پەنا بۆ گفتوگۆ ببەن».

ئەو ڕاستییە تاڵەی کە دەبێ بیزانین ئەوەیە کە کورد بە سادەیی بوونە قوربانی ململانێکانی نێوان ناوەندەکانی دەسەڵاتی ناو ئیدارەی ئەمریکا،

لە نێوان دوو ڕەوتدا: ڕەوتێکی لایەنگری کورد کە دامەزراوەی سەرۆکایەتیی نوێنەرایەتی دەکات، هەروەها بەشێکی زۆر لە وەزارەتەکانی بەرگری و ئاسایشی نەتەوەیی لەلایەک و، لە نێوان وەزارەتی دەرەوە کە تا ئێستاش ناوەندەکانی بڕیاردان لەژێر کۆنترۆڵی فەرمانبەرانی ئیدارەی ئۆبامادایە، بەتایبەت مەکگۆرک کە بە پەیوەندییە نزیکەکانی لەگەڵ ئێران ناسراوە.

ستوارت جۆنز، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق ڕایگەیاند: «هیچ شتێکی شاردراوە لە هەڵوێستی ئەمریکادا نییە لەسەر ئەم پرسە، ئەمریکا لە بەهاری ڕابردووەوە داوای لە کورد و سەرۆک مسعود بارزانی کردووە کە ڕیفراندۆم نەکەن، چونکە لە بەرژەوەندیی کوردستان و عێراقدا نەبووە، دراوسێکان بۆ ئەمە ئامادە نەبوون پاڵپشتیی بیرۆکەی ڕیفراندۆم بکەن، ئەمریکییەکان دەڵێن، دەستووری عێراق زۆرێك لە مافەکانی کورد دەستەبەر دەکات و هەموو ئەو ناکۆکییانەی لە نێوان هەولێر و بەغدا هەن، بە پەنابردن بۆ دەستوور چارەسەر دەکرێن، کوردیش تا ڕادەیەکی زۆر ددان بەوەدا دەنێن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان سکاڵایەکی لەبارەی پێشێلکارییە دەستوورییەکانی بەغدای پێشکەش کرد، کە پەنجا پێشێلکاریی تێپەڕاند، دیارترینیان پێشێلکردنی پرەنسیپی تەوافوقی وەك ڕێگەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق، پشتگوێخستنی بەئەنقەستی ماددەی ١٤٠ و کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، ئەو ماددەیەی تایبەتە بە پشکی کوردستان لە بودجەی دەوڵەت کە بڕی ١٧٪ بوو، کە بۆ ١٢/٦٧٪ کەم کرایەوە و خەرجکردنی مووچەی پێشمەرگە وەك بەشێك لە سیستمی بەرگری و زۆر و زۆرتریش، بەڵام ئەمریکا بێگومان لای بەغدای گرت، چونکە مەبەستی بوو هەموو عێراق بە هەرێمیشەوە، لە سایەی حکومەتێکی یەکگرتووی عێراقی و خاوەن سەروەریدا بێت، هەر لێدوانێك بە پێچەوانەوە بەو مانایەیە کە پشتگیریی جیابوونەوەی کوردستان دەکات و پەیامێکی هەڵە بۆ حکومەتی فیدراڵی دەنێرێت، چونکە هەر لادانێك لە پشتیوانیی تەواو بۆ بەغدا لە کاتێکی تەواو نەگونجاودا زیاتر دەیخاتە باوەشی ئێرانەوە، هەروەها ئەمریکا هەوڵ دەدات، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای داعش ڕێك بخات، عێراقیش کلیلی ڕۆژهەڵاتە، چونکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دڵی جیهانە، هەرکەسێك کۆنترۆڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات، هەموو جیهان کۆنترۆڵ دەکات.

هەندێك کەس حەقیانە پرسیار بکەن، بۆچی ئەمریکا ڕێگەی بە هەڵوەشاندنەوەی یوگۆسلاڤیا و کۆسۆڤۆ دا وەك دەوڵەتی سەربەخۆ، بەڵام ڕێگە بە دەوڵەتی کوردستانی نادات؟ هۆکارەکەی ئەوەیە کە یەکێکیان خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکات، لە کاتێکدا ئەوی دیکەیان نایکات. جارێکیان هێنری کیسینجەر گوتی: «ئەمریکا نە دۆستی هەیە و نە دوژمن، تەنیا بەرژەوەندی هەیە».

هەروەها ئەمریکا پێی وایە بۆ مەبەستی لێکنزیکبوونەوەی سعودیە و عێراق دەبێت هەرێمی کوردستان لاواز بکرێت، عەبادی کاتی خۆی بە ئەمریکییەکانی گوتبوو، ئەگەر بمانەوێت لەگەڵ سعودییەکان کار بکەین، دەبێت هەرێمی کوردستان بۆ هەمیشە لاواز بکەین و بیگەڕێنینەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٣.

لە کۆتاییدا کورد نابێت ڕێگە بدات سۆز بەسەریدا زاڵ بێت، چونکە ئەمریکا بە خێرایی دەستبەرداری ئەو خەڵکە دەبێت کە دژی دوژمنی هاوبەش شەڕیان کردووە و گیانیان بەخشیوە، «ئەمریکا هیچ دۆستێکی نییە، تەنیا بەرژەوەندی هەیە»، ئەوانە بەرژەوەندییان لە باکووری سووریا هەیە، نەك لەبەر ئەوەی شوێنێکە عەلمانییەت و دیموکراسی تێیدا زاڵە، کۆمەڵکوژییەکانی عەفرین نموونەن و ئەوەی لەم دواییانەدا لە کەرکووك ڕووی دا و بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بەبێ ئەوەی ئەمریکا هەڵوێست وەربگرێت، باسی شتێکی دیکە دەکات. جۆن ئێف کێنێدی و فرانکلین دیلانۆ ڕۆزڤێڵت پێشتر دەیانگوت: «ئەو بەها و بنەمایانە لە ئەمریکادا نین، ئەگەر هەشبن، ئەوا لە بازنەکانی بڕیاردان لە نزمترین ئاستی خۆیدایە، ئێمە چاوەڕێی دەرئەنجامی ڕووداوگەلەکانی ئەمریکاین لە ناوچەکەدا بۆ بەرژەوەندیی مافە ڕەواکانی کورد، زانراویشە کە جگە لە کورد هیچ هاوپەیمانێکیان لە ناوچەکەدا نییە.

**عەبادی کاتی خۆی بە ئەمریکییەکانی گوتبوو، ئەگەر بمانەوێت لەگەڵ سعودییەکان کار بکەین، دەبێت هەرێمی کوردستان بۆ هەمیشە لاواز بکەین و بیگەڕێنینەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٣.**

**کورد نابێت ڕێگە بدات سۆز بەسەریدا زاڵ بێت، چونکە ئەمریکا بە خێرایی دەستبەرداری ئەو خەڵکە دەبێت کە دژی دوژمنی هاوبەش شەڕیان کردووە و گیانیان بەخشیوە**



موحسین عەلی ئەکبەر مەندەلاوی

جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# سەرۆک بارزانی هەمیشە پشتیوان و داکۆکیکاری مافەکانی کوردی فەیلی بووە

**کوردانی فەیلی یەکەمین قوربانیی دەستی ڕژێمی بەعسن کە لە ساڵی ١٩٧٨ بەر شاڵاوی کۆمەڵکوژی و ژینۆساید کەوتن و، زۆر بە دڕندانە لاوەکانیان دەستگیر کران و دوور خرانەوە بۆ باشووری عێراق و لەوێ چەکی بایۆلۆژی و کیماوییان لەسەر تاقی کرایەوە، هەروەها بەپێی بریارێکی مەجلیسی سەورەی عێراق چەندین خێزان کە « ژنەکە یان پیاوەکە» کوردی فەیلی بوون لەبەر یەك هەڵوەشێنران و، هەرچی ماڵ و موڵکیان لە شارەکانی دیالە و بەغدا و.. هتد، دەستی بەسەردا گیرا و، ئەوەشی مانەوە بە بیانووی «التبعية الايرانية» ڕەوانەی ئێران کران و ئاوارە بوون. موحسین عەلی ئەکبەر مەندەلاوی کوردێکی فەیلییە ئێستا جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە و لەم دیمانە تایبەتەی گوڵاندا، باس لەو نەهامەتی و ڕەفتارە دڕندانە دەکات، کە ڕژێمی بەعس بەرانبەر بە کوردانی فەیلی ئەنجامی داوە، هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، نەتوانرا وەك پێویست مافەکان بۆ کوردانی فەیلی بگێڕدرێتەوە، بەڵام بەردەوام سەرۆك مسعود بارزانی پێداگری لەسەر گێڕانەوەی مافەکانی کوردی فەیلی کردووە و ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.**

**رژێمەکانی پێشتر بە گشتی و رژێمی بەعسی پێشوو بە تایبەتی، بە بیانووی نەبوونی رەگەزنامەی عێراقی مافی هاووڵاتیبوونیان لە کوردی فەیلی زەوت کردبوو**

*** لە مێژووی عێراقدا زۆر جاران کەمینە نەتەوەیی و ئیتنی و ئایینیەکان ڕووبەڕووی پێشێلکاریی دڕندانە بوونەتەوە، یەکێك لەو پێکهاتانەی ڕووبەڕووی تاوانی دڕندانە بوون، کوردانی فەیلی بوون، ئایا ئەو تاوانە دڕندانە چی بوون کە دەرهەق بە کوردی فەیلی ئەنجام دران؟**

- بۆ هەموو لایەك ئاشکرایە، کوردی فەیلی ڕووبەڕووی تاوان و پێشێلکاریی گەورە بوونەوە و چەندین تاوانی دڕندانەشیان لە دژیان ئەنجام دراوە، لەوانە کوشتن، گرتن و بێسەروشوێنکردن، ڕاگواستن، ئاوارەبوون، دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و موڵکی گواستراوە و نەگواستراوە، دەست بەسەرداگرتنی بەڵگە و دیکۆمێنتە فەرمییەکان و لێسەندنەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی، ڕژێمەکانی پێشتر بە گشتی و ڕژێمی بەعسی پێشوو بەتایبەتی، بە بیانووی نەبوونی ڕەگەزنامەی عێراقی مافی هاووڵاتیبوونیان لە کوردانی فەیلی زەوت کردبوو، حکومەتی عێراق تەنیا بە ڕاگواستنیان دەستی هەڵنەگرت، بەڵکو بە هەزاران لاوی کوردی فەیلی زیندانی کرد و هەتا ئێستاش بە هەزاران لاومان بێ سەرشوێنن، ئەمەش وەك دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بڕیاری لەسەر داوە، ئەوەی ڕژێمی سەدام دژی کوردی فەیلی ئەنجامی داوە، بە هەموو پێوەرێکی مرۆیی و نێودەوڵەتی تاوانی کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدە.

*** لە سەردەمی ڕژێمی بەعس و سەدام، بەشی هەرە زۆری خێزانەکانی کوردی فەیلی بە زۆرەملێ ڕاگوێزران، ئایا بە چ بیانوویەك ڕژێمی پێشوو ئەم تاوانەی دژی کوردانی فەیلی ئەنجام دا؟**

- بە حوکمی ئەوەی کوردانی فەیلی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە و هاوسنووری ئێران نیشتەجێبوون و سەر بە مەزهەبێکی دیاریکراو بوون، بۆیە ڕژێمی پێشوو بوختانی

تاوانی «التبعیة الایرانیة»ی بۆ هەڵبەستن، هەر بۆیە لەسەر و بەندی شەڕی عێراق – ئێران، ئەمەی کردە بیانوویەك بۆ کوشتن و ڕاگواستنی زۆرەملێی کوردانی فەیلی. ڕژێمی بەعس هەر لە گەیشتنیان بە دەسەڵات تاوان و پێشێلکارییان دژی کوردانی فەیلی ئەنجام داوە و دوای ئەوەش لە ساڵی ١٩٧٠ شاڵاوێکی کۆمەڵکوژی و دوورخستنەوەی بە زۆری دژی کوردانی فەیلی ئەنجام داوە، دواتر ئەم ڕژێمە شۆڤێنی و دڕندەیە لە درێژەی حوکمڕانییەکەیدا بە شێوەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا، تاوانەکانی دژی کوردی فەیلی ئەنجام دا، کە ئەمەش پێشێلکارییەکی ئاشکرای هەموو یاسا و پێوەرەکانی مافی مرۆڤ بوو، کە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکان و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و دەستووره نیشتمانییەکان ئاماژەیان پێ کراوە.

*** ئایا لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و ڕووخانی ڕژێمی بەعس، نەهامەتییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کوردانی فەیلی چارەسەر کراون؟**

- وەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، تاوانی زۆر گەورە و دڕندانە دژی کوردانی فەیلی ئەنجام دراون، دەرهاویشتەی خراپی ئەم تاوانانە گەورەن، یەکێك لەوانە پەڕاگەندەبوونە لە تاراوگە و دەوڵەتان، بێبەشبوونە لە هەلی خوێندن، کاریگەری ئابووریی زۆر گەورەش هەیە، لەبەر ئەوەی موڵك و ماڵیان لەدەست داوە و دەستی بەسەردا گیراوە، ناسنامەی نیشتمانییان لێ زەوت کراوە، ئەمە لە کاتێکدا پێشتر کوردانی فەیلی بە بڕبڕەی پشتی ژیانی ئابووری لە عێراق دادەنران، ئەمە بێجگە لە ڕۆڵی کاریگەریان لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و کەلتووری لە عێراقدا، هەر بۆیە ئەم تاوانی کۆمەڵکوژییەی دژی کوردانی فەیلی ئەنجام دراوە، لە ئێستا و ئایندەشدا دەرهاویشتەی زۆر نەرێنیی سیاسی و کەلتووری لەسەر ژیانی کوردی فەیلی دەبێت. بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ لەگەڵ ئەوەی زۆر بڕیار دەرچوون کە دەکرێت، بڵێین تارادەیەك ویژدانی تێدا بوو بەرانبەر ئەو غەدرانەی لە کوردی فەیلی کرابوون، بەڵام ئەم هەوڵانە بە هۆی ئەو بارودۆخەی عێراق تێی کەوت و بۆ ماوەی چەند ساڵێك ڕووبەڕووی شاڵاوێکی دڕندانەی تیرۆریستان بووەوە، ئەمەش هەموو توانای وڵاتی ئیفلیج کرد و بۆ چەندین ساڵ بارودۆخێکی ناسەقامگیری لە سەرتاسەری عێراق دروست کرد، بۆیە هەوڵەکانیش بۆ گێڕانەوەی مافەکانی کوردی فەیلی بەرهەمێکی ئەوتۆی نەبوو، ئەمە بێجگە لەوەی کە چەندین کەسی شۆڤێنی بەعسی کە بیروبۆچوونی نەخۆشیان هەیە و دووبارە گەڕانەوە ناو دامەزراوەکانی دەوڵەت، ئەمانە بوونەتە ئاستەنگ بۆ گێڕانەوەی مافی کوردانی فەیلی، لایەنێکی دیکە دەستتێوەردانی گەورەی لایەنە سیاسییەکانە بە بیانوونی بەرگریکردن لە مەزڵوومییەتی کوردی، ئەمەش بووە بەشێك لە بەربەستەکە، ئەوجا بە مەبەست، یان بێ مەبەست، بوونە هۆکاری نەبوونی یەکڕیزیی کوردی فەیلی و قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکان لەنێوان کوردانی فەیلیدا، ئەمەش هەوڵەکانی کوردی فەیلی لە ئاستی داواکارییەکان لاواز کرد و نەیانتوانی مەرجەعییەتێکی بەهێز بۆ ئەم مەبەستە پێکبهێنن، ئەم هۆکارانە بوونە ڕێگر کە نەتوانین بەرەوپێشەوەچوونێکی جددیمان هەبێت و ئەو کاریگەرییە نەرێنییانە لاببەین کە کوردی فەیلی بە دەستیانەوە دەناڵێنێت.

*** ڕەنگدانەوەی پرۆسەکانی کۆمەڵکوژی دژی کوردی فەیلی لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان چی بووە؟ ئایا ئەو ئەرکانە چین کە پێویستە دەسەڵاتی فیدڕاڵی بەرانبەر کوردی فەیلی بیانگرێتەبەر؟**

- پێموایە بە شێوەیەکی زمنی لە قسەکانی پێشوومدا وەڵامی ئەم پرسیارەم دابێتەوە، بەڵام ئەوەی دەبێت ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە کوردی فەیلی وەك نەتەوە کوردن، وەك مەزهەب شیعەن، ئەمە سەرباری ئەوەی زۆربەیان مەدەنی و شارنشینن و یەکێکن لە دانیشتووانە هەرە دێرینەکانی بەغدا و شارەکانی دیکە، هەر بۆیە لەسەر ئینتیمای نەتەوەیی و مەزهەبی چەوسێندراونەتەوە، ئەمە بێجگە لە فرەیی فیکر و کرانەوەیان بەسەر هەمووانda، بە جۆرێك کوردی فەیلی بوونەتە ڕایەڵەیەکی کۆمەڵایەتی و هەموو پێکهاتە سەرەکییەکانی گەلی عێراق پێکەوە گرێ دەدەنەوە و، دەبنە بنەمایەکی سەرەکی بۆ پێکهێنان و یەکگرتوویی ناسنامەی

**بە هەزاران لاوی کوردی فەیلی زیندانی کرد و هەتا ئێستاش بە هەزاران لاومان بێ سەرشوێنن**

**وەک دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بڕیاری لەسەر داوە، ئەوەی ڕژێمی سەدام دژی کوردی فەیلی ئەنجامی داوە، بە هەموو پێوەرێکی مرۆیی و نێودەوڵەتی تاوانی کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدە**

**ئەم تاوانی کۆمەڵکوژییەی دژی کوردانی فەیلی ئەنجام دراوە، لە ئێستا و ئایندەشدا دەرهاویشتەی سیاسی و کەلتووری زۆر نەرێنیی لەسەر ژیانی کوردی فەیلی دەبێت**

**چەندین کەسی شۆڤێنی بەعسی کە بیروبۆچوونی نەخۆشیان هەیە و دووبارە گەڕانەوە ناو دامەزراوەکانی دەوڵەت، ئەمانە بوونەتە ئاستەنگ بۆ گێڕانەوەی مافی کوردانی فەیلی**



نیشتمانی عێراقی، هەر بۆیە دەبوو، ئەم تایبەتمەندییە لەسەر هەموو لایەنە عێراقییەکانی فەرز بکردایە، کە کاربکەن بۆ پشتگیری لە کێشەی کوردی فەیلی، ئەم پشتگیرییە دەبووە پشتگیری بۆ عێراق و عێراقییەکان بە هەموو ئینتماکانیەوە و بە بێ ئەوەی سەیری ئینتیمای تەسك بکرێت، لەم بوارەدا کوردانی فەیلی لە توانایاندا هەیە، ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی بگێڕن بۆ کۆکردنەوەی هەموو لایەنە جیاواز و پێکناکۆکەکانی عێراق، بەڵام بەداخەوە ئەم ئاراستەیەمان لەلای هەموو لایەنەکان بە بێ جیاوازی نەدی.

*** ئایا ئەولەوییەتی کوردی فەیلی ئینتیمای نەتەوەییە، یان ئینتیمای مەزهەبی؟**

- لە نێوان ئینتمایی نەتەوەیی و مەزهەبی، یەکێکیان هەڵنابژێردرێت، لەبەر ئەوەی ئەم ئینتیمایانە لەگەڵ مرۆڤ و ژینگە و کۆمەڵگە کە تیایدا لەدایك دەبێت، دروست دەبن، هەر بۆیە نەتەوەیەك، یان گردبوونەوەیەکی مرۆیی لەسەر ئەم زەمینە بوونی نییە، بە بێ ئینتیمایەکی ئایینی و مەزهەبی، یان فیکری، هەموو ئەمانە بە دیدی من دەبێت ڕێزیان لێ بگیرێت، بۆ ئەوەی پێکەوەژیانی ئاشتییانە دروست بکەین، بۆیە هیچ بوارێك نییە بۆ ئەوەی یەکێکیان بخەیتە پێش ئەوی دیکەیان، وەك ئاشکراشە ئەو کۆمەڵگەیانەی فرەیی فیکری و نەتەوەیی و ئایینی تێدا بەرقەرارە، کۆمەڵگەیەکی دەوڵەمەندن بە فیکر و تواناى ئەوەیان هەیە پێش بکەون و گەشە بکەن، زیاتر لە کۆمەڵگە داخراوەکان.

*** ئایا ڕۆڵی کوردانی فەیلی لە ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستان چۆن بووە، بەتایبەتی لە سەردەمی بارزانیی نەمردا؟ مستەفا بارزانی دوای گەڕانەوەی لە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، پەیوەندیی زۆر باشی لەگەڵ کوردانی فەیلی هەبوو، لەم بارەیەوە چ زانیارییەکتان هەیە؟**

- کوردی فەیلی ڕۆڵێکی گەورەیان لە ژیانی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی عێراقدا هەبووە، زۆربەی پارتە سیاسییەکان و جووڵانەوە سیاسییە مەدەنییەکان و تەنانەت ئایینییەکانیش لەلایەن کوردی فەیلییەوە پشتگیری کراون، کوردی فەیلی بەشێك بووە لە دامەزرێنەران و سەرکردایەتیی ئەم حزبانە، ئەوەش گومانی تێدا نییە کە کوردانی فەیلی پشتیوانی بزووتنەوەی

**لە نێوان ئینتمایی نەتەوەیی و مەزهەبی، یەکێکیان هەڵنابژێردرێت، لەبەر ئەوەی ئەم ئینتیمایانە لەگەڵ مرۆڤ و ژینگە و کۆمەڵگە کە تیایدا لەدایک دەبێت، دروست دەبن**




کوردی بوون بە سەرکردایەتیی ڕابەر مستەفا بارزانی، دوای ئەوەی لە سۆڤیەتی پێشوو گەڕایەوە، لەمەش زیاتر پارتی دیموکراتی کوردستان لەماڵی یەکێك لە کەسایەتییەکانی کوردی فەیلی لە گەڕەکی «ئەعزەمییە» لە بەغدا دامەزراوە و کوردانی فەیلی لە دامەزرێنەرانی ئەم پارتەن لەگەڵ ڕابەر مەلا مستەفا بارزانی.

*** ڕاسپاردە و دیدت بۆ هاوکاریی کوردانی فەیلی چییە؟**

- هیودارم کوردانی فەیلی ڕیزەکانی خۆیان یەك بخەن، ئەولەوییەت بدەن بە چارەسەرکردنی نەهامەتییەکانیان و ڕۆڵی مێژوویی خۆیانیان لە عێراقدا بۆ بگەڕێتەوە و پشتگیری لە کێشەی خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵێکی ڕاستەقینە و کاریگەر لە بونیادنانی عێراقێکی نوێ بۆ بەرژەوەندیی هەموان بگێڕن.

*** سەرۆك مسعود بارزانی بایەخی زۆری بە چارەسەری بارودوخی کوردانی فەیلی داوە، ئایا هەڵوێستی کوردی فەیلی لە دووبارە زیندووکردنەوەی کەیسی ژینۆسایدی کوردی فەیلی لە لایەن سەرۆك بارزانی چۆنە، بەتایبەتی دوای گرێدانی کۆنگرەی ژینۆسایدی کوردی فەیلی لە هەولێر؟**

- ڕابەر مسعود بارزانی پشتیوان و داکۆیکاری مافەکانی کوردی فەیلی بووە و لە کۆنگرەی ئەم دواییەی «ژینۆسایدی کوردی فەیلی» کە لە هەولێر بەڕێوە چوو بە ئامادەبوونی شەخسی سەرۆك بارزانی، ئاماژەیەکی بەخشندانەی بەڕێزیان بوو بەرانبەر کوردی فەیلی، ئومێدەوارم هەوڵ و کارەکان بەردەوام بن، بۆ ئەوەی ئەو ڕاسپاردانە جێبەجێ بکرێن، کە لەو کۆنگرەیەدا دەرچوون.

*** بەو سیفەتەی جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیت، بۆچی کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدڕاڵی چارەسەر نابن، بەتایبەتیش کێشەی بودجە و یاسای نەوت و گاز؟ ئایا کاریگەریی هێزێکی** دەرەکییە کە ئەو ڕێککەوتنەی ناوێت؟

- پێش ئەوەی باس لە هەر دەستتێوەردانێکی دەرەکی بکەم لە کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدڕاڵی، دەڵێم کێشەکە ناوخۆییە و مەبەستیشم لەوەی کە دەڵێم ناوخۆییە بە مانای وشە ناوخۆییە. کێشە و ناکۆکی لە ناو هەرێم و لە ناو لایەنەکانی عێراقی لە حکومەتی فیدڕاڵیدا هەیە، سەرەنجامیش کێشەکان وێڕای فرەجۆرییان، کێشەی ناو یەك ماڵن، هەر بۆیە ئەگەر

**کۆنگرەی ئەم دواییەی «ژینۆسایدی کوردی فەیلی» کە لە هەولێر بەڕێوە چوو بە ئامادەبوونی شەخسی سەرۆک بارزانی، ئاماژەیەکی بەخشندانەی بەڕێزیان بوو بەرانبەر کوردی فەیلی**



نییەتی ڕاستگۆیانە هەبێت، بۆ ئەوەی بناغەی ئەم ماڵە بەهێز بکرێت و ناکۆکییەکان تێپەڕێندرێن، ئەوا گومانی تێدا نییە، ئەو هەلانە دروست نابن، خەڵکی دیکە دەست بخاتە ناو کاروبارەکانمانەوە.

*** گرنگیی هاوپەیمانیی کورد و شیعە لە پێکهێنانی حکومەتی عێراقیدا چییە؟**

- زۆر گرنگە پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانی گەلانی عێراق پتەو بکرێن، بەتایبەتی ئەوانەی ڕووبەڕووی زۆرداریی ڕژێمی پێشوو بوونەتەوە، ئاشکراشە کە ڕژێمی پێشوو زوڵمی لە هەمووان کردووە و ماف و ئازادیی هەمووانی پێشێل کردووە، بۆیە زۆر گرنگە پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوان پێکهاتەکانی گەلانی عێراق دروست بکرێت، بۆ بونیادنانی عێراق و یەکخستنی بیروبۆچوونەکان، بۆ ئەوەی ژینگەیەك بێتە ئاراوە، توانای بونیادنانەوە و بەرەوپێشەوەچوون و پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێزی هەبێت، کە بتوانێت لە بەردەم ئەو تەحەددییانە ڕابوەستێت کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

*** ئایا دەرچوونی یاسای نەوت و گاز، کێشەی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر دەکات؟**

- دەرکردنی یاسا و پەسەندکردنی و جێبەجێکردنی دۆخێکی ئەرێنییە، گومانیشی تێدا نییە کە ڕۆڵی هەر یاسایەك ڕێکخستنی کاروبارەکانە بەو ئاراستەیەی کە گەرەنتی مافەکان دەکات و ئاژاوە دوور دەخاتەوە، ئەوجا لە هەر کوێیەك بێت. هەروەها بوونی زیاتر لە یەك یاسا دەبێتە هۆکاری کێشەی زیاتر و قوڵبوونەوەی زیاتری کێشەکان، بە جۆرێك هەر لایەك خۆی لەسەر هەقە بەپێی یاساکە و، هەندێك جاریش بۆ ئەمە پشت بە دەستوور دەبەسترێت، بۆیە من پێموایە ڕێککەوتن لەسەر یەك یاسا کە هەموو عێراقییەکان لەسەری ڕێك بکەون، باشترین چارەسەرە.

*** ئایا هەڵوێستی سەرۆکایەتیی پەرلەمان لەسەر ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کەرکووك چۆن بوو؟**

- ڕووداوەکانی ئەم دواییە لە کەرکووك دەرهاویشتەی کۆمەڵێك ناکۆکی بەردەوامە و بەسەر یەکدا کەڵەکە بوون، بەداخەوە بەبێ چارەسەریش ماوەتەوە، پەرلەمانی عێراقی شاندی لیژنە پەرلەمانییەکانی نارده کەرکووك بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی مەیدانی لە ڕاستییەکان بکۆڵنەوە و چارەسەر بۆ کێشەکانی ئەم دواییە دابنێن، پشتیوان بەخوا ئەم هەوڵانە دەگۆڕین بۆ خێر و ڕەزامەندیی هەموو پێکهاتەکانی کەرکووك.

**کێشەکان وێڕای فرەجۆرییان، کێشەی ناو یەک ماڵن، هەر بۆیە ئەگەر نییەتی ڕاستگۆیانە هەبێت، بۆ ئەوەی بناغەی ئەم ماڵە بەهێز بکرێت و ناکۆکییەکان تێپەڕێندرێن، ئەوا گومانی تێدا نییە، ئەو هەلانە دروست نابن، خەڵکی دیکە دەست بخاتە ناو کاروبارەکانمانەوە**

## دژایەتیی قەوارەی هەرێم

# بە ئامرازی نوێی دادگا و کارتی ئابووری هیچ دەرئەنجامێکی نەبووە و نابێت

**عێراقی دەستکرد کە لەسەر بنەمای مەرکەزییەت و عروبە دروست کراوە، بە چاوی ڕق و قین و تەماعەوە سەیری کوردستانیان کردووە، بە هەموو شێوەیەک دەسەڵات و پێگەی هەرێمیان لاواز کردووە**

لەکاتێکدا ساڵیادی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و هیوا و ئاواتی هەموو کوردێك بۆ سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی دەکەینەوە، ئەمەش وەکو مافێکی سرووشتی و ئاسایی گەلی کورد کە ساڵانێکی زۆرە لە پێناویدا خەبات دەکات، وەکو دەرئەنجامێکیش بۆ پیادەنەکردنی ئەو سیاسەتە چەوت و دوژمنارییە هات، کە بەغدا بەرانبەر خەڵکی کوردستان ئەنجامی دەدا، خۆی لە خۆیدا گرفتی عێراق لەگەڵ کورددا مێژوویەکی قووڵی هەیە و پەیوەندی بە عەقڵییەتی عەرەب و ئەو هێزە دەستڕۆیشتووانەوە هەیە کە بە درێژایی دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە بە زۆر لێکێنراوە بە یەکەوە حوکمێکی توندوتیژیان دژی کورد کردووە، ئەمەش بووەتە میراتییەکی قێزەوەن و ڕووبارێك لە خوێن و جینۆساید و ئەنفال و کیمیاباران و سڕینەوەی ناسنامەی کوردی لێ کەوتووەتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم وڵاتە (عێراق) لە دروستبوونیەوە تاکو ئەمڕۆ هەرگیز سەقامگیر و ئارام نەبووە و دەستێوەردانی دەرەکیشی چووەتە سەر، هەستی ئینتما و نیشتمانی لای تاکەکانی عێراق کز و کەمە و هەستێکی خۆسەپاندن و هاووڵاتی دەرەجە یەك بوونی هەیە، هەر ئەمەشە وایکردووە بڕوایان بەو فیدراڵییەتە نەبێت کە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە لەلایەن سەرۆك بارزانی بۆ پاراستنی ماف و شایستە داراییەکانی کورد، هەوڵ درا، بچەسپێنرێت و لە دەستووری عێراقدا دەنگی لەسەر بدرێت.

عێراقی دەستکرد کە لەسەر بنەمای مەرکەزییەت و عروبە دروست کراوە، بە چاوی ڕق و قین و تەماعەوە سەیری کوردستانیان کردووە، بە هەموو شێوەیەك دەسەڵات و پێگەی هەرێمیان لاواز کردووە، بۆیە ڕێگرتن لە هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتی هەرێم و هەموو ئەو دژایەتی و پیلان و مەرامانەی لەپشت پەردەوە، خۆیان مەلاس داوە بۆ خەڵکی کوردستان و هەرێمەکە، هیچ پەیوەندی بە دەستوور و عەقڵ و مەنتیقەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە ویستی شەڕانگێزی و پاوانخوازیی دەسەڵاتی مەرکەزەوە هەیە بۆ سەر مافەکانی



## دڵشاد میران

سیاسەتمەدار و دیپلۆماتکار

بۆ گوڵانی نووسیوە

کورد و کوردستانییەکان، جوانترین بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە ڕێگا نادەن، هیچ کێشەیەك بەپێی بنەمای دەستوور چارەسەر بکرێت، ئەو دەستوورەی کە بە زۆرینە دەنگی پێدرا و بە پێداگریی دەسەڵاتی کورد بەتایبەتی سەرۆك بارزانی، کە پەسەند کرا و جێگیر کرا، دەسەڵاتدارانی شیعە و سوننەش ئەوەیان نەشاردووەتەوە کە ویستی ئەوەیان هەیە زۆر مادده و بڕگەی ناو دەستوور دەستکاری بکەن، کە بە دڵنیاییەوە مەبەستیان ئەو مادده و بڕگانەیە کە پەیوەندی بە کوردەوە هەیە. کۆمەڵگەی عەرەبی بە سوننە و شیعەوە بیر و هزری پاوانخوازی و مەرکەزییەت و توندتیژی بەسەریدا زاڵە. ئێمە زۆرجار بۆ موجامەلە دەڵێین دەسەڵاتدارانی سیاسی یان هەندێك، کەمینەیەك، گرووپێك لە کاتێکدا هەموو سیاسەتمەداران و پەرلەمانتاران و کەسایەتییەکانیان تا دەگاتە گەنجێکی ئاسایی ئەو هزرەی ڕەتکردنەوەی کورد و زیانگەیاندن بە قەوارەی هەرێمی کوردستان لە بیروهۆشیاندایە، بۆیە ئەوانیش ناتوانن لێی دەرباز بن و بەو ئاراستەیە سیاسەتمان لەگەڵ دەکەن، ئەم بیرکردنەوەیە لە کۆنەوە هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە چەسپێنراوە.

دەوڵەتی مەرکەزیی عەرەبی عێراقی نەك هەر بڕوای بە فیدراڵییەت نەماوە، بەڵکو بڕوای بەو بنەمایانەش نەماوە کە لە دوای **٢٠٠٣** عێراقی لەسەر دروست بوو، هەر لە تەوازون و هاوبەشی و دیموکراتیەت و فیدراڵی و دەستوور و.. تادوایی. ئەوەتا هەر کە چاوی نێودەوڵەتی لەسەریان نەمێنێت، هەنگاو بەهەنگاو کار بۆ تەسکردنەوە و لەناوبردنی پێگە و دەسەڵاتی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەنێن، ئابڵوقەی ئابووری تەنیا کارتێکی فشاری سیاسییە لەناو چوارچێوەی ئەو ڕق و قین و پەشیمانبوونەوەیە لە فیدراڵییەت و قەوارەی هەرێم. سەیر لەوەدایە هەموو هێزە سیاسییەکان و زۆرینەی شەقام و تەنانەت کەسایەتییە مەدەنییەکانی عێراق، وا دەزانن مەرکەزییەت چارەسەری کێشەکانی عێراق دەکات، ئەوەتا ناوچەکانی خۆیان داماڵی لە

**ڕێگرتن لە هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتی هەرێم و هەموو ئەو دژایەتی و پیلان و مەرامانەی لەپشت پەردەوە، خۆیان مەڵاس داوە بۆ خەڵکی کوردستان و هەرێمەکە، هیچ پەیوەندی بە دەستوور و عەقڵ و مەنتیقەوە نییە**

**دەسەڵاتدارانی شیعە و سوننەش ئەوەیان نەشاردووەتەوە کە ویستی ئەوەیان هەیە زۆر ماددە و بڕگەی ناو دەستوور دەستکاری بکەن، کە بە دڵنیاییەوە مەبەستیان ئەو ماددە و بڕگانەیە کە پەیوەندی بە کوردەوە هەیە**

**سەرۆک بارزانی، لە پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس و دواتر لە قۆناغی ئەنجومەنی حوکم و بریمەر، ئەو مەترسییە و دیدگایەی هەبوو کە ئەمانە لەکاتی بەهێزبوونیان پەشیمان دەبنەوە لە بەڵێنەکانیان، بۆیە ڕێگر بوو لەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە پارێزەری سەربازی هەرێمە هەڵبوەشێتەوە**

**دەوڵەتی مەرکەزیی عەرەبی عێراقی نەک هەر بڕوای بە فیدراڵییەت نەماوە، بەڵکو بڕوای بەو بنەمایانەش نەماوە کە لە دوای ٢٠٠٣ عێراقی لەسەر دروست بوو**

**ئابڵوقەی ئابووری تەنیا کارتێکی فشاری سیاسییە لەناو چوارچێوەی ئەو ڕق و قین و پەشیمانبوونەوەیە لە فیدراڵییەت و قەوارەی هەرێم**

نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکە و مەسیحی و ئێزدی و سابیئە و کاکەیی و بەهائی و هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی دیکە کار گەیشتووەتە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوان ئەم پێگەیەشیان بۆ پێکەوەژیان و لێبووردەیی قبووڵ نییە، بەمشێوەیە دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان کراوەتە ستراتیژیەتێك تەنانەت بۆ گواستنەوەی ململانێ و کێشمەکێشی نێوان خۆشیان ئەم دژایەتیکردنەوە وەکو کارێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و مەزهەبی سەیر دەکرێت، بۆیە بەڵێن و پەیمانەکانیان لە دانوستان و ڕێککەوتنەکاندا لە ڕووی کردارەییەوە جێبەجێی ناکەن و بە مەرەکەبی سەر کاغەز دەمێنێتەوە. ئەوەتا ڕێککەوتنی شنگال و جێبەجێکردنی ١٤٠ی ماددەی دەستوور و پشکی هەرێم لە بودجە و ڕێککەوتنەکانی نەوت و گاز و تەنانەت ڕێککەوتنە سیاسییەکەی لایەنەکانی ناو هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتیش هەمووی لەکاتی جێبەجێکردندا سەدان بیانوو و پاساوی نابەجێ و نادەستووری و نایاسایی بۆ دەهێننەوە و بەپێی بیرکردنەوە و هزری خۆیان ئیجتیهادی بۆ دەکەن، ئەمەش لە مێژوودا نموونەی زۆرە، بەتایبەتی لەکاتی پاشگەزبوونەوەیان لە مفاوەزاتەکان و ڕێککەوتنەکانی وەکو ١١ی ئادار.

سەرۆك بارزانی، لە پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس و دواتر لە قۆناغی ئەنجومەنی حوکم و بریمەر، ئەو مەترسییە و دیدگایەی هەبوو کە ئەمانە لەکاتی بەهێزبوونیان پەشیمان دەبنەوە لە بەڵێنەکانیان، بۆیە ڕێگر بوو لەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە پارێزەری سەربازی هەرێمە هەڵبوەشێتەوە و وەکو میلیشیاتی چەکداری مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، جەسپاندنی فیدراڵییەت و بنەماکانی مافی مرۆڤ و پەرلەمانی و زۆر بابەتی دیکەی مەدەنییانە و مافی پێکهاتەکانیش هەمووی لەو چوارچێوەیەدا هاتووە، ئەمرۆ قۆناغێکی نوێ لە دژایەتیی قەوارە و خەڵکی هەرێمی کوردستان دەستی پێکردووە لە ڕێگەی دادگای بەناو فیدراڵییەوە و ئابڵوقەی دارایی و ئابووری و گەمەی ڕێککەوتنی حکومەت و هەڵوەشانەوەی لە پەرلەمانی عێراق، هەموو ئەمانە کێشەیەکی گەورەن و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان سێ هەنگاوی گەورەی پێویستە، ئەویش ئەوەیە:

١. یەکڕیزیی نێوان حزب و لایەنە سیاسییەکان بەتایبەتی لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە هەردووکیان نفووز و ناوچەی تایبەت بە زۆنی خۆیان هەیە، دوژمنەکانی کورد و هەر دوو حزبی پارتی و یەکێتی خۆشیان سوودیان لەو دووبەرەکی و ململانێیانە وەرگرتووە کە لە نێوخۆی کوردستاندا بوونی هەیە، لە کاتێکدا بەردەوامیی ئەم ململانێیە زیانی گەورەی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیاندووە و دەرئەنجام هەموو لایەنێك زیانیان بەرکەوتووە.

٢. بەهێزکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گۆڕانکاریی لە هزر و تێڕوانینی حکومەت لە بوارەکانی ئابووری و سیاسیدا.

٣. پێویستیمان بە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی سەرۆك بارزانی هەیە، وەکو سیمبولێکی نەتەوەیی و مەرجەعیەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بەتایبەتی بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکان.

٤. حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان فشارێکی جەماوەرییان لەسەر نییە، بۆ لێپرسینەوە لەو کار و ئەو پەیوەندییانەی کە لەسەر حیسابی لایەنی نەتەوەیی و نیشتمانی بە نهێنی و ئاشکراش هەنگاوی بۆ دەنێن و زیان بە خەڵك و قەوارەی هەرێم دەگەیەنن.

هەموو ئەم هێرش و دژایەتییانەی لە بەغداوە دژی کورد هەنگاوی بۆ دەنرێت، هەروا لەخۆوە نەهاتووە، بۆ سەرکەوتن و بەهێزبوونی هەرێمی کوردستان دەگەڕایەوە، کە بە مەترسییەکی ستراتیژییان داناوە بۆ سەر وڵاتانی خۆیان لە تورکیا، ئێران، سووریا و عێراق، لەناو هەموو ئەم ڕەشبینی و نائومێدییەدا لەو دیوی تونێلەکەدا ڕووناکییەك بەدی دەکرێت، بەوەی پارتی و یەکێتی دواجار لەسەر مێزی گفتوگۆ و دانوستاندن کۆببنەوە و کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، تەنانەت باوەڕ ناکەم ئەمریکا وا بەئاسانی دەستبەرداری کورد و قەوارەی هەرێمی کوردستان بێت و بمانکاتە پاروویەکی ئاسانی وڵاتانی ناوچەکە، ڕەنگە سەرقاڵیی ئەمریکا بە شەڕی ئۆکرانیا و ململانێکانی چین و کۆریای باکوور و ئێران



و کێشەکانی ناوخۆ کە لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان زیاتر دەبێت، بەڵام ئەوان خوازیارن ئەم هەرێمە وەکو پێگەیەك لە ناوچەکەدا ئەزموونێك بێت و ڕەنگدانەوەی باشی بۆ ڕای گشتیی نێوخۆی ئەمریکا هەبێت، بەوەی ئەم وڵاتە دوای داگیرکردنی ئەمریکا بە تەواوەتی تێك نەچووە و هەرێمی کوردستانیان بە نموونەیەکی ئەو سەقامگیری و ئارامییە نیشان دەدەن، لەگەڵ ئەمەشدا هەرێمی کوردستان لە ڕووی دیپلۆماسی و پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەوروپشت و خزمەتکردنی خەڵك و بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییەکان و پاراستنی پێکەوەژیان و لێبووردەیی بۆ ئێمە زۆر گرنگە، چونکە ئەمە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣ و شەڕی داعش نییە، ئەوان لەگەڵ عێراقێکی یەکپارچەی بەهێز و هەرێمێکی بەهێزن، لە کاتێکدا یەکپارچەیی عێراق بە مەرکەزییەت و دژایەتیکردنی هەرێم بونیاد نانرێت، ئەم واقیعە کە دەسەڵات بە دەست شیعەیە و نوخبەی سیاسی دژایەتی قەوارەی هەرێم دەکات و دەستێوەردانی گەورە لە کاروباری نێوخۆی عێراق هەیە، ئەمە وا دەخوازێت یەکدەنگی و یەکڕیزی و پاڵپشتیی ئەمریکا بەدەست بهێنین.

**پێویستیمان بە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی سەرۆک بارزانی هەیە، وەکو سیمبولێکی نەتەوەیی و مەرجەعیەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بەتایبەتی بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکان**



## دکتۆر قاسم غەفوور سیوەیلی

پسپۆڕ و شارەزا لە ئیسلامی سیاسی بۆ گوڵان:

# گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان توندوتیژییان تا ئاستی کوشتن بەرهەم هێناوە

# حزبە ئیسلامییەکان گەمە دەکەن لەسەر دوایین پەیامی خوا لە پێناو بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیاندا

**لەگەڵ دامەزراندنی ئیخوان موسلمین لە میسر و بڵاوبوونەوەی فکری جیهادی، بیروباوەڕی توندوتیژی لە ناو کۆمەڵگە و باوەڕنەبوون بە خاك و نیشتمان بڵاو بووەوە، کە دژی پیرۆزییەکانی نەتەوە کاریان کرد، لە ناو کۆمەڵگەیەکی وەك کۆمەڵگەی کوردی موسڵمانیشدا، ئیسلامی سیاسی مێژووی پاکی موسڵمانێتی کوردایەتی فەرامۆش دەکات و، دەیەوێت مێژوویەکی دیکە لە کوردستان بڵاو بکاتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر قاسم غەفوور سیوەیلی پسپۆڕ و شارەزا لە ئیسلامی سیاسی ئەنجام دا .**

*** ئیسلامی سیاسی کار لەسەر بەکارهێنانی ئایین بۆ بەرژەوەندیی خۆی دەکات و ئیسلامی دابەش کردووە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئیسلامی سیاسی تا چەند خزمەتی بە ئیسلام کردووە، بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی فکری توندوتیژی کە بەرهەمی حزبی ئیخوان موسلمین بووە و، تێکەڵاویی لە نێوان عیبادەت و سیاسەت دروست کردووە؟ ئایا ئەم تێکەڵاوییە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا دەکرێت، یان ناکرێت؟**

- سیاسەت لە بنەڕەتدا ڕێکخستنی ژیانی خەڵکە و بە ئامانجی سەرفرازی و ئازادی و خۆشبەختی لە ژیانی دین و دونیا دێت، لەم پێناسەیەدا دەردەکەوێت، ئیسلام هاتووە تاوەکو ژیانی مرۆڤەکان ڕێك بخات، ئەوەندەی ئیسلام باسی ڕێکخستنەوەی ژیانی مرۆڤەکان دەکات، ئەوەندە باسی عیبادات و بەندایەتی بۆ خوای گەورە ناکات، بەڵکو بەشێکی باسی عیبادات و بەندایەتی دەکات، ئەویش نێوان خۆت و خوا، کە مرۆڤ چۆن بەندایەتیی خوا دەکات، بەشەکەی دیکە بریتییە لە ڕێکخستنی ژیانی خەڵك، هەر بۆیە لە کاتێکدا سیاسەت بریتی بێت لە ڕێکخستنی ژیانی خەڵك بەرەو باشتر و ئامانجێکی دیاریکراو، ئەوا ئیسلامیش ئەوەیە، بەڵام ئەگەر هاتوو سیاسەت بریتیی بێت لە دروستکردنی گرووپیك بۆ ئامانجێکی دیاریکراوی ئەو گرووپە لە پاڵ ئیسلام، ئەوە خودی ئیسلام نییە، بەڵکو ئەوە حزبێکە وەك هەموو ئەو حزبانەی دیکە کە هەمانە (یەکێتی، پارتی، شیوعی، سۆشیالسیت و...تاد)، لەگەڵ ئەمانەشدا و هاوتەریب حزبێکیشمان هەیە ئیسلامییە، هەموو ئەو حزبانە بۆ بەرژەوەندی و ئامانجێکی خۆیان کار دەکەن و دروست بوون، لە هەر یەکێکیان لەو حزبانە بپرسیت، دەڵێت کار دەکەم بۆ ئەوەی میللەتەکەم بگات بە ئاواتێکی تایبەت، لەپاڵ ئەمەشدا بزووتنەوەیەکی میلیی ڕزگاریخوازی هەیە، دەڵێت کار دەکەم بۆ ئەو ستەم و زوڵمەی لە نەتەوە و میللەتەکەم دەکرێت، نەیهێڵم، تا میللەتەکەم ڕزگار بکەم، ئەمەش ئامانجێکی جوان و ڕاستە. ئەگەرچی کەسێکی ئیسلامی، یان کە باکگراوەندی ئیسلامی هەیە، دێت و نایەوێت لەگەڵ ئەو حزبە ڕزگاریخواز و نەتەوەییەی هەیە، کار بکات، چونکە بەرژەوەندیی ئەو لە ناو ئەو حزبەدا نییە، بۆیە دێت بەناوی خودی ئیسلامەوە حزبێك، یان گرووپیك دادەمەزرێنێت، ئەوە ئەو حزبە، یان ئەو گرووپە جێگرەوەی خودی ئیسلام نییە. ئێمە ناڵێین ئەوانە خراپن و کەسیش لەو کوردستانە خراپ نییە، بەڵام ئەو حزبە ئیسلامییەش ئامانجێکی دیاریکراوی خۆی هەیە و دەتوانێت سازش لەگەڵ هەر حزبێك بکات، یەکێتی

**ئەوەندەی ئیسلام باسی ڕێکخستنەوەی ژیانی مرۆڤەکان دەکات، ئەوەندە باسی عیبادات و بەندایەتی بۆ خوای گەورە ناکات**

**ئەگەر هاتوو سیاسەت بریتیی بێت لە دروستکردنی گرووپیک بۆ ئامانجێکی دیاریکراوی ئەو گرووپە لە پاڵ ئیسلام، ئەوە خودی ئیسلام نییە، بەڵکو ئەوە حزبێکە وەک هەموو ئەو حزبانەی دیکە کە هەمانە**

**ئەوەی حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان دەیکەن، مەترسیدارە چونکە ئەوانە گەمە دەکەن لەسەر دوایین پەیامی خوا لە پێناو بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان**

**سڕینەوەی هزری نەتەوەیی، یان نیشتمانی لە ناو دڵی خەڵک شتێکی گوناهە و حەرامە، چونکە کارکردن و هەوڵدان بۆ پارێزگاریکردن لە خاک و نەتەوە و نیشتمان ئەرکە و هەقە**

بێت، یان پارتی، یانیش هەر حزبێکی دیکەی کوردستانی، یان عێراقی بێت، بۆ ئەوەی کورسییەکی زیاتر، یان پلە و پۆستێکی زیاتر و باشتری دەست بکەوێت، ئەمەش بەڵگەیە کە ئامانجی بەرژەوەندیی خۆیەتی، خودی ئیسلام ئەو سازشە ناکات، چونکە کۆمەڵێك دەقی هەیە، کە ناتوانیت لەو دەقانە لابدەیت، کە دەقی قورئان و حەدیسی پێغەمبەر (د.خ)ـن، ناتوانین لێیان لابدەین و گەمەیان پێ بکرێت، بەڵام ئیسلامە سیاسییەکە دەکرێت بۆ بەرژەوەندیی شەخسیی خۆی تەفسیر و لێکدانەوەی تایبەتی بۆ بکات، بەتایبەت بۆ ئەو کەسەی کە لە خودی ئیسلامەکە شارەزا نییە و بۆ گەنجێك کە دوای دەکەوێت و شارەزایی لە ئیسلام نییە. ئەوەی حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان دەیکەن، مەترسیدارە چونکە ئەوانە گەمە دەکەن لەسەر دوایین پەیامی خوا لەپێناو بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان، ئەمەش دوو مەترسیی هەیە کە مەترسییەکیان بۆ خودی دەقەکانی قورئان و حەدیس و وتەی زانایانە، دووەم مەترسییش هەڵخەڵەتاندنی کۆمەڵێك خەڵکە و گورزێکە لە خودی ئیسلام .

*** دەرکەوتووە کە فیکری ئیسلامی سیاسیی بایەخ بە پرسی خاك و نەتەوە نادات و پیرۆزییەکانی نەتەوە بێ بەها دەکەن، لێرەش لە کوردستان دەبینین کە لەو مەدەرەسانەی حزبە ئیسلامییەکان سەرپەرشتی دەکەن، پرۆگرامەکانیان سڕینەوەی هزری نەتەوەیی و نیشتمانییە، ئایا سڕینەوەی ئینتیما و پیرۆزییەکانی نیشتمان چ کارەساتێکی لێ دەکەوێتەوە؟**

- ئیخوانەکان نەیانتوانی جێگەی خەلافەتی ئیسلامی بگرنەوە، ئەمەش بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی سڕینەوەی هزری نەتەوەیی، یان نیشتمانی لە ناو دڵی خەڵك شتێکی گوناهە و حەرامە، چونکە کارکردن و هەوڵدان بۆ پارێزگاریکردن لە خاك و نەتەوە و نیشتمان ئەرکە و هەقە، بەڵام ئیخوان موسلیمین حزبێکی ئومەمین و وەك حزبی شیوعی هەموو کەسێك و نەتەوەیەکی تێدایە و بۆ ئامانجێکی دیاریکراو لە دونیادا کار دەکەن، کار لەسەر تاك دەکەن، بۆ بەدەستهێنانی داهاتوو، بۆ نموونە ئەو مزگەوتانەی لە وڵاتەکە هەیە، کار لەسەر ئەوە دەکەن هەمووی، یان زۆربەی مزگەوتەکان سەر بە ئەوان بن، لەپاش ئەوەی لایەنگرانیان زۆر بوو، ئینجا بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن و دەیانەوێت دەسەڵات بگرنە دەست. بە شێوەیەکی گشتی ئیسلام شتێکە و ئیسلامی سیاسی جیاوازە و شتێکی دیکەیە، بۆ نموونە لە سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) سەحابەیەکی پێغەمبەر (د.خ) جامانەی کوردی بەستووە و هیچ کاتێك پێغەمبەر (د.خ) نەیگوتووە بەو سەحابەیە بۆ ئەو جامانەیە لەخۆت ناکەیتەوە، یان کەسێکی وەك (سوهیبی ڕۆمی) ئەوە پێغەمبەر(د.خ) پێی نەگوتووە ئەو ڕۆمییە لە خۆت بکەرەوە، یان (بیلالی حەبەشی) پێی نەگوتووە حەبەشییەکە لە پاشگری خۆت هەڵگرە، یانیش بە (سەلمانی فارسی) نەگوتووە ئەو فارسییە لە دوای ناوەکەت هەڵبگرە، بەڵکو پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی سەلمان لە ئێمەیە و لە ئالوبەیتی ئێمەیە، واتە ئینتیمای مرۆڤ بۆ لای خاك و نیشتمان و نەتەوە و وڵاتەکەی هیچ حەرام نییە، بەڵکو ئەوە هەقێکی شەرعی و زۆر زۆر ئاساییە کە مرۆڤ و کەسەکان ئەو هەست و ئینتیمایانەیان هەبێت و بەرگریشی لێ بکەن، خوای گەورەش دەفەرموێت «ئێوەمان لە کۆمەڵێ هۆز و تیرە دروست کردووە، بۆ ئەوەی پەیوەندی و یەکترناسی و گفتوگۆتان هەبێت، تاوەکو لەگەڵ یەکتر پێکەوە بژین». هاوکات زمانی من شتێکە کە خوا دروستی کردووە و پەیوەندیی بە کەسی دیکەوە نییە، سڕینەوەی خاکم پێچەوانەیە لەگەڵ ئەوەی خوا بە ئێمەی بەخشیوە، خوای گەورە دەفەرموێت «زەویمان دروست کردووە بۆ مرۆڤەکان» و ئەو زەوییەی کە خودا لێرە دروستی کردووە و ئەوەی کە لەسەری دەژێت منم، ئەوە منیش کوردم و خودا بەو شێوەیە دروستی کردووم، خوداش زمانێکی بە من داوە کە کوردییە و ئەو زمانەش خۆم بۆ خۆمم دانەناوە، بەڵکو خوای گەورە ئەو زمانەی پێداوم، هەروەها خوا دەفەرموێت «هیچ ئومەتێك نییە لەسەر ئەو زەوییە بە زمانی خۆی پێغەمبەرێکمان بۆ نەناردبێت»، بۆ ئێمەی کوردیش لە سەردەمی خۆی بە زمانی خۆمان پێغەمبەرمان بۆ هاتووە و بۆ

فارس و تورکیش بە هەمان شێوە، لە ئایەتێکی دیکەی قورئاندا خودای گەورە لەسەر بەڵگە و دەسەڵاتەکانی خۆی دەفەرموێت «وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦ خَلْقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفُ أَلْسِنَتِكُمْ»، ئەو ئایەتە ئەوەمان پێ دەڵێت کە خودای گەورە وەك یەك دروستی نەکردووین، بەڵکو هەمانە ڕەنگی سوورە، سپییە و ڕەشە، یەکێك باڵای درێژە و یەکێك کورتە و...تاد. هاوکات دەبێت بە حزبە ئیسلامییەکانیش بڵێین ئێوە بۆ وا کار و مامەڵە دەکەن؟ هەموو حزب و لایەن و گرووپەکان بە ئیسلامیشەوە دەبێت خۆیان وەڵامی خەڵك بدەنەوە، چونکە ئیسلام و قورئان و حەدیسەکان وا نافەرموون، لەلایەکی دیکەوە خودی پێغەمبەر(د.خ) نەهیی لە خاك و نەتەوە و نیشتمان و ئینتیما بۆ پیرۆزییەکانی کەسەکان نەکردووە، بەڵام ئەو حزبە ئیسلامییانەی هەن و دروست دەبن، بۆ ئامانج و بەرژەوەندیەکی تایبەتی خۆیانن، هەروەها ئەگەر سەیر بکەین، حزبی ئیخوان موسلمین کە لە میسر دروست بوون، ئەو کات و لە پاشان و تا ئێستاکەش دەبێت سەرۆکەکەیان لە خۆیان بێت و لە نەتەوەی عەرەب بێت و قبووڵیان نییە سەرکردەکەیان نەتەوەیەکی دیکە بێت، هەر بۆ نموونە کە حزبی ئیسلامی لە عێراق دروست بوو، سەرۆکەکەی کورد بوو، پاشان بە ڕێککەوتنێك ئەویان لادا و کەسێکی عەرەبیان لە جێگەی دانا، هەر بۆیە لە کاتێکدا بڵێن کار لەسەر نەتەوە ناکەین، ڕاست نییە .

*** ئێمەی کورد وەك گەلێکی موسڵمان خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانیەتی و کوردایەتین و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەیە، هەر لە ئەحمەدی خانی، تا دەگاتە مەولەوی و نالی، بۆچی ئیسلامی سیاسی ئەم مێژووە فەرامۆش دەکات و دەیەوێت مێژوویەکی دیکە لە کوردستان بڵاو بکاتەوە، کە ئەویش مێژووی عەرەبییە؟**

- خودی ئەو حزبە ئیسلامییانەی دروست کراون، لەلایەن عەرەبەوە و لە ناو وڵاتانی عەرەبییشەوە دروست کراون، تا ئێستاکەش ئەو باکگراوندەیان پێوەیە و لە ئایدیۆلۆژیای ئەوانیش هەیە کە کار لەسەر ئەو نەتەوەیە بکەن کە ئەوانی تێدا دروست بووە، نەك لەسەر نەتەوەکانی دیکە، بێگومان نالی و ئەو ناوانەی لە پرسیارەکە ئاماژەیان پێ کراوە، زانای هاوچەرخن، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەدەکانی ڕابردوو بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، ئێمە وەك کورد چەندین زانای گەورەمان هەبووە، وەك (شیخ سەڵاحی شارەزووری) کە دانەری (علوم الحدیث)ـە لە ئیسلامدا و تاکە سەرچاوەیە لە ئیسلامدا لە زانستی نوێدا کە ئەو زانا گەورەیەش کوردە، هاوکات حافزی عێراقیمان هەیە کە ئەو زاتە گەورەیە کوردە و یەکێکە لەوانەی کە حەدیسە هەڵبەستراو و لاوازەکانی لە حەدیسە ڕاستەکانی پێغەمبەر(د.خ) جیا کردووەتەوە و (ئەحمەدی بنی ئیسماعیلی گۆرانی) کە لە سەردەمی سوڵتان محەمەد فاتیحی کە فەتحی ئەستەنبوڵی ئەو کاتەیان کردووە، ئەو زاتە قازیی سەربازیی بووە و، دەسەڵاتی هەبووە کە سوڵتانیش لەسەر تەخت و فەرمانڕەوایەتی لابدات، ئەم قازییە بەتوانا و پڕ زانستە ئیسلامییە کورد بووە، هەر بۆیە کورد موسڵمانە و خاوەن مێژووی خۆیەتی کە پڕە لە سەروەری و زانا و زانستی ئیسلامی، بە هیچ شێوەیەك و بۆ کەس نەهاتووە، مێژوویەکی دیکەی بۆ بهێنێت و بڵێت من ئیسلامی دەکەم، هەروەها ئەگەر بتەوێت شانازی بکەیت بە ئیسلامەوە لە ڕێگەی نەتەوەکەی خۆتەوە، ئەوەندە زانای ئیسلامیمان هەیە و زیاتر لە حەوت سەد ساڵیش دەبێت کورد ئیسلامی لەسەر شانی خۆی ڕاگرتووە بە (تەفسیری، حەدیسی، فقهی، ئسولی و...تاد)، تا ئێستاش و لە کۆتاییدا کە لە ساڵی ٢٠٠٥ وەفاتی کرد مامۆستای گەورە و زانای دیاری ئیسلام مامۆستا (عەبدولکەریمی مودەڕیس) ئەو زانا و شارەزایانەمان هەیە کە شانازییان پێوە بکەین، جگە لەو شاعیرە گەورە و کەسە ناودارانەی کە هەمانە کە لە یەك کاتدا هەم خزمەتی ئیسلامیان کردووە، هەمیش خزمەتی زمان و خاك و نەتەوەی کوردیان کردووە، لەوانە (سەعدی شیرازی) کە یەکێکە لە شاعیرە گەورە و ناودارەکانی کورد و زانایەکی دینییشە، دیوانی شیعری بە زمانی کوردی هەیە، ئەگەرچی ئێستا بەداخەوە دەستنووسی دیوانەکانی لە تاران شاردراوەتەوە. ئەوانەی

**ئەو زەوییەی کە خودا لێرە دروستی کردووە و ئەوەی کە لەسەری دەژێت منم، ئەوە منیش کوردم و خودا بەو شێوەیە دروستی کردووم، خوداش زمانێکی بە من داوە کە کوردییە و ئەو زمانەش خۆم بۆ خۆم دانەناوە**

**خوا دەفەرموێت «هیچ ئوممەتێک نییە لەسەر ئەو زەوییە بە زمانی خۆی پێغەمبەرێکمان بۆ نەناردبێت»، بۆ ئێمەی کوردیش لە سەردەمی خۆی بە زمانی خۆمان پێغەمبەرمان بۆ هاتووە**

**ئیخوان موسلمین کە لە میسر دروست بوون، ئەو کات و لە پاشان و تا ئێستاکەش دەبێت سەرۆکەکەیان لە خۆیان بێت و لە نەتەوەی عەرەب بێت و قبووڵیان نییە سەرکردەکەیان نەتەوەیەکی دیکە بێت**

**(سەعدی شیرازی) یەکێکە لە شاعیرە گەورە و ناودارەکانی کورد و زانایەکی دینییشە، دیوانی شیعری بە زمانی کوردی هەیە، ئەگەرچی ئێستا بەداخەوە دەستنووسی دیوانەکانی لە تاران شاردراوەتەوە**

**کورد لە سەدەی (١٦)ی کۆچییەوە کە دەکاتە (٤٠) پشت، موسڵمانە و پێویست بەوەش ناکرێت کە جارێکی دیکە ئەو میللەتە موسڵمان بکرێتەوە**

**ئەگەر گرووپێک، یان کەسانێک هەبن، بڵێن ئێمە میللەتی کورد موسڵمان دەکەینەوە، ئەوە خیانەتە لە خودی ئیسلام، نەک تەنیا لە میللەتی کورد**

ئیسلامی سیاسی دەیکەن، شێواندنی کەلتووری نەتەوەیەکە و جێگەی داخە کە کەسانێ، یان گرووپێك هەبێت، پێش هەموو شتێك شانازی بە گەورە و زانایانی خۆیانەوە نەکەن، ئەو قسە و فەلسەفەیە ڕاستە کە دەڵێت «کاتێك کەسەکان لە هەر نەتەوە و هۆز و تیرەیەك بن، شانازی بە باوك و باپیرانی خۆیانەوە نەکەن، ئەوە من چی لە تۆ چاوەڕێ بکەم؟»

*** حزبە ئیسلامییەکان وەك ئەوەی میللەتی ئێمە موسڵمان نەبێت و موسڵمان نەبووبێت، پرۆسەیەك بەڕێوە دەبەن بۆ سەرلەنوێ ئیسلامکردنی کۆمەڵگەی کوردستان، ئایا دەکرێت ئیسلامەتی تەنیا ئەو ئیسلامە بێت کە حزبە ئیسلامییەکان پێناسەی دەکەن؟**

- نەخێر، ئیسلام بریتی نییە لەو ئیسلامەی کە حزبە ئیسلامییەکان پێناسەی دەکەن، ئێمە ناڵێین ئەوانەی ناو ئەوان ئیسلام نین، بەڵام ئەوەی دەیبات بەڕێوە و بەو شێوەیە بانگەوازی بۆ بکەن، بڵێن سەرلەنوێ میللەتەکە موسڵمان دەکەینەوە، وەك ئێستا کە گرووپیك دروست بووە و ئیمانیان بە هیچ شتێك نییە لەوەی کە کورد ئیمانیان پێیەتی، ئەوە سەر لەبەری کارەکانی ئەو گرووپە هەڵەیە، چونکە کورد لە سەدەی (١٦)ی کۆچییەوە کە دەکاتە (٤٠) پشت، موسڵمانە و پێویست بەوەش ناکرێت کە جارێکی دیکە ئەو میللەتە موسڵمان بکرێتەوە، بەڵکو پێویستی بە ڕێکخستنەوە هەیە، کە جارێکی دیکە کارەکانی بۆ ڕێك بکرێتەوە کە کاری نەتەوەیی و خاك و نیشتمانەکەیەتی، ئێمە وەکو میللەتی کورد هیچ کێشەی دینمان نەبووە بەتایبەت ئیسلامەتی، چونکە میللەتێکی موسڵمان و بە عیبادەتین، بەڵکو کێشەی خاکمان هەیە، دەبێت خاك و کەلتوورمان ڕێك بخرێتەوە، لەبەر ئەوەی کەلتوورمان شێوێندراوە. پێویستمان بە نوێکردنەوەی دینەکەمان نییە، وەك ئاماژەم پێدا زیاتر لە (٧٠٠)ساڵە زانایانی ئێمە و میللەتی کوردی موسڵمان زۆر خزمەتیان بە ئیسلام کردووە و بەردەوام و تا ئێستاکەش خزمەت بە ئیسلام دەکەین، ئەگەر گرووپیك، یان کەسانێك هەبن، بڵێن ئێمە میللەتی کورد موسڵمان دەکەینەوە، ئەوە خیانەتە لە خودی ئیسلام، نەك تەنیا لە میللەتی کورد، دەبێت بزانین لە ناو میللەتی ئێمە و لەسەر ئەم خاکە بەو جۆرەیە هەر چییەکت دەوێت، دەتوانیت تێیدا بیچێنیت و بەرهەم دێت، چونکە ئێمە بێ خاوەنین، بۆ نموونە یەکێك دێت ئیسلامی سیاسیت بۆ دروست دەکات، لەلایەکی دیکەوە دێن گرووپ و حزبێکی دیکە دروست دەکەن، ئێستا کۆمەڵێك دروست بوون بە ناوی شێخەوە و یەکێکی دیکە بە ناوی ئەهلی تەریقەتەوە، ئەمانە ئیدیعای ئەوە دەکەن، جگە لەوان کەسی دیکە ڕاست نین و جوێن بە سەحابەی پێغەمبەر(د.خ) دەدەن، ئەوەتا دەست خراوەتە ناو هەموو جومگەکانی ئیسلامەوە، تەنیا بۆ بەرژەوەندیی ئەو گرووپ و ئەو کەسانەی بەو کارانە هەڵدەستن، بۆیە پێویستە هەموو موسڵمانێك ئەوە بزانێت کە ئیسلام تەنیا (دەقی قورئانی پیرۆز و حەدیسی پێغەمبەر(د.خ) و فەرموودەی زانایانی ئیسلامە).

*** باس لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی و تیرۆر دەکرێت، ئایا چاندنی تۆوی توندوتیژی و ئیرهاب لە کۆمەڵگەدا، تاچەند کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات؟**

- ئەگەر ئێمە لە واقیعی ئەمڕۆی خۆمانە سەیری ئەو کتێبانە بکەین کە زانایان بە ناوی ئیسلامەوە هەندێ شتیان نووسیوەتەوە، ئەوە زۆرێك لە کتێبەکانیان بەتایبەتی ئەو گرووپانەی ڕەوتی ئیسلامی سیاسییان گرتووەتەبەر و وەك سەرچاوە بەکاری دەهێنن، ئەوە دەبینین توندوتیژیەکی زۆر خراپی تێدایە، بەجەهلکردن و بەنەفامکردنی میللەتانی تێدایە، کە دەستەواژەی بەنەفامکردن و بەجەهلکردن لە دەستەواژەی ئیسلامدا مرۆڤ بەرەو ئەوە دەبات کە تیرۆری تێدا دروست بکات، هەندێ لەو کتێبانە هەیە، نازانم ئەمڕۆ ئەوان تەفسیریان بۆ ئەو دەقانە چییە و خودی ئەو حزبانە ئەو دەقانە چۆن شی دەکەنەوە. نەك تەنیا ئەو کتێبانە، بەڵکو چەندین کتێبی دیکە کە لە نەهج و حیجازەوە بۆ ئێمەش دێت، کە دەبینیت دەڵێت، کە ئەوەت کرد کافر بوویت، یان ئەوەی دەیکەیت، ئەوە لە ئیسلام دەرچووی، قسە و کاری ئەو گرووپ و حزبە ئیسلامییە سیاسییانە بە شێوەیەکە وا دەکات کە تۆ لە ئیسلام نەماوی و دادەبڕێنێت، ئەوانە ئێستا هێزیان نییە، ئەگینا

ئەو قسە و بڕیارانەیان بە شێوەیەکە دەتکوژن، ئەوەتا داعش لەو کاتەی کە دەسەڵاتیان هەبوو لە مووسڵ لەسەر هۆتێل و باڵەخانە بەرزەکان خەڵکیان فڕێ دەدا و دەیانکوشتن، ئەمە ئەو بیرەیە کە لە نەجد و حیجازەوە سەری هەڵداوە و کتێب و مەنهەجی ئەوان پیادە دەکەن، خۆ ئەوانە مەنهەج و کتابەکانی مامۆستای پایەدار خودا لێی خۆش بێت (عەبدولکەریم مودەڕیس) پیادە ناکەن. نەك تەنیا کتێبەکانی سەید قوتب، بەڵکو ئەو کتێبانەش کە بەداخەوە ئێستا لە کوردستانی ئێمە ڕواجی پێ دەدرێت و حزبە نەتەوەییەکانی خۆشمان دەستیان لە پشتیان دەدەن

*** خاڵێکی دیکەی ترسناك لە فیکری ئیسلامی سیاسی مەسەلەی دووبارە تەفسیرکردنەوەی فەتوادانە، ئیسلامی سیاسی دەڵێت هەر کەسێك دەتوانێت فەتوا بدات و خەڵك بکوژێت، ئایا ئەمە بێماناکردنی فەتوا و دروستکردنی ئاژاوەوە نییە لە کۆمەڵگەدا؟**

- فەتوادان لە ئیسلامدا تەنانەت کاری ئەمیرولموئمینینیش نییە، لە دوای خەلافەی ئیسلامی چەندین ئەمیرولموئمینین هەبوون، بۆ نموونە وەك سەلاحەدینی ئەیوبی، ئەگەر تەماشای هەموو مێژوو بکەین لە کتێبێکدا نییە یەك فەتوای دابێت، بەڵکو دەستەیەکی هەبووە بۆ

**فەتوادان نە کاری حزبی ئیسلامی سیاسییە، نە هی ئەمیری حزبە ئیسلامییەکانە، بەڵکو فەتوادان لەلایەن دەستەیەکی تایبەت و زانا و پسپۆڕ دەدرێت کە لەلایەن دەوڵەت و حکومەتەوە دامەزراوە**



و جوانترین و باشترین مزگەوتی شارەکان دەدرێت بەوان، ئەوان دەعوەی خۆیان لەو مزگەوتە جوان و نوێیانە پەر پێ دەدەن و لەو کاتەی دێنە لای سەرکردەکانیش دەڵێن ئێوە وەلی ئەمری ئێمەن و لە خزمەتاندایـن، بەڵام ئەو کەس و گرووپ و تاخمە ئیسلامی سیاسییە خۆی لە ڕاستیدا باوەڕی بەو قسانە نییە و بەرانبەرەکانیان هەڵدەخەڵەتێنن و مەبەستیان ئەوەیە کۆمەك و هاوکاری بکرێن. بێگومان ئێستا گۆڕەپانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو کەس و گرووپ و لایەنانە کراوەیە بۆ ئەوەی توندوتیژی بنێنەوە، کار و مامەڵەی ئەو گرووپ و حزبانە کە دەیکەن جگە لەوەی گورز لە ئیسلام دەدەن، ئەوا گەورەترین گورز لە خاك و نیشتمانەکەشمان دەدەن.

فەتوادان، هیچ حزبێك تەنانەت نەتەوەییەکانیش کە چەندین مامۆستا و زانایان هەیە، ناتوانن فەتوا بدەن، بەڵکو حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای دامەزراوە پەیوەندیدارەکانەوە دەستەیەکی لە چەندین زانا و مامۆستایی ئایینی ئیسلام دروست کردووە، کە ئەوان پاش وردبوونەوە و ڕاوێژکردن بە یەکتر، ئینجا فەتوا دەدەن، بێگومان فەتوادان نە کاری حزبی ئیسلامی سیاسییە، نە هی ئەمیری حزبە ئیسلامییەکانە، بەڵکو فەتوادان لەلایەن دەستەیەکی تایبەت و زانا و پسپۆڕ دەدرێت کە لەلایەن دەوڵەت و حکومەتەوە دامەزراوە، دەبێت لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی خودی ئیسلامەوە فەتوا بدەن، نەك لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی تایبەت.



موسا خەمۆ ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:

# پەکەکە مەرام و پیلانی خراپتریان لە دژی هەرێمی کوردستان هەیە

# پەکەکە دژی هێڵی نەتەوەیی کوردە و پارتی بە ئاستەنگی سەرەکیی بەردەم ئەم ئامانجە دەبینێت

پەکەکە لەو کاتەوە قەندیلی داگیر کردووە، دژی قەوارەی هەرێمی کوردستان ڕاوەستاوە و ئاشووب و ئاڵۆزی بۆ خەڵکی کوردستان دروست دەکات، ماوەیەکە پاوانخوازی و دەسەڵاتی چەکداریی خۆی لە دژی سەقامگیری و ئارامیی کوردستان زیاتر کردووە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەری دیکەی پەیوەندیدار گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ موسا خەمۆ ئەندامی پێشووی پەکەکە سازدا.

*** پەکەکە بۆچی مەرام و کارە چەکدارەکانی دژی خەڵکی هەرێمی کوردستان و سەقامگیریی هەرێم زیاتر کردووە، ئایا کێ لە پشت ئەم کارە قێزەونانەی پەکەکەوەیە؟**

- پەکەکە لەوەتی دروست بووە، بەتایبەتی لەو کاتەوە کە قەندیلی داگیر کردووە، پاوانخوازی لەناو هەرێمی کوردستان کردووە، دژی قەوارە و سەقامگیری و خەڵکی ئەم هەرێمە ڕاوەستاوەتەوە، بە پیلان و مەرامی وڵاتانی دەوروبەر و دەزگا سیخوڕی و هەواڵگرییەکان ڕووبەڕووی سەقامگیریی هەرێمی کوردستان ڕاوەستاوە، چاوی بە هەرێمێکدا هەڵنایەت کە بووەتە چەتر و پێگەیەک بۆ حەوانەوەی کوردانی هەر سێ پارچەکەی دیکەی کوردستان، پەکەکە پێچەوانەی حزبە کوردییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات هەڵسوکەوت دەکات. حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەچاوی بارودۆخ و بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان دەکەن، کە لەم چەند مانگەی دواییدا ڕێککەوتنی ئەمنی کرا و بارەگاکانی سەر سنووری پارتە کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە ناوچە سنوورییەکان دوور خرانەوە و هەرێمی کوردستان وەکو بەشێك لە سیستەمی فیدراڵیی عێراق ئامادەیی دەربڕی بە شێوەیەکی ئاشتی بێ هیچ زیانێکی گیانی و دارایی پلانەکە جێبەجێ بکەن، هەموان گەیشتنە ڕێککەوتن، ئەوەش هەرێمی کوردستان لە هێرش و مووشەکبارانی ئێران دەپارێزێت، بەڵام پەکەکە وێڕای شکستە گەورەکانی، هۆکاری هاتنە ناوەوەی سوپای تورکیا و داگیرکردنی ناوچەیەکی فراوانی خاکی هەرێمی کوردستان بووە. ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییەی نێوان باڵەکانی سەربازی پەکەکە، ژمارەی چەکدارەکانیانی کەم کردووە، کەچی ژمارەیەك لە چەکدارەکانیان بە پشتگیریی داگیرکەران و ناحەزانی کورد و کوردستان دژایەتیی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکەن، ژێر بە ژێر ڕێککەوتنی پیلانگێڕی لە دژی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن و لە هەوڵی ئەوەدان شوێن و بارەگاکانی

**حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەچاوی بارودۆخ و بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان دەکەن، کە لەم چەند مانگەی دواییدا ڕێککەوتنی ئەمنی کرا و بارەگاکانی سەر سنووری پارتە کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە ناوچە سنوورییەکان دوور خرانەوە**

**پەکەکە وێڕای شکستە گەورەکانی، هۆکاری هاتنە ناوەوەی سوپای تورکیا و داگیرکردنی ناوچەیەکی فراوانی خاکی هەرێمی کوردستان بووە**

**چەکدارانی پەکەکە وەکو گرووپێکی تیرۆریستی ناسێنراون و بەشێکن لەو حەشدی شەعبییەی وەلائی بۆ ئێران هەیە و مووچە و تەقەمەنی و چەکیان لە حەشدی شەعبییەوە بۆ دێت**

**پێویستە سەرکردایەتیی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆر زوو سنوورێک بۆ دیاردەی چەکداریی پەکەکە لەناو شار و شارۆچکەکانی کوردستان دابنێن**

**ناکرێت ناوچەکانی سلێمانی بکرێنە مۆڵگەیەک بۆ گرووپێکی تیرۆریستی و چەکداری و لەوێوە هێرش و کاری قێزەونی چەکداری و کوشتن و تەقینەوە ئەنجام بدەن، وەکو تەقینەوەی پردێکی پیادەی خەڵکی سڤیل لەناو جەرگەی هەولێری پایتەختی کوردستان**

حزبەکانی ڕۆژهەڵات کە چۆڵیان کردووە، ئەوان داگیری بکەن، ئەمە لە کاتێکدا لەناو وڵاتان و حکومەتەکانی دونیا چەکدارانی پەکەکە وەکو گرووپێکی تیرۆریستی ناسێنراون و بەشێکن لەو حەشدی شەعبییەی وەلائی بۆ ئێران هەیە و مووچە و تەقەمەنی و چەکیان لە حەشدی شەعبییەوە بۆ دێت.

*** لەم دواییەدا لە دەڤەر و ناوچە جیاوازەکانی کوردستان چەکدارانی پەکەکە بڵاو بوونەتەوە و مەترسیی گەورەیان هەیە بۆ سەر سەقامگیری و ئارامیی ئەو ناوچەیانە، ئایا ئەمەش بەشێکە لەو بەرنامە دوژمنکارییانە؟**

- بەداخەوە بە هاوکاری و هەماهەنگیی لایەنی نێوخۆیی هەرێمی کوردستان، چەکدارانی پەکەکە لە هەموو دەڤەرەکانی گەرمیان و سلێمانی بڵاو بوونەتەوە و بە ئاشکراش جموجووڵیان دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدەن و بوونەتە هۆکاری نائارامی و ناسەقامگیری لەو ناوچانەش، تەنانەت لەوێوە لە بارەگاکانیان ڕوو دەکەنە ناوچەکانی دیکەی کوردستان و تەقینەوە لەسەر شەقام دادەنێن و خەڵکی سڤیل دەکەنە ئامانج، باڵێك لە چەکدارەکانیان لە ناحیەی تەکیەی سەر بە سلێمانین، ئەمەش داگیرکردنی ناوچەیەکی خەڵکی سڤیلی کوردستانە، بە هاوشێوەی مەخموور و شنگال و قەندیل و پێنجوێن و ماوەت. پێویستە سەرکردایەتیی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆر زوو سنوورێك بۆ دیاردەی چەکداریی پەکەکە لەناو شار و شارۆچکەکانی کوردستان دابنێن، چونکە هۆکاری پشێوی و ڕاکێشانی خەڵکی سڤیلی کوردستانە بۆ ناو شەڕێکی هەرێمی و زیادبوونی جووجوڵی درۆن و مووشەکبارانی سوپای تورکیا، ناکرێت ناوچەکانی سلێمانی بکرێنە مۆڵگەیەك بۆ گرووپێکی تیرۆریستی و چەکداری و لەوێوە هێرش و کاری قێزەونی چەکداری و کوشتن و تەقینەوە ئەنجام بدەن، وەکو تەقینەوەی پردێکی پیادەی خەڵکی سڤیل لەناو جەرگەی هەولێری پایتەختی کوردستان.

*** هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە بووەتە ڕەمزی بەرگری و هێزێکی نزامیی نێودەوڵەتی و لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە پاڵپشتی دەکرێت، کەچی چەکدارانی پەکەکە دەیانەوێت، زیان بەم هێزەی بەرگری و پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستانە بگەیەنن، ئایا چی وا لە پەکەکە دەکات، ڕووبەڕووی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ببێتەوە؟**

- پەکەکە بەپێی هێڵێکی نەتەوەیی و نیشتمانی کار ناکات، ئەوان تێکەڵ بە ئەجیندە و بەرژەوەندیی ئەو دەزگا و وڵاتانە بوون، کە خێر و خۆشییان بۆ کورد و قەوارەی هەرێمی کوردستان ناوێت، تاکە ئاستەنگێکیش لە بەردەم ئەم مەرامە شەڕانخواز و قێزەونە هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، کە بە ڕابەرایەتیی سەرۆك بارزانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە ڕەمزی موقاوەمە و هێزێکی نێودەوڵەتی و قورسایی و پێگەی خۆی هەیە، چاکسازییەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بۆ یەکخستن و بەهێزبوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لایەنێکی دیکەی دژایەتیی هێزە ئیقلیمی و چەکدارانی پەکەکەیە.

پەکەکە ئەو گرووپ و چەکدارانەیان کە بە مەبەستی کاری تیرۆریستی مەشق پێ کردووە، زیاتر خستیانە جووڵە و ئامادەیان کردن بۆ نانەوەی خراپەکاری لە بەرانبەر هەرێمی کوردستان، بەتایبەت هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە هێزێکی ڕزگاریخوازی کوردستانە و یەکەم هەنگاوی نەخشە بۆ داڕێژراویان جێبەجێ کرد، ئەوە بوو کە دەستی سۆپای تورکیایان ڕاکێشا بۆ ناو سنوور و خاکی هەرێمی کوردستان و دووەم کاریان هەستان بە دانانی لوغم و تەقینەوە لەو شوێن و ڕێگایانەی کە هێزی پێشمەرگە تێیدا هاتوچۆ دەکەن، بەتایبەتی لە سنووری پارێزگای دهۆك و چەندین تەقینەوە و کاری تیرۆریستییان لە ناوچەکانی کانی ماسی و بامەڕنێ و ماوەت و سلێمانی و شاری هەولێر ئەنجام داوە، سێیەم کاریان کە هەر خۆی لە کاری تیرۆریستی و کاولکاری دەبینێتەوە، ئەوەیە کە بوونە هۆکاری ئەوەی تا ئێستا زیاتر لە (٦٠٠) گوندی سنووری کە نزیکن لە باکووری کوردستان، بە هۆی شەڕی چەکدارانی پەکەکە و سوپای تورکیا و تۆپباران و بۆردومانی فڕۆکەی جەنگیی تورکیا ئاوەدان نەکراونەتەوە، ئەوەی ئاوەدانیش کرابوونەوە، دووبارە بە ناچاری گوندە و ڕەزو

باخ و شوێنی ژیانیان چۆڵ کردووە، هەر بۆیە دەبێت لایەنی ئەمنی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوکراوەتر بن، لە ئاست پیلان و کارە تیرۆریستییەکانی چەکدارانی پەکەکە، تاوەکو نەتوانن کارێکی تێکدەرانە بکەن و بارودۆخی شارەکانی کوردستان ئاڵۆز بکەن، هەر وەك ئەو تەقینەوە قێزەونەی کە لەم دواییانە لە شاری هەولێر ئەنجامیان دا.

*** چەکدارانی پەکەکە بۆ ناچن لە گۆڕەپانی ڕاستەقینەی خۆیان خەبات بکەن، هاتوون لە هەرێمی کوردستان کێشەی زۆریان ناوەتەوە، ئایا ئەمە پێی دەگوترێت چی؟**

- شوێنی ڕاستەقینەی چەکدارانی پەکەکە باکووری کوردستانە، کە لەوێش چیا و شاخی زۆر سەرکەش و سەخت و دژواری تێدایە، بەڵام پەکەکە وەك چەکدارێکی بێ توانا بۆ خەڵکی باکووری کوردستان دەرکەوت، بەتایبەت لە شەڕی خەندەق کە جگە لەوەی سەرنەکەوت، بووە هۆکاری زەرەر و زیانێکی گیانی و ماددی و مەعنەویی زۆر گەورە بۆ کوردانی باکووری کوردستان، هەر بۆیە جەماوەری پەکەکە لە باکوور زۆر هاتە خوارەوە.

پەکەکە لە دوای بەهانەیەك دەگەڕا، پەلاماری باشووری کوردستان بدات، چونکە لە دامەزراندنیەوە باوەڕی بە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان نەبووە، لە بەرنامە و پەیڕەویشیاندا نییە کار بۆ نەتەوە و نیشتمانی کورد بکەن. پەکەکە بۆ ناچێتەوە باکووری کوردستان؟ چونکە بووەتە بەکرێگیراوی داگیرکەرانی کوردستان و بەتایبەت کار دەکات لە دژی قەوارەی هەرێمی کوردستان. بۆ هەموو لایەکمان ئاشکرا بووە کە پەکەکە بیری نەتەوەیی و نیشتمانی و کوردستانی نییە، هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکیی من و چەندان کەسی شۆڕشگێڕی ناو پەکەکە بووە، کە وازمان لێ هێناوە، کە دیتمان ئەوانە بۆ کورد و کوردستان کار ناکەن، لە دەرفەت گەڕاین و خۆمان ڕزگار کرد و هاتینە هەرێمی کوردستان و ئامادەیی خۆمان خستەبەر ئەو لایەنەی کە بۆ کورد و کوردستان کار دەکات، کە ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستانە بە ڕابەرایەتی و کاریزمایی جەنابی سەرۆك بارزانی.

*** سەرۆك بارزانی دەیەویت بە ڕێگەی ئاشتی کێشەی کوردی باکووری کوردستان چارەسەر بکات، کەچی چەکدارانی پەکەکە کەمین بۆ هێزی پێشمەرگە دادەنێن و پێشمەرگە شەهید دەکەن، ئایا دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ پەکەکە بکرێت، کە لە زمانی ئاشتی و دیالۆگ تێناگەن؟**

- سەرۆك بارزانی زۆر هەوڵی دا، کێشەی کوردی باکوور لەگەڵ تورکیا بە ئاشتی چارەسەر بکات، بەڵام چەکدارانی پەکەکە زانییان ئەو کارە سەرکەوتوو بێت، ئەوە لە بەرژەوەندییان دەدات، بۆیە نەیانهێشت ئەو پرۆسەی ئاشتییە سەر بکەوێت، ئەگینا جەنابی سەرۆك زۆر کاری بۆ کردبوو، چەند قۆناغی باشی بڕیبوو، لەلایەکی دیکەوە چەکدارانی پەکەکە ئەو بڕیار و فەرمانەی کە جەنابی سەرۆك کە فەرمووی نابێت جارێکی دیکە شەڕی کورد و کورد دروست بێت و بە حەرامیشی دانا، ئەوەیان بەهەل زانی و قۆستیانەوە بۆ ئەوەی زیاتر مەرام و پیلانەکانیان جێبەجێ بکەن و لە چەندین شوێن کێشە و گرفتیان بۆ هەرێمی کوردستان بەتایبەت بۆ هێزی پێشمەرگە دروست کرد.

*** کەواتە پەکەکە لە بری دۆستی ئەو لایەنانە بێت، کە خەبات بۆ کوردستان دەکەن، کەچی وەك دەبینین، دۆستی هەموو داگیرکەرانی کوردستانە، هەر بۆ نموونە لە شنگال دۆستی حەشدی شەعبییە و دوژمنی پێشمەرگە، ئایا ئەمە چۆن تەفسیر دەکرێت؟**

- چەکدارانی پەکەکە تەنیا باوەڕیان بەو کارەیە کە خۆیان دەیکەن و لەو ڕۆژەی دروست بوون تا ئێستا باوەڕیان بە هیچ حزب و لایەنێکی دیکەی کوردی نییە، بەتایبەت زۆر دژ و دوژمنایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن، چونکە دڵنیان کە پارتی تاکە لایەنە لە هەموو کوردستان ئامانجی سەربەخۆیی نەتەوە و گەلی کوردستانە، هەر بۆیەش لە شنگال بە قووڵی هاتوونەتە ناو جەرگەی ناوچەکانی پارتی و لەگەڵ حەشدی شەعبی ڕێککەوتنی ستراتیژییان هەیە، بۆ نانەوەی ئاڵۆزی و ئاوەدان نەکردنەوەی شنگال.

**زیاتر لە (٦٠٠) گوندی سنووری کە نزیکن لە باکووری کوردستان، بە هۆی شەڕی چەکدارانی پەکەکە و سوپای تورکیا و تۆپباران و بۆردومانی فڕۆکەی جەنگیی تورکیا ئاوەدان نەکراونەتەوە**

**پەکەکە وەک چەکدارێکی بێ توانا بۆ خەڵکی باکووری کوردستان دەرکەوت، بەتایبەت لە شەڕی خەندەق کە جگە لەوەی سەرنەکەوت، بووە هۆکاری زەرەر و زیانێکی گیانی و ماددی و مەعنەویی زۆر گەورە بۆ کوردانی باکووری کوردستان**

**پەکەکە بیری نەتەوەیی و نیشتمانی و کوردستانی نییە، هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکیی من و چەندان کەسی شۆڕشگێڕی ناو پەکەکە بووە، کە وازمان لێ هێناوە**

**چەکدارانی پەکەکە ئەو بڕیار و فەرمانەی کە جەنابی سەرۆک کە فەرمووی نابێت جارێکی دیکە شەڕی کورد و کورد دروست بێت و بە حەرامیشی دانا، ئەوەیان بەهەل زانی و قۆستیانەوە بۆ ئەوەی زیاتر مەرام و پیلانەکانیان جێبەجێ بکەن**

## پرۆفیسۆر نادیە ئۆربیناتی بۆ گوڵان:

# هەندێ لە کۆمپانیا گەورەکان دەتوانن بڕیارەکانیان بەسەر دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا بسەپێنن

**نادیە ئۆربیناتی، پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی کۆڵۆمبیا لە نیویۆرك، تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە وەك: فیکری سیاسیی هاوچەرخ و نەریتی دیموکراتی و دژ بە دیموکراتی، خاوەنی چەند کتێبە لە بارەی دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی و ئەو کێشە و تەنگژانەی ڕووبەڕووی دیموکراسی بوونەتەوە. بۆ تاوتوێکردنی پرسی پەیوەست بە دیموکراسی و ئەو قەیران و تەنگژانەی ڕووبەڕووی بوونەتەوە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** ئێمە لە میانەی چەند دیمانەیەکی دیکە لەگەڵتاندا پرسیاری ئەوەمان کردووە کە بۆچی هەندێ لە توێژەران زەنگی مەترسیی ئەوە لێ دەدەن، کە دیموکراسی لە بارێکی نالەباردایە و لە ماوەی ڕابردوودا تووشی دۆخێك بووەتەوە کە نەیتوانی لە ئاست خواست و چاوەڕوانییەکاندا بێت و ئەدایەکی خراپی هەبووە، ئایا لە ئێستادا بارودۆخەکە لە پەیوەندی بەم پرسە چۆن دەبینیت؟**

- لە ڕاستیدا دەبێت سەرەتا ڕاشکاو بین کە ئەم تەرزە بیرکردنەوەیە، یان ئەم دروشمە کە باس لە داکشان و پاشەکشەی دیموکراسی دەکات، بە چەشنێك بەکار دەهێنرێت و دەوترێتەوە بە بێ ئەوەی پێناسەیەکی ورد و دیاریکراوی بۆ بکرێت، یان بە بێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە کە ئەمە مانای چییە، چونکە دەبێت ئێمە پرسیاری ئەوە بکەین کە کاتێك دەڵێین داکشان ئەوا مەبەستمان چییە و چی لە داکشاندایە، لەبەر ئەوە دەبێت بە گومانەوە لە بەکارهێنانی ئەم چەمك و دەستەواژانە بڕوانین، چونکە هەروەك ئاماژەم پێ کرد، شتێکی دیاریکراومان پێ ناڵێین. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ئێمە باس لە داکشانی شەرعییەت بکەین لە تێڕوانینی خەڵکدا، ئەویش لە پەیوەندی بە چۆنیەتی هەڵسووڕانی دیموکراسییەتی پارتە سیاسییەکان و دیموکراسییەتی هەڵبژاردن، ئەوا دەتوانین لەم ڕووەوە مشتومڕ و گفتوگۆ بکەین. واتە ئەو کاتە دەتوانین دەستنیشانی ئەو هۆکارانە بکەین کە بۆچی ئەم چەشنە دیموکراسییەتە دیاریکراوە ئەدایەکی باشی نییە و لە ئاستی خواست و چاوەڕوانیدا نییە بە چەشنی ڕابردوو، هەروەها دەتوانین ئەو پرسیارەش بکەین، ئایا دەتوانین ئەم کێشە و کەموکوڕییانە چارەسەر بکەین؟ یان ئایا دەتوانین هەندێ ئاڵوگۆڕ دروست بکەین، بۆ ئەوەی ئەدایەکی باشتری هەبێت، ئەگەر بەم شێوەیە نەبێت، ئەوا ناکرێت ئێمە بە شێوەیەکی گشتی باس لە پرسی داکشانی دیموکراسی بکەین و وەڵامێکی دیاریکراوی لەم بارەیەوە بدەینەوە.

*** بەڵام لە ئێستادا باس لەوە دەکرێت کە جۆرێك لە بێمتمانەیی دروست بووە لە نێوان خەڵك و نوێنەرەکانیاندا تەنانەت لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

**دیموکراسی بەدی هات لە ڕێی پێدانی مافی دەنگدان بە پیاوان و ئافرەتان، هەروەها بە کەمکردنەوەی ئاستی تەمەنی شایستە بۆ دەنگدان لە ٣٠ ساڵەوە بۆ ٢١ ساڵ و پاشان بۆ ١٨ ساڵ، دواتر شەرعییەتی سیستمەکە لەسەر بوونی بەرهەڵستکار و فرەیی بنیاد نرا**



## دیمانەی تایبەت

- لە ڕاستیدا من نازانم ئایا ئێوە بە دیاریکراوی باسی ئەزموونی وڵاتێك دەكەن لەبارەیەوە، یان نا، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەگەر باسی حکومەتی نوێنەرایەتی بکەین، ئەوا سەرەتا لە حکومەتی لیبراڵی لە سەدەی حەڤدەدا هاتەئاراوە و دواتر لە سەدەی هەژدەدا بووە کۆماری و پاشان گەشەی کرد بەرەو دیموکراسی، واتە دیموکراسی بەدی هات لە ڕێی پێدانی مافی دەنگدان بە پیاوان و ئافرەتان، هەروەها بە کەمکردنەوەی ئاستی تەمەنی شایستە بۆ دەنگدان لە ٣٠ ساڵەوە بۆ ٢١ ساڵ و پاشان بۆ ١٨ ساڵ، دواتر شەرعییەتی سیستمەکە لەسەر بوونی بەرهەڵستکار و فرەیی بنیاد نرا. کەواتە ئەمە پرۆسەیەکی دوور و درێژ بوو، کە لە چەند قۆناغێکی گرنگدا بەدی هێنرا و بەدەست هات. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هێشتا کێشەکان هەر بەردەوامن، لە دیموکراسییەتە ڕۆژئاواییەکاندا قەیرانەکە پەیوەستە بەو گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕەی بە سەر پارتە سیاسییەکاندا هاتوون، کە چیتر ئەم پارتانە فۆرمێك نین بۆ ڕێکخستن کە بەرجەستەکار و لەخۆگری ژمارەیەکی زۆری خەڵك بێت، هاوشان بە هاتنەئارای یەکێتی و کۆمەڵەکان کە نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیی چینێکی دیاریکراو دەکەن و، نوێنەرایەتییەکی بەهێزیش دەکەن. کەواتە ئەگەر وەڵامەکە پوخت بکەمەوە، ئەوا دیموکراسی تووشی قەیران بووەتەوە و ڕەنگە بتوانین ناوی بنێین شەرعییەتی مۆراڵی، بە واتای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری خەڵك ئامادە نین بچن دەنگ بدەن و بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بکەن. واتە خەڵکی لە ڕێی نەچوونەوە بۆ دەنگدان و لە ڕێی بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکاندا گوزارشت لە نائومێدیی خۆیان دەکەن. ئەوەتا ڕێژەی بەشداری نەکردن لە دەنگداندا ڕێژەیەکی زۆر بەرزە لە زۆرێك لە وڵاتاندا و پتر لە ٥٠٪ـە، ئەمەش کاردانەوەیەکی پۆپۆلیستیی مەترسیدار دژی سیاسەتی حزبی پیشان دەدات، ئەمە خوێندنەوە و ڕاڤەی منە بۆ ئەوەی پێی دەگوترێت قەیرانی دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی.

*** بەڵام لە ئێستادا و لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا ڕەوتی دژ بە کۆچبەران و هەروەها**

**دیموکراسی تووشی قەیران بووەتەوە و ڕەنگە بتوانین ناوی بنێین شەرعییەتی مۆراڵی، بە واتای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری خەڵک ئامادە نین بچن دەنگ بدەن و بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بکەن**

**بەرهەڵستکاریی بەجیهانیبوون و پارتە ڕاستڕەو و ناسیۆنالیستییەکانی دێنە ئاراوە، پێت وایە تا چەند ئەم پەرەسەندنانە هەڕەشە و مەترسین بۆ سەر دیموکراسی؟**

- لە ڕاستیدا سەرجەم ئەم پرسە پەیوەستە بە چۆنیەتی ڕێکخستنەوەی بەجیهانیبوونەوە، بۆ نموونە ئەگەر لە ڕوانگەی دارایی و ئابوورییەوە لەم پرسە بڕوانین، ئەوا ئاشکرایە کە چەندین کۆمپانیای گەورە هەن لە جیهاندا کە لە توانایاندایە بڕیارەکانیان بسەپێنن بەسەر دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا، هەروەها دەتوانن خۆیان لە بڕیارەکانی پەیوەست بە باجدانەوە بدزنەوە، لە هەمان کاتدا کێشەی سەروەریی نیشتمانیش لە ئارادایە لە ئێستادا. بە ڕای من دەوڵەتانیش، یان دەبێت هاوشێوەی دەوڵەتە ئیمپریالییەکانی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕووسیا و چین بن، یان کۆمەڵە وڵاتێك یەك بگرن، بە چەشنی ئەوەی لە یەکێتی ئەورووپادا دەبینرێت، بۆ ئەوەی بتوانن ببنە بەرگر و بەرهەڵستکاری ئەم تەوژمە جیهانییانە، کەواتە قەیرانە ڕاستەقینەکە پەیوەستە بە دیموکراسییەتی خاوەن سەروەرییەوە، یان با بڵێین بە سەروەریی دەوڵەتە دیموکراسییەکانەوە، نەك بەو شێوازە دامەزراوەییەی کە دیموکراسی لە خۆی دەگرێت. ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژە بە پرسی کۆچبەران دەکەن، کە ئاشکرایە کۆچبەران هاوشێوەی ئاڵوگۆڕی کاڵاکان ئاماژە و نیشانەیەکی بۆ کرانەوە بۆ بڕینی سنوورەکان، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێتە تەحەددا بۆ سەقامگیری لە ناوخۆی وڵاتەکەدا، کەواتە ئەمانە پرس و کێشەی جیهانین، لەبەر ئەوە کێشەکە پەیوەست نییە بە دیموکراسییەتی نەتەوەییەوە، بەڵکو پەیوەندیدارە بە دەوڵەتی نەتەوەییەوە. ئێمە دەتوانین لێرەدا ئاماژە بە پەتای کۆرۆنا بکەین، یان بە کێشەی گۆڕانی کەشوهەوا، کە ئەمانە کێشەیەکن و پێویستیان بە هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان نەتەوەکان دەبێت. مەبەستم ئەوەیە دەوڵەتێکی نەتەوەیی بە تەنیا و بە بێ دەوڵەتانی دیکە ناتوانێت ڕووبەڕووی ئەم هەموو کێشانە ببێتەوە و چارەسەریان بکات، ئەمە لە کاتێکدا دیموکراسی لەسەر دەوڵەتەی نەتەوەیی و خاوەن سەروەری بنیاد نراوە، لەم سۆنگەیەوە پێم وایە سنووربەندییەکە زیاتر لە دەوڵەتی نەتەوەیی و خاوەن سەروەرییەوە سەرچاوە دەگرێت، نەك لە خودی دیموکراسییەوە.

*** باس لەوە دەکرێت کە لە ئێستادا حوکمڕانیی نادیموکراسی لە ئارادایە لە جیهاندا و لە هەمان کاتدا دەتوانێت گەشەی ئابووری دەستەبەر بکات، بۆ نموونە چین، خوێندنەوە و لێکدانەوەی ئێوە بۆ ئەم پرسە چییە؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە دیموکراسی بۆ دەستەبەرکردنی ئازادیی سیاسی هات، بۆ ئەوەی ڕێگە بە سەرکوتکاری نەدرێت، کە بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەمانە دەستەبەر بکرێت، ئەوا دەرفەت و بواری ئەوەش دێتەئاراوە کە ژیانی خەڵکی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە باشتر بێت و بەرەوپێش بچێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە لە سەدەی بیستدا و وەك کاردانەوەیەك بەرانبەر فاشیزم و نازیزم و تۆتالیتارییەتی کۆمۆنیستی، دیموکراسییەتەکانی ئەورووپا و شوێنەکانی دیکە جەختیان لەسەر وەزیفەی کۆمەڵایەتیی دیموکراسی کردەوە، بە واتای خوڵقاندنی کەشێکی کۆمەڵایەتیی لەبار بۆ هاووڵاتیبوون، ئەمەش لە نێو دەستوری ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و چەند وڵاتێکی دیکەدا ڕەنگی دایەوە، واتە کار کرا بۆ ئەوەی کەشێکی کۆمەڵایەتیی ئەوتۆ بخوڵقێندرێت، کە تێیدا هاووڵاتییان بتوانن لە ڕووی سیاسییەوە چالاك و کاریگەر بن، لە ڕێی چارەسەرکردنی هەندێ کێشەی بنەڕەتیی کۆمەڵایەتییەوە کە تاکەکان ناتوانن بۆ خۆیان چارەسەریان بکەن. کەواتە دیموکراسی بەو شێوەیە خۆی خستەڕوو کە توانای دەستەبەرکردنی کەش و زەمینەی مومارەسەی ئازادیی سیاسی هەیە. ئەوەی پەیوەست بێت بە چینەوە، ئەوا لە ڕاستیدا ئێمە زانیاریی ڕوون و دیاریکراومان نییە لەبارەی ئەوەی چی ڕوو دەدات لەم وڵاتە گەورەیەدا، دواتر لە چیندا ئازادیی دروستکردن و پێکهێنانی کۆمەڵەکان نییە، و سەرکردەکان تەنیا ئەوانەمان پێ دەڵێن کە دەیانەوێت بزانرێت. هەروەها ئێمە نازانین لە سەروەختی پەتای کۆرۆنادا چەند کەس لەو وڵاتەدا مردن و ئایا چەند کەسی دیکە بە هۆکاری دیکە دەمرن.

**خەڵکی لە ڕێی نەچوونەوە بۆ دەنگدان و لە ڕێی بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکاندا گوزارشت لە نائومێدیی خۆیان دەکەن**

**ڕێژەی بەشداری نەکردن لە دەنگداندا ڕێژەیەکی زۆر بەرزە لە زۆرێک لە وڵاتاندا و پتر لە ٥٠٪ە، ئەمەش کاردانەوەیەکی پۆپۆلیستیی مەترسیدار دژی سیاسەتی حزبی پیشان دەدات**

**سەرکوتکاری نەدرێت، کە بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەمانە دەستەبەر بکرێت، ئەوا دەرفەت و بواری ئەوەش دێتەئاراوە کە ژیانی خەڵکی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە باشتر بێت**

**لە چیندا ئازادیی دروستکردن و پێکهێنانی کۆمەڵەکان نییە، و سەرکردەکان تەنیا ئەوانەمان پێ دەڵێن کە دەیانەوێت بزانرێت**

دیمانەی تایبەت



جەیمس لیبۆڤیج، پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان و کاروباری نێودەوڵەتییە لە قوتابخانەی ئیلییۆت بۆ کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن، کە وانەکانی تیۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی، داڕشتنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی، ململانێ نێودەوڵەتییەکان، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئاسایشی نیشتمانی و نێودەوڵەتی دەڵێتەوە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و دەرهاویشتە و ئاکامەکانی ئەم شەڕە و ئەگەری یەکلابوونەوەی بە شێوەی گفتوگۆی و دانوستاندن و سازشکردن و ئەگەری دروستبوونی بەرەی بەرفراوانی نارەزایەتی لە نێو ڕووسیا لە دژی شەڕەکە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

## پرۆفیسۆر جەیمس لیبۆڤیج بۆ گوڵان:

# ڕووسیا پێی وایە بە درێژەپێدانی شەڕەکە دۆخەکە لە بەرژەوەندیی خۆی یەکلا دەکاتەوە

*** وەك ئاشكرایە لە ئێستادا جگە لە بەردەوامبوون و درێژەكێشانی شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆكرانیا، ئاسۆیەك بۆ چارەسەر، یان یەكلابوونەوەی ئەم شەڕە بەدی ناكرێت، لە هەمان كاتدا پێناچێت هیچ لایەك بتوانن بەم نزیكانە شەڕەكە لە ڕووی سەربازییەوە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان یەكلا بكەنەوە، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئەوە ڕوونە كە لە ئێستادا شەڕەكە تووشی جۆرێك لە چەقبەستن بووەتەوە، ئەوەتا بە گوێرەی زانیارییە هەواڵگرییەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، پێناچێت دژەهێرشەكانی ئۆكرانیا بتوانێت ئامانجەكانی خۆی بەدی بهێنێت، ئەمە لە كاتێكدا ئومێد و چاوەڕوانییەكی زۆر هەبوو لە نێو ئەوروپا و ئەمریكادا لە پەیوەندی بەم دژە هێرشانەوە، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین ئەو سیناریۆیەی زیاتر ڕێی تێ دەچێت، ئەوەیە كە هێزەكانی هەردوو لایەنی بەشەڕهاتوو (ڕووسیا و ئۆكرانیا) لە پێگە و شوێنەكانی خۆیاندا بمێننەوە.

*** ئەگەر ڕووسیا نەتوانێت بەرەوپێشچوونی زیاتر بەدەست بهێنێت و بگرە زۆرێك لەو خاكانەی كە لە سەرەتای هێرشەكەیدا (كە خۆی ناوی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی سەربازی) كۆنترۆڵی كردبوون، لە دەستی دا، ئەوا پرسیارەكە ئەوەیە بۆچی سەرۆكی ڕووسیا هێندە پێداگرە لەسەر درێژەدان بەم شەڕە؟**

- لە ڕاستیدا دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت كە گرەوی سەرۆك ڤلادمیر پوتین ئەوە بوو كە لە كۆتاییدا و لە میانەی درێژەكێشانی شەڕەكەدا وڵاتانی ناتۆ و لە نێویاندا ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا تووشی شەكەتبوون دەبنەوە و دەگەنە ئەو قەناعەت و باوەڕەی كە چیتر ئەو هاوكارییانەی دەستەبەر و دابینی دەكەن، نابنە هۆی گۆڕینی هەلومەرجە سەربازییەكە لە نێو ئۆكرانیادا. نەك هەر ئەوە، بگرە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی نارەزایەتیی ناوخۆیی دروست ببێت، بە چەشنی ئەوەی لە نێو پارتی كۆمارییەكانی ئەمریكادا بەدی دەكرێت و ئەو هەستەش لە هەڵكشاندایە كە پێویستە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ئەو سەرچاوە و داراییانە بۆ نێو خودی وڵاتەكەی خۆی بەكار بهێنێت و، دەستەبەركردنی چەكەكانیش دەبنە هۆی خاڵیكردنەوەی جبەخانە سەربازییەكانی ئەمریكا، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەمریكا لە بارێكی نائامادەییدا بێت، ئەگەر هاتوو بارودۆخێكی كتوپڕ و لەناكاو هاتەئاراوە لە ئەوروپا، یان هەر بەشێكی دیكەی جیهان.

*** كەواتە دەكرێت بڵێین سەرۆك پوتین گرەو لەسەر كات و لەسەر ددانبەخۆداگرتن و پشوودرێژی دەكات، بۆ ئەوەی دەرئەنجامی شەڕەكە بۆ بەرژەوەندیی خۆی یەكلا بكاتەوە؟**

- من پێم وایە دەكرێت بڵێین پوتین لەسەر دوو ئاراستە كار دەكات، یەكەمیان ئاراستەیەك، یان گەمەیەكی درێژخایەنە، كە تێیدا پێشبینی و چاوەڕوانییەكەی ئەوەیە كە هەلومەرجەكە بۆ بەرژەوەندیی خۆی بگۆڕێت، ئەویش نەك تەنیا لەبەر ئەوەی وڵاتانی هاوپەیمانی ئۆكرانیا تووشی شەكەتبوون دەبنەوە لە هاوكاریكردنی ئۆكرانیا، بەڵكو لەبەر ئەوەی ڕووسیا هێزێكی یەدەگی زیاتر و گەورەتری هەیە، چونكە دانیشتووانێكی زیاتری هەیە، هەروەها ئێران هاوكاری دەكات لە پیشەسازیی دروستكردنی فڕۆكەی بێفڕۆكەواندا. واتە پۆتین پێی وایە ڕووسیا چەكی زیاتری هەیە و ئەو چەكانەشی كە وڵاتانی ئەندامی ناتۆ بۆ ئۆكرانیای دابین دەكەن، بەرەو كەمبوونەوە و سنورداربوون دەچن و ئەو كاتەش ڕووسیا لە پێگەیەكی باشتر و بەهێزتردا دەبێت. ئاراستەی دووەم ئەوەیە كە ڕاستە ڕووسیا لە سەرەتادا ڕووبەڕووی شكست بووەوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی چەند مانگێك ئامادەكاریی كردبوو بۆ بەرگریكردن لە دژی هێرشە پێچەوانەكانی ئۆكرانیا، وەك چاندنی بەرەكانی شەڕ بە مین و هەڵكەندنی خەندەق، بە چەشنێك كە هێرشیكردنەسەر ئەم هێڵی بەرگرییانە تێچوو و خەسارەتێكی زۆری لێ دەكەوێتەوە بۆ ئۆكرانیا، دەرئەنجامەكەش ئەوەتا كە ئۆكرانیا پێشڕەوییەكی زۆر خاوی كردووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی بەدەستهێنانی ئامانجەكان كارێكی سەخت و دژوار بێت بۆ ئۆكرانیا. لە دەرئەنجامی هەموو ئەوانەوە دۆخێك دروست بووە، كە هێڵەكانی شەڕ وەك خۆیان ماونەتەوە و تێڕوانینی سەرۆك ڤلادمیر

**ئەو سیناریۆیەی زیاتر ڕێی تێ دەچێت، ئەوەیە كە هێزەكانی هەردوو لایەنی بەشەڕهاتوو (ڕووسیا و ئۆكرانیا) لە پێگە و شوێنەكانی خۆیاندا بمێننەوە**

**گرەوی سەرۆك ڤلادمیر پوتین ئەوە بوو كە لە كۆتاییدا و لە میانەی درێژەكێشانی شەڕەكەدا وڵاتانی ناتۆ و لە نێویاندا ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا تووشی شەكەتبوون دەبنەوە**

**ڕووسیا هێزێكی یەدەگی زیاتر و گەورەتری هەیە، چونكە دانیشتووانێكی زیاتری هەیە، هەروەها ئێران هاوكاری دەكات لە پیشەسازیی دروستكردنی فڕۆكەی بێفڕۆكەواندا**

پوتینیش ئەوەیە کە تاوەکو دۆخەکە بەم شێوەیە درێژە بکێشێت، ئەوا لە کۆتاییدا هەلومەرجێك دێتەپێشەوە کە تێیدا دەتوانێت دەستکەوتی زیاتر بەدەست بهێنێت.

*** باشە ئەگەر دژەهێرشەکانی ئۆکرانیا نەیاتوانیبێت پێشڕەویی بەرچاو بەدەست بهێنن و، ئەگەر دۆخە سەربازییەکە جۆرێك لە چەقبەستوویی بەخۆیەوە بینیبێت، کە تێیدا هەردوولا جگە لە خەسارەت و زیانی سەربازی نەتوانن پێشڕەوی بکەن، ئایا ئەمە هەلومەرجێك دروست ناکات، بۆ ئەوەی بیر لە ڕێگەچارەیەکی دیکە و پەنابردنەبەر گفتوگۆ بکەنەوە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە لێرەدا ناهاوسەنگییەك هەیە، چونکە ئۆکرانیا بەشێکی بەرچاوی خاکەکەی لە دەست داوە، لە هەمان کاتدا ئامادە نییە سازش لەسەر هیچ خاکێکی بکات بۆ ڕووسیا، لە نێویاندا هەرێمی کریمیا لە بەشی باشوور، لە هەمان کاتدا ڕووسەکان و خودی سەرۆك ڤلادمی پوتینیش ئامادەی هیچ جۆرە سازشێك نین و، بگرە خودی سەرۆك پوتین لە ڕووی سیاسییەوە گرەوێکی زۆری لەسەر ئەم شەڕە کردووە، بە چەشنێك کە جگە لە یەکگرتنەوەی ئۆکرانیا بە دەربڕینی خۆیان «ڕووسیای بچووك» لەگەڵ ڕووسیای گەورەدا، هیچ شتێکی دیکە بۆ ڕووسیا مایەی ڕەزامەندی نابێت. هەرچۆنێك بێت زەحمەتە بتوانین بزانین بیرکردنەوەی ڤلادمیر پوتین چۆنە بۆ ئەوەی بزانین پاڵنەرەکانی چین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەر لە سەرەتاوە نەیشاردووەتەوە کە خەونی ئەوەیە دووبارە ئیمپراتۆریەتی یەکێتیی سۆڤییەت بنیاد بنێتەوە لەژێر حوکمڕانیی خۆیدا. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بڵێین کە زەحمەتە ئەم خەون و ئامانجانە یەك بگرنەوە لەگەڵ بیرکردنەوە لە پەنابردن بۆ گفتوگۆ و دانوستاندن و سازشکردن، چونکە پرسەکە بەلای ڕووسیاوە تەنیا پەیوەست نییە بە خاکێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو ئەوەی دەستی داوەتێ کۆششێکە (لە ڕوانگەی خۆیەوە) بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی.

*** ئایا پێت وایە چ پەرەسەندن و پێشهاتێك دەبێتەهۆی ناچارکردنی سەرۆك ڤلادمیر پوتین بۆ گۆڕینی هەڵوێست و بڕیارەکانی لە ئاست شەڕەکەدا، بۆ نموونە ئایا دروستبوونی بەرەیەکی بەرفراوانی ناڕەزایەتیی ناوخۆیی، وا دەکات سەرۆك پوتین پێداچوونەوە بە بڕیارەکەیدا بکاتەوە لە پەیوەندی بە سووربوونی لەسەر درێژەدان بە شەڕەکە؟**

- لەوانەیە بتوانین بیر لە ڕوودانی پێشهاتێکی لەم شێوەیە بکەینەوە (ئەوەی لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەی پێ کراوە)، بەڵام نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە ڕووسیا خۆی لە خۆیدا سیستمێکی خۆسەپێنە و دەسەڵاتی یاسادانانی ئەو وڵاتە تەنیا کاری پەسەندکردن و تێپەڕاندنی سیاسەتەکانی سەرۆکی ئەو وڵاتەیە، هەروەها هێشتا پشتیوانییەکی گەورەی ڕای گشتی وڵاتەکەی لەگەڵدایە و، تا ئێستا توانیویەتی هەر بۆچوونێکی ناڕەزایەتی سەرکوت بکات، کە تا ئێستا گوزارشتیان لێ کراوە، ئیدی لە ڕۆژنامەدا بووبێت، یان لە ڕێی ئامرازێکی دیکەوە بووبێت. هەرچۆنێك بێت ڕەنگە پێشبینی ئەوە بکرێت، کە ناڕەزاییەکی بەرفراوان دروست ببێت لە ئاست حوکمڕانییەکەیدا، بەتایبەتی لە نێوان ئەو کەسانەی کە توانیویانە لە سایەی دەسەڵاتی ئەودا سەورەت و سامان کەڵەکە بکەن، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە ئێستا هەست دەکەن ئەم شەڕە لە داهات و دارایی ئەوان کەم دەکاتەوە، ئەویش لە ئەنجامی سزاکان و دەستبەرداگرتنی سامانەکانیانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەو پارێزراوە بەهۆی پشتیوانیکردنی لەلایەن ڕای گشتییەوە، هەروەها بە هۆی دامەزراوە ئەمنییەکانی نێو وڵاتەکەیەوە کە پارێزگاری لێ دەکەن، چونکە تۆ کاتێك بیر لە شەڕێك دەکەیتەوە کە پشتیوانیی جەماوەری نەبێت، ئەوا ئەمە لە دەرئەنجامی گۆڕینی ڕژێمەکە و جڵەوگرتنەدەستی دەسەڵاتی لەلایەن موعارەزەوە لێ دەکەوێتەوە، چەندین ژەنەڕاڵیش بیر لە کوشتنی سەرۆك دەکەنەوە، بەڵام تا ئێستا پوتین ژیرانە کاری کردووە لەم ڕووەوە، چونکە خۆی لە دەزگای هەواڵگریی ئەو وڵاتەوە هاتووە (کەی جی بی)، ئێستاش کەسانی نێو ئەم دەزگایە لە دەوروبەریدان، چارەنووسی ئەم کەسانەش گرێ دراوە بە چارەنووسی خودی سەرۆك ڤلادمیر پوتینەوە.

**سەرۆک پوتین لە ڕووی سیاسییەوە گرەوێکی زۆری لەسەر ئەم شەڕە کردووە، بە چەشنێک کە جگە لە یەکگرتنەوەی ئۆکرانیا بە دەربڕینی خۆیان «ڕووسیای بچووک» لەگەڵ ڕووسیای گەورەدا، هیچ شتێکی دیکە بۆ ڕووسیا مایەی ڕەزامەندی نابێت**

**ڕووسیا خۆی لە خۆیدا سیستمێکی خۆسەپێنە و دەسەڵاتی یاسادانانی ئەو وڵاتە تەنیا کاری پەسەندکردن و تێپەڕاندنی سیاسەتەکانی سەرۆکی ئەو وڵاتەیە**


Insta
Insta
Meetup




# ڕەهەندەکانی کاریگەریی نەرێنیی سۆشیال میدیا لەسەر کێشە خێزانییەکان لە دیدی جیاوازەوە



هەڵکشانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەیان پرسیاری دروست کردووە، لەوانە: ئایا هۆکارە ڕیشەییەکانی ئەم کێشانە چین؟ لە کۆمەڵگەی کوردیدا تا چەند ئاسایشی خێزان پارێزراوە؟ پێویستە چی بکرێت بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە خراپ و زیانبەخشەکانی ئەو گرفتانە و هەروەها ئایا میدیا بە گشتی تا چەند کێشەی کۆمەڵایەتی زیاتر زەق کردووەتەوە؟ لە کاتێکدا پێویست دەکات، میدیا بە ئاراستەی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و سیاسی و نیشتمانیدا بڕوات. ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە هەن، کە بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامیان داوەتەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



**د. ماجید خەلیل:**

**میدیاگەلێک هەن، ڕەواجی زۆر بە توندڕەوی دەدەن، چونکە باکگراوەندیان فیکرێکی فەندەمێنتاڵی مەزهەبی و دینیی سیاسی دەیجووڵێنێ**



**عوبێد خدر گۆمەشینی:**

**سناپچات هەرچەندە شتێکی کەسی و تایبەتە، بەڵام بووەتە هۆی ئاژاوەنانەوە لەناو خێزان، ئەویش بە هۆی بڵاوکردنەوەی وێنەی خانوو، ناوماڵ، زێڕ، سەیران و گەشت و سفرە و خواردن**

د. ماجید خەلیل مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «میدیا لە ئێستادا چەند سەرچاوەی ئایدیۆلۆژی و ئەجێندای سیاسی و دینی ئاراستەی دەکات، دەکرێت لەم نێوەندەدا پرسی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی ڕەچاو نەکرێت و دەرهاویشتەی نەرێنی و نەریتیی نەخوازراوی لێ بکەوێتەوە. هاوکات دەڵێت: «دروستە، بەشێ لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان میدیا پاڵنەریانە، بەڵام بەگشتی کێشەی کومەڵایەتی و لێکترازانی کۆمەڵایەتی لەم هەرێمەی ئێمەدا فاکتەری زۆریان هەیە و بەشێکیان پەیوەستن بە میدیاوە. بەتایبەتی دەزانین زۆرترین میدیاکان هێزە سیاسییەکان جڵەوگیریان دەکات. بۆ نموونە میدیاگەلێك هەن، ڕەواجی زۆر بە توندڕەوی دەدەن، چون باکگراوەندیان فیکرێکی فەندەمێنتاڵی مەزهەبی سیاسی دەیجووڵێنێ، ئەوانە کاریگەریی خراپیان لەسەر چەقبەستنی کۆمەڵایەتی هەیە. یان میدیای وەها هەن، پڕۆژەی دەرەکین و وڵاتێکی هەرێمی هێزی دەداتێ، ئەوانە نایانەوێ ئارامشی کۆمەڵایەتی بوونی هەبێ. بەگشتی میدیا کە ڕووی کەلتووری و فەرهەنگی و سیاسیی هەرێم ڕووماڵ دەکات، کاریگەرییەکانی شۆڕ بووەتەوە بۆ ناو توێژە کۆمەڵایەتییەکان، میدیا کاتێ دەتوانێ ڕۆڵێکی ئەکتیڤی ئەرێنی هەبێ، کە ڕەچاوی ئیتیك و ئەخلاقیات و بەرپرسایەتییەکی بابەتییانەی نەتەوەی و نیشتمانی بکات».


د. ماجید خەلیل، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «تاك لەژێر کاریگەریی میدیادایە، چ لەڕێی بڵاوکراوە بێ، یان بەرنامە و زنجیرە و سینەمای ناوخۆ و دەرەوە، تێکڕا وەك نەریتی هەموو وڵاتێ کاریگەربوونیان بە میدیا زیادی کردووە، بەتایبەتی میدیای ئەلیکترۆنی بەردەوام بوونی خۆی لەلای هەموو تاکێك بەرجەستە دەکات. هەر بۆیە بە هەموو ئاقارەکانی ئەرێنی و نەرێنی شوێنی خۆیان دادەنێن. لێرەدا هۆشیاری پەروەردەیی و ڕۆشنبیری دەتوانێ ببێتە فیلتەری فیکری چاك و خراپ، کە ئەوەش پێویستی بە پڕۆژەیەکی دوورمەودا و پلانی پێشینەی دەوڵەتە، تاوەکو تاك لەو کاریگەرییە کەلتوورییە باوەی میدیا پارێزراو بێ».

عوبێد خدر گۆمەشینی، توێژەر و ڕۆژنامەنووسە و سەبارەت بە هەمان پرس ڕای وایە: «ئەو گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەی لە جیهان ڕوویدا، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کۆمەڵگە و بیروبۆچوون و کەلتوور و دابونەریتەکانی کۆمەڵگە و تاکەکان هەبووە، بووەتە هۆی تێڕوانین و بیرکردنەوەی تاك، لە تاکێکی سادە و ساکارەوە گۆڕیویەتی بۆ تاکێکی کراوەتر و واقیعییانە، بەڵام ڕۆڵی میدیا کاریگەریی خێرا و ڕاستەوخۆی لەسەر کۆی کۆمەڵگە هەبووە، بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فیسبوك و ئینستاگرام و تیك تۆك و سناپچات، ئەمەش بەهۆی مۆبایلی زیرەك و کۆمپیوتەر کە زۆرینەی تاکەکان تەنانەت منداڵ و پیرەکانیش بەکاری دێنن. ئەم ئامرازانە ڕاستە بۆ کارئاسانی و بەهێزکردنی تۆڕەکانی پەیوەندین، بەڵام خراپ بەکارهێنانی بە شێوەیەکی ڕەها و بێ هیچ سانسۆرێك، بووەتە هۆی کێشەی گەورە و ئاڵۆز، بەتایبەت لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، وەك لێك هەڵوەشاندنەوەی خێزان و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگە». گوتیشی: «تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە شوێنی خۆدەرخستن و نمایشکردنی مرۆڤەکان، وای کردووە، تایبەتمەندییە کەسی و خێزانی و هاوسەرگیرییەکانی نەهێشتووە، تەنانەت کێشە بچووك و ئاساییەکانی نێوان ئەندامانی خێزان و هاوسەران، تاوەکو نهێنییەکانی نێوان کەس و خێزانی نەهێشتووە، بەتایبەت تیکتۆك کە هیچ سانسۆرێك و ڕێگری لێ ناکرێت، وای کردووە، چ شتێکی دوور لە بەها کۆمەڵایەتی و بنەما ڕەوشتییەکانن بڵاوی بکەنەوە، کەسانێك هەن، ڕیکلام بۆ کاری بێڕەوشتی دەکەن، کە زۆرینەی تاکەکان دەیبینن، هەروەها سناپچات هەرچەندە شتێکی کەسی و تایبەتە، بەڵام بووەتە هۆی ئاژاوەنانەوە لەناو خێزان، بە هۆی بڵاوکردنەوەی وێنای خانوو، ناوماڵ، زێڕ، سەیران و گەشت و سفرە و خواردن، کە لەوانەیە خەڵکانێك بارودۆخی ئابوورییان خراپ بێت و نەتوانن دابینی بکەن، چەندان خێزان شەڕ و ئاژاوەی تێدا دروست بووە و تەنانەت گەیشتووەتە حاڵەتی جیابوونەوەی هاوسەران. یان تەلەفزیۆنەکان، هەندێکیان ڕۆڵێکی زۆر نەرێنی دەبینن، وەك پێشکەشکردنی بەرنامەی ناپەروەردەیی و ناتەندروست تەنیا بۆ کۆکردنەوەی بینەری زیاتر و کێبڕکێکردن لەگەڵ کەناڵێکی دیکە، بەداخەوە بەرنامە هەیە بچووکترین کێشە و گرفتی خێزانی، یان کەسی پێشکەش دەکەن، یان خستنەڕووی هەموو تاوان و کارێکی نەشیاو، جوانکردنی تاوان لەلای هاووڵاتیان بووەتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی تاوان و کێشەی کۆمەڵگە. بەداخەوە ئەوەندەی کەناڵ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کاری بازرگانین، نیو ئەوەندە کار لەسەر بنەما پەروەردەییەکان ناکەن، چەندان کچە مۆدێل و ژنە ڕیکلامی پەیدا بوون، کاردانەوەی نەرێنی لەسەر عەقڵ و هەستی تاکەکان دروست دەکەن. جگە لە دەرخستنی کەسانی هیچ لەبار نەبوو و فاشل و دەرخستنیان بە پاڵەوان و بازرگان و خاوەن سەرمایەی زۆر، کە کێشەکان ئاڵۆز دەکەن و هەوڵی ڕێگەچارەی کێشەکان نادەن».

هەرمن ئەحمەد، چالاکی مەدەنییە و یەکێکە لەو هەزاران کەسەی کە میدیای نابەرپرس، بە بەشێك لە هۆکارەکانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەزانن. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «ناتوانین بڵێین کۆی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بۆ میدیا دەگەڕێتەوە. کێشە کۆمەڵایەتییەکان فاکتەری جیاوازیان هەیە، یەکێك لە و فاکتەرانە میدیایە و میدیا کاریگەرییەکەی زۆری هەیە لەسەر سایکۆلۆجیەتی خەڵك، بەتایبەتی لەناو کۆمەڵگاە خۆمان، بەڵام وڵاتانی پێشکەوتووی دونیا پێشینەیەکی دوور و درێژیان هەیە لەگەڵ کاری میدیایی، میدیا لای ئەوان ئاوێنەی ڕاستییەکانە، بە پێچەوانەی وڵاتی ئێمە، چونکە بۆ کۆمەڵگەی کوردی میدیا شتێکی نوێیە، هەر بۆیە دەبینین و دەبیستین، زۆرجار بە هەڵە بەکار دەهێنرێت و زۆر کات بۆ بەدەستهێنانی سەرنجی بینەر و بیسەر بابەتەکان گەورەتر دەکەن لە قەبارەی خۆی، لە کاتێکدا پێویستی بەو گەورەکردنە نییە». گوتیشی: «کێشە گەورەکە ئەوەیە لە میدیای کوردی زۆر جار نهێنییە هەستیارەکان ناپارێزن، کە هیچ پێویستی بە باسکردن نییە، هەروەها میدیا بە جۆرێك لە جۆرەکان بووەتە ئامرازێك بۆ گواستنەوەی هەواڵی خێرا، هەرچەندە دڵنیاش نین لەوەی ئایا ئەو هەواڵەی کە بڵاوی دەکەنەوە، سەرچاوەکەی ڕاستە، یان ڕاست نییە. واتە میدیای نابەرپرس کێشەی لە عەقڵی کۆمەڵگەدا دروست کردووە. کە بوون و ڕۆڵی ئافرەتی سەرکەوتووی پێ قەبووڵ نییە، نوێ بوون و نوێکاری لاپەسەند نییە، سەدان هێڵی سوور بۆ ڕەگەزی مێینە دانراوە و هیچ سنوورێکی بۆ ڕەگەزی نێر دانەڕشتووە. کەواتە پشتگوێخستنی بنەماکانی کاری پیشەیی میدیای بەرپرسیار، بووەتە هۆکاری هەڵکشاندنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، نەك گەیاندنی پەیامەکان بە دروستی و زانستی کە کۆمەڵگە بەرەو پێشەوە ببات».

ڕێبوار حەمەلاو شوانی نووسەر و ڕۆژنامەنووس، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «گرنگە میدیا بە ئاراستەی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و سیاسی و نیشتمانی هەنگاو بنێت. هاوکات دەڵێت: «ئەگەر هەڵوەستەیەکی وردبینانە لەسەر میدیا بە هەموو جۆرەکانیەوە لە ڕابردوو و ئێستای مرۆڤایەتی و ڕۆڵی و کاریگەری ڕاگەیاندن لە ژیانی مرۆڤدا بخشێنین، دەبینین کە ڕاگەیاندن هۆکارێکی گرنگە لە گۆڕانکارییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی کۆمەڵگەکان، لێرەشەوەیە کە وەرچەرخانە گەورەکان دێنە بوون و ڕاگەیاندن وەك کایەیەکی خاوەن هەژموون دێتە مەیدانەوە، کە زۆر کات وەك دەسەڵاتێکی بەهێز لێی دەڕوانرێت و بەناوی دەسەڵاتی چوارەم ناوزەد دەکرێت. میدیای کوردستان هەر وەك بەشێکی زۆری میدیای وڵاتانی ناوچەکە لەبەر ئەوەی میدیایەکی ئاراستەکراوە و ئاراستەی سیاسی بەسەریدا زاڵە، بووەتە میدیایەکی سیاسی، ئەویش بە هۆی ئەو بارودۆخە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ژیارییەی کە وڵاتی گرتبووەوە، هەر ئەوەشە وای کردووە، زۆرێك لە میدیاکان لە جیاتی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی نیشتمانپەوەری و کوردپەروەری و خۆشەویستیی خاك و پارێزگاریکردن لە ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتی، ڕۆڵی نەرێنی ببینن و ڕکابەرییەکی ناتەندروست بکەن».

ئەو ڕۆژنامەنووسە پێشنیار دەکات، «لەم قۆناغە هەستیارەدا ڕق و کینە وەلاوە نێین، یەکهەڵوێست بین و یەك سەنتەری بڕیاردانمان هەبێت». گوتیشی: «لە ئیستادا ئەوەی کاریگەری پلە یەك و سەرەکی لەسەر خێزان و کۆمەڵگە دروست دەکات، میدیایە، میدیا بە بێ پرس و لە دەرگادان هەموو کاتێك لەناو خێزانەکان ئامادەیە، هەنووکە ئەوە میدیایە ئاراستەی کۆمەڵگە دەکات. بەڵام هەندێك میدیای بەرژەوەندیخواز بۆ ناوبانگی زیاتر و قازانجی ماددی هیچ بەهایەکیان بۆ کۆمەڵگە نەهێشتووەتەوە و هەموو سنوورەکانیان شکاندووە، ئەوە من بە فەوزا و بێ سەروبەری ناوی دەبەم، چونکە هیچ پەیوەندییەکی بە ئازادییەوە نییە، بەڵکو پێشێلکردنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتییە کە پەیوەندی بە یەك بە یەکی تاکەکانی کۆمەڵگەوە هەیە. ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین، لە دونیای سۆشیال میدیادا گفتوگۆ و بیروراگۆڕینەوە بە شێوازی هێمن و لەسەرخۆ، کە هونەرێکە و کەم کەس پێی ئاشنان کەم و دەگمەنە، کۆمەڵگەش لە کاتی گفتوگۆی تاکەکاندا بە دیار دەکەوێت، لە کاتی تووڕەییدا، ئەقڵ غایب دەبێت؛ هەر حزبێك کە یەك سەنتەری بڕیاردانی نەبوو، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی پچڕپچڕبوونیان؛ بۆیە میدیا دەتوانێ هیوای ژیان و داهاتوویەکی ڕوون بۆ بەردەنگی دروست بکا و دەشتوانێ تۆی نائومێدی و ڕەشبینی بچێنێ. بەڵام میدیا بە شێوەیەکی بێلایەنانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕاستیی ناکات و هەوڵ دەدات کە بەشێك لە واقعییەتێك بە شێوەیەکی تایبەت نیشان بدات. ئەمەش خۆی لە خۆیدا زیانی بۆ لێکترازان لە گشت ڕووەکانەوە هەیە. دەبێت ئاراستە وتاری میدیایی بەرەو کوردپەروەری وسەقامگیری و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندییە باڵاکانی کورد و کوردستان بێت و پێچەوانەکەشی تەنیا خزمەتکردنە بە نەیارانی ئەم گەل ونیشتمانە».



هەرمن ئەحمەد:

**پشتگوێخستنی بنەماکانی کاری پیشەیی میدیای بەرپرسیار، بووەتە هۆکاری هەڵکشاندنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، نەک گەیاندنی پەیامەکان بە دروستی و زانستی کە کۆمەڵگە بەرەو پێشەوە ببات**



ڕێبوار حەمەلاو شوانی:

**هەندێک میدیای بەرژەوەندیخواز بۆ ناوبانگی زیاتر و قازانجی ماددی، هیچ بەهایەکیان بۆ کۆمەڵگە نەهێشتووەتەوە و هەموو سنوورەکانیان شکاندووە**

### شەیما وەلی:

# کارکردن باشترین و جوانترین سیمایە بۆ ئافرەت دوای پەروەردەی منداڵ و دایکایەتی

شەیما وەلی خانمە گەنجێکی دەست و پەنجە ڕەنگینی شارە جوانەکەی سلێمانییە، دوای تەواوکردنی قۆناغی زانکۆ، بە هۆی نەڕەخسانی هەلی دامەزراندن لە کەرتی گشتی، لە ماڵەکەی خۆیدا دەست دەکات بە کارکردن، ئەویش لە ڕێگەی ڕازاندنەوەی کووپی چا و قاوە و کەلوپەلی نانخواردن بە سیرامیکی سارد، وەك خۆی باسی دەکات، لە ساڵی ٢٠١٦ دەستی بەم کارە کردووە و فیدباکێکی زۆرباشیشی هەیە، پەیجێکی داناوە بە ناوی «پەنجەی گوڵ» و لە ڕێگەی پەیجەکەیەوە کەلوپەلە نەخشێندراوەکانی بە بازاڕ دەکات. لە دەرفەتێکدا بەمجۆرە باس لە هەنگاوەکانی کارکردنی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی





شەیما وەلی، ساڵی ١٩٩٤ لە دەربەندیخان لەدایك بووە، دانیشتووی شاری سلێمانییە و لە دەرچووی بەشی ڕاگەیاندنە، لە ئێستادا بە هۆی سوودمەندنەبوونی لە دەرفەتی دامەزراندن، لە ماڵەکەی خۆیدا کاری دەستڕەنگینی دەکات. ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە و دایکی دوو منداڵە و بەمجۆرە باسی ژیانی تایبەتیی خۆی دەکات: «پاش تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنم بە سەرکەوتوویی، بەڵام دانەمەزرام، لەبەر ئەوە هەوڵمدا، کارێك بدۆزمەوە، کە هەم کاتەکانم پڕ سوود بن، هەم لایەنی ماددیم باشتر بکات و سەرچاوەیەکی داهاتم هەبێت. سەرەتا لە ئینتەرنێت کۆمەڵێ زانیاریم لەسەر ئەم کارە کۆکردەوە، ئەویش بە حوکمی ئەوەی هەر لە منداڵییەوە بەهرەی وێنەکێشان و کاری هونەریم هەبووە، کە گەورەش بووم، خۆم لەم کارە بینییەوە، پاشان پەرەم بە بەهرەکەم دا، کەلوپەلە نەخشێندراوەکانم لە شێوازی بەکارهێنانیان زۆر تۆکمەیە و کوالێتییان بەرزە و تاکە براندە لە تەواوی کوردستان و ماوەی چوار ساڵە لەم کارەم بەردەوامم و خواستی زۆری خەڵکی لەسەرە، چونکە لە نرخدا ڕەچاوی داهاتی خانمان دەکەین».

ئەو خاتوونە پەنجە ڕەنگینە هەر لە بارەی کارەکەیەوە زیاتر گوتی: «نەخشکردن بە سیرامیك چەندین شێوەی بەکارهێنانی هەیە، ئەوەی من سیرامیکی ساردە، هەوڵم داوە ئەو کارە بکەم کە لە کوردستان نەکراوە، سوپاس بۆ خوا تاکە براندین لە هەموو کوردستان، سیرامیکەکە دەنەخشێنین لە شێوەی چەندین گوڵی هەمەچەشن بۆ سەر کووپ و سێتی میوە و چەرەس و زۆربەی کەلوپەلی مەتبەخ، هەروەها لەسەر کووپی تاك نەخش و گوڵ دروست دەکەین بۆ دیاری، بە جۆرك گوزاشت لە پیشە جیاوازەکان دەکات، بۆ نموونە کووپی دیاری خۆشەویستان بە جۆرێکی تایبەتە، هەروەها بۆ پزیشك، یان ئەندازیار جۆری نەخشاندنەکەی لە پیشەکەیانەوە نزیك دەبێت، کارەکانمان بۆ خەڵك جێگەی دیارییە گرانبەهاکانی پڕکردووەتەوە و کەسەکان زیاتر تایبەتمەندیی خۆیانیان تێدا دەبینن».

لە بارەی بەرنامەشی بۆ کارەکەی لە داهاتوودا گوتی: «هەوڵ دەدەین کارەکەمان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو پێش بچێت، چونکە سوپاس بۆ خوا داواکاری و ڕەزامەندیی بەردەوامی لە لایەن بەکارهێنەرانییەوە لەسەرە، لایەنێکی دیکەی باشی کارەکەمان ئەوەیە دەتوانرێ کەلوپەلەکان وەك هەر کاڵایەکی دیکە بەکار بهێنرێت و بشۆردرێت».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا بە داهاتی کارەکەت توانیوتە هاوکاریی خێزانەکەت بکەیت؟ گوتی: «بەڕاستی داواکاری و پێویستیی سەردەم زۆر بووە، بەڵام لانیکەم داهاتەکەم بەشی ئەوە دەکات، هەندێك لە پێداویستییەکانی خۆمی پێ دابین بکەم و ئەو ئەرکە لەسەر هاوژینەکەم سووك بکەم».

گوتیشی: «زۆرم پێخۆشە کارەکەم لە چوارچێوەی ماڵدا نەهێڵم و شوێنێکی تایبەت بە کارکردنم هەبێت و پەرە بە کارەکانم بدەم، بەڵام چونکە دایکی دوو منداڵی بچووکم ئەو هەنگاوەم نەناوە، چونکە دایکایەتییەکەم لە هەموو کارەکان لەلام پیرۆزتر و گەورەترە، هەر بۆیە لە ماڵەوە کار دەکەم».

سەبارەت بە ڕەوتی کارکردنی خانمانی کوردیش لە ئێستادا گوتی: «باشترین و جوانترین سەرقاڵی بۆ ئافرەت دوای پەروەردەی منداڵ و دایکایەتی، کارکردنە، چونکە زۆر خاتوون لە ماڵەوەن و دانەمەزراون، کاتی بەتاڵیان زۆرە و لایەنی ماددیشیان لاوازە، لە کاتێکدا هەموو ئەو کاتە زێڕینەی لەبەر دەستیاندایە، بەداخەوە بە سۆشیال میدیاوە بەسەری دەبەن، لەبری ئەوە دەتوانن لە ماڵەکانی خۆیاندا کار بکەن، چەندین کاری دەستی جوان هەن کە تازەن لە کوردستان و دەتوانن لەو ڕێگەیەوە ببنە خاوەن داهاتی خۆیان، خۆشبەختانە لە کوردستان تەواوی پێداویستی و کەرەستە و کاڵاکانی کاری دەستی هەن، کە بۆ دەستپێك پارەیەکی کەمی پێویستە. ئێمە لە پەیجەکەی خۆمان بەناوی_panjay_gull چەندین کاری جیامان خستووەتە ڕوو کە لە کوردستان نین، خانمان دەتوانن سوودی لێ ببینن، لە ڕاستیدا کارەکەمان تا ئێستا نەك لە کوردستان، لە عێراقیش تاکە، لا بەلا تاك و تەرا تەقلید دەکرێم، بەس نەبوون بە داهات بۆ خاوەنەکانی، من کەرەستەی گران و کوالێتی بەرز دەکرم، بۆ ڕازاندنەوەی کەلوپەلی چێشتخانە و زەمانی شۆرینی دەکەم».

**کەلوپەلە نەخشێندراوەکانم لە شێوازی بەکارهێنانیان زۆر تۆکمەیە و کوالێتییان بەرزە و تاکە براندە لە تەواوی کوردستان**

**هەوڵم داوە ئەو کارە بکەم کە لە کوردستان نەکراوە، سوپاس بۆ خوا تاکە براندین لە هەموو کوردستان**





### دالیا ئەلکوری بۆ گوڵان:

# کامیرا ئامرازێکە بۆ تێگەیشتن لە واقع بە شێوازێکی قوڵتر



دالیا ئەلکوری دەرهێنەرێکی سەربەخۆی فیلمی دیکۆمێنتارییە و کار لەسەر پرۆژەی نێوان ژانرەکان دەکات، فیلمەکانی بەدواداچوون بۆ تابووە کلتوورییە جیاوازەکانی جیهانی عەرەبی دەکەن و بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنییە نێودەوڵەتییەکانی وەك ZDF Arte و Al-Jazeera و Al Ara-biya بەرهەم هێنراون و نمایشکراون، یەکەم فیلمی Possessed by Djinn بوو، خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە فیلمی دیکۆمێنتاریی شاشە لە زانکۆی گۆڵدسمیتس، ساڵی ٢٠١٤ فیلمێکی بە ناوی (پێشمەرگە جارێکی تر) بەرهەمهێنا و لە کەناڵی ئەلعەرەبییە نمایش کرا، لە دەرفەتێکدا بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی دایەوە.

*** سینەمای دیکیۆمنتاری بە چی جیا دەکریتەوە؟**

- سینەمای دیکیۆمنتاری، بەتایبەتی لە وڵاتانی عەرەبی بە سینەمای بەرگری دادەنرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هەموو شتەکان بە سیاسی کراون، هەر شوێنێکت بوێت کە تیشکی بخەیە سەر و کامیراکەت دابنێیت، دەتوانیت چیرۆکێکی مرۆیی ببینیت کە وا لە مرۆڤ دەکات بەرگریکردنی ئەو واقعە ناخۆشەی کە ئێستا وڵاتانی عەرەبی پێیدا تێپەڕ دەبن، بڵێین زەرووەتێکە و پێویستە پەلەی لێ بکرێت، بەڵام سینەما خۆی وجودی هەیە و ئەرکی سینەما نییە مقاومە و چارەسەرکردنی کێشەکان نییە، چونکە مقاومە ئەرکی سینەما قورستر دەکات و ئەگەر بە شێوەیەکی درووست بەرهەم نەهێنرێت، ئەوا سینەما دەبێتە ئامرازێك بۆ پروپاگەندە وەك ئەوەی لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ڕووی دا. من لە هەموو کارەکانمدا کامیرا ئامرازێك بووە بۆ تێگەیشتن لە واقعی دەوروبەرم بە شێوازێکی قووڵتر و ڕاستگۆیانەتر و لە ڕێگەی وێنەگرتنی ئەو کێشانەی کە کاریگەرییان لەسەر من هەیە و شارەزاییم لێیان هەیە بە هۆی چەند کەسایەتییەکی بەهێز و ئیلهام بەخش.

*** سینەما چۆن پەیامی ڕاستی بە جیهان دەگەیەنێت؟**

- ئەو دەرهێنەرانەی گرنگی بە جەماوەر دەدەن، دەبێ ئەوە بزانن کە جیهان و بینەر پێویستیان بە کێشەیەکە کە وەك خۆی بێت، بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی تەواوی لەسەر هەبێت، واتە هەڵبژاردنی پاڵنەرە کەسییەکانی ئەکتەر و کەسایەتییەکان لەلایەن نووسەر یان دەرهێنەرەوە، پێویستە ڕوون و ئاشکرا بێت، بۆ ئەوەی بینەر بە ئاسانی لێیان تێبگات. بۆ نموونە کەسێکی نەرویجی ناتوانێت گرفتەکانی عێراق وەربگرێت و تێی بگات، بەڵام ئەگەر کەسایەتیی سەرەکی کارەکە (دایك) بێت و پاڵنەرەکەشی بریتی بێت لە پاراستنی منداڵەکەی لە جەنگ و، فۆکس زیاتر بخرێتە سەر ئەو کێشە مرۆییە نەك بەرمیل باروت و تەقەمەنی، ئەوا بە ئاسانی دەتوانین بگەینە ئاستی سینەمای جیهانی.

*** شوناس تا چەند لە کارەکانت ڕەنگی داوەتەوە؟**

هەر لە سەرەتاکانی کاری هونەریمدا هەوڵمداوە لە مرۆڤ بگەم بە هۆی کێشەی شوناسەوە، ئەگەر ئەم کێشەیە پەیوەندیی بە زمان، ئایین یان بە جۆراوجۆریی ئارەزووەکانمەوە هەبێت، زۆر چیرۆك و گرفتمان هەیە کە شایەنی ئەوەن بخرێنە ڕوو، بەڵام لە ناخی ئێمەدا پەنگیان خواردووەتەوە بە بیانووی حەڵاڵ و حەرام، من لە چەندین وڵاتی جیاجیادا ژیاوم بۆیە هەست دەکەم کە جیهانی نوێ شوناسی ئاوێتە درووست دەکات و چەند پرسیارێك دەوروژێنێت دەربارەی (ئێمە کێین)، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە پێویستە بچینە نێو مێژووە و تابۆکانی دابونەریت بشکێنین، هەر فیلمێکم بەرهەم هێنا بێت یارمەتیی داوم بۆ ئەوەی زیاتر لە خودی خۆم بگەم و ئاسوودە بم لەگەڵ شوناس و کیانی بەرفراوان و نوێبوەی خۆم، بێ ئەوەی ئەسڵ و شوناسی خۆم لە بیر بکەم.

*** تۆ بە ڕەچەڵەك فەلەستینییت، کەموکورییەکانی سینەمای فەلەستینی چین؟**

- سینەمای فەلەستینی زۆر پێشکەوتووە، بە جۆرێك کەس ناتوانێت ڕەخنەی لێ بگرێت یان لە ئاستی هونەریی کەم بکاتەوە، چونکە شوێن پەنجەی پرۆفیشناڵی لە سینەمای هیچ وڵاتێك ناچێت، لە وۆرکشۆپێکدا بەشداریم کرد کە نزیکەی (٢٠) سینەماکاری جیهانی تێیدا بەشدار بوون، لەوانە (١٥) یان باسی فەلەستینیان کردبوو، یان فیلمەکانیان لە فەلەستین بەرهەم هێنابوو، ئایا ئەمە بە ڕێکەوت بووە؟ من هیچ لەو دەرهێنەرانە ناناسم، بەڵام زۆریی ئەو دەرهێنەرانەی دیانەوێ تیشك بخەنە سەر فەلەستین مایەی سەرسوڕمانە، ئەنجامەکانیش هەمیشە دڵخۆشکەرن، وابزانم سینەمای کوردییش پێشتر ئەم گرنگییە زۆرەی پێدراوە، لەلایەن بەرهەمهێنەرانی سینەمای دەرەوە، بۆ نموونە ساڵی ٢٠١٤ لە هەرێمی کوردستان بووم فیلمێکی دیکیۆمنتاریم بەرهەم هێنا بە ناوی (پێشمەرگە جارێکی دی — البيشمركه مره اخرى) کە تیشك دەخاتە سەر (سێ) پێشمەرگە، من لە کوردستان دەژیام بۆیە ئەو بابەتە سەرنجی ڕاکێشام، بۆیە دەڵێم چەند دەرگاکانی کوردستان بکرێنەوە بۆ هونەر و سینەماکاران زیاتر سینەمای کوردی سەرنجی جیهان ڕادەکێشێت.

*** نهێنی سەرکەوتنەکانت چینیە؟**

- گەورەترین گرفت بۆ دەرهێنەر لەوانەیە گرنگترین دەرفەت بێت، (ئارامگرتن) و چاوەڕوانی بۆ کۆکردنەوەی پارەی پێویستە بۆ کۆتاییهێنان بە فیلم، لەوانەیە فیلمێکی دیکیۆمنتاری چەند ساڵێکی پێویست بێت، بەڵام ئەم پرۆسە درێژخایەنە دەرهێنەر تاقی دەکاتەوە و جەخت دەکاتەوە لەسەر گرنگی کۆتاییهێنان بە پرۆژەکە، فیلم پێویستی بە ئاگرێکی هێمنە بۆ ئەوەی بیرۆکەکان بە شێوەیەکی قووڵ بخەیتە ڕوو، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی کارێکی زەحمەتە.










# ئەنجلینا پەرە بە بزنسەکەی دەدات

ئەنجلینا جولیی ئەستێرەی هۆلیوود سەرەڕای ئەوەی خاوەن سەروەتێکی زۆرە کە لە بواری سینەمادا بەدەستی هێناوە، بەم دواییە ڕووی لە بواری بزنسیش کردووە و مارکەی تایبەتی خۆی بەناوی (ئەتێلیر جۆلی) ڕاگەیاند.

جۆلی لەم بارەوە دەڵێت: «ئەمڕۆ دەست بە پرۆژەیەکی نوێ دەکەم. گرووپێك کە ڕێگە بە هەمووان دەدات داهێنەر بن.»

ئاماژەی بەوەش کردووە، «ئەتێلیر جۆلی شوێنێکە کە کەسانی داهێنەر لەگەڵ بەرگدروو و نەخشە ساز و پیشەسازییە جیاوازەکانی لێهاتوو لە سەرانسەری جیهان هاوکاری دەکەن، ئەمە لە پێزانین و ڕێزگرتنی قوولەوە سەرچاوە دەگرێت بۆ ئەو بەرگدروو و دروستکەرە زۆرانەی کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لەگەڵیاندا کارم کردووە، هاوکات خواستی بەکارهێنانی کەرەستەی کۆن و قوماشی مردووی کوالێتی بەرزە کەهی پێشترە.

ئەنجلینا براندەکە لە ڕێگەی ئەکاونتی ئینستاگرامەکەیەوە نمایش کرد و وردەکاریی زیاتری سەبارەت بە ئامانجەکەی بڵاو کردەوە.

ئەو نووسیویەتی: «ئەتێلیر جۆلی هەوڵ دەدات پیشەسازیی مۆدە زیاتر گەشە بکات، ڕێگە بە کڕیاران دەدات دەستیان بگات بە کۆمەڵێك دیزاینەری تازەپێگەیشتو و داهێنەری ئەم بوارە».

ئەنجلینا لە بارەی بازاڕکردنی بۆ ئەم بەرهەمە نوێیە دەڵێت: «ئۆنلاین سەرچاوەیەکی گشتگیری دەبێت بۆ دۆزینەوەی دروستکەرانی جلوبەرگ، و کەرەستەی کۆن بۆ دروستکردنی پارچەی یەکێك لە جۆرەکان کە داهێنەری کەسی و ئامانجی سەرەکی بەرجەستە دەکات، چونکە مارکەی ئەتێلیر جۆلی جەخت لەسەر هەمەچەشنی دەکاتەوە».

ئەنجلینا هەروەها ڕوونی کردەوە: «بە کارکردن لەگەڵ پیشەسازی و داهێنەرانی جیهانی، هیوادارین یارمەتیدەر بین لە هاوبەشیکردنی دەوڵەمەندی میراتی کلتووری و پشتگیری لە پەرەپێدانی کارەکاندا بکەین.»

سەرچاوە سی ئێن ئێن

# نرخی گوارەی تایلۆر سویفت سێ ملیۆن دۆلار بوو

لە ٦٥ەمین خولی خەڵاتی گرامی ساڵی ٢٠٢٣دا، کورتە فیلمی تایلۆر سویفت بە ناوی (هەموو زۆر باش) خەڵاتی باشترین ڤیدیۆ کلیپی ساڵی بەدەست هێنا.

ئە ستێرەکە بە شێوەیەکی جیاواز لە ئاهەنگەکەدا و بە شێوەیەکی جیاواز لە شینی دەریایی بە شداری کرد، بەڵام سەرنجڕاکێشترین شت لە ڕوخساریدا گوارەکانی بوو، کە تێچووەکەی سێ ملیۆن دۆلار بوو.

گۆڤاری ڤاریتی تەنها ئاشکرای کردووە، تایلۆر سویفت بە سێتێکی زێڕینگەریی لەلایەن لۆرین شوارتزی بەناوبانگەوە دەرەوشاوەتەوە، کە گوارەی تایبەتی بۆ دروست کردووە، بۆ ئەوەی لەسەر فەرشی سوور لەبەری بکات.

گوارەی ئۆتۆمبێلەکان ئەڵماسی شینیان تێدابوو کە بە گەوهەر دروست کرابوون، کە لەلایەن ڕۆبێرتۆ کاڤالی دیزاین کرابوو، ئەو ئەستێرەیە لە نوێترین ئەلبوومیدا بە ناوی (نیوە شەوەکان) کاری لەگەڵدا کردووە.

هەروەها زیاتر لە ١٣٦ عەیار یاقوت و پاریبا و ئەڵماسی وەنەوشەیی سرووشتیی تێدا بوو.

ئاهەنگی خەڵاتەکانی گەرمی بۆ ساڵی ٢٠٢٣ لە کریپتۆ.کۆم ئارێنا (پێشتر سەنتەری ستاپلز) بەڕێوە چوو و بۆ سێیەم ساڵ لەسەریەك لەلایەن ترێڤەر نوحەوە پێشکەش کرا.

مەراسیمەکە شایەتحاڵی نمایشی گرنگترین ئەستێرەکانی ژن و پیاو لە جیهاندا بوو، جگە لە ڕێزلێنان لە خوالێخۆشبوو لۆریتا لین و ڕاپەر تەك ئۆف و کریستین مەکڤی بە نمایشێکی تایبەت، لە مەراسیمەکەدا ژمارەیەك لە گرنگترین گۆرانیبێژە جیهانییەکانیش ئامادە بوون.

لەم ئاهەنگەدا ئەستێرەی ئەمریکی بیۆنسێ توانی ژمارەی پێوانەیی جۆرج سۆڵتی بشکێنێت، کە براوەی ٢٨ خەڵاتی گرامی بوو، بۆ ئەوەی ببێتە ئەو هونەرمەندە لە مێژوودا زۆرترین خەڵاتی گرامی بەدەستهێناوە، بە کۆی گشتی ٣٢ خەڵاتی بەدەستهێناوە بەراورد بەو ٨٨ خەڵاتەی کە لە ناویدا پاڵێوراو بووە.

**سەرچاوە البوابە**





# فۆرم و قاڵبە موزیکییەکان..
# ناسینەوەی کولتوور



■ فەرهەنگ غەفوور

هونەر بووە بە سیمایەکی ڕوونی نەتەوە و کۆمەڵگەکانی جیهان، لەم بارەشەوە کەلەپوورێکی بەرفراوانیان پێکەوەناوە و لە ڕێی هونەرەکەشیانەوە مێژوو، داستان، سەروەری و شۆڕش و بەرەنگاربوونەوەکان، عیشق و نامرادی و چیرۆکی جیاجیایان گێڕاوەتەوە و دواتر بوون بە میرات و کلتووری کۆمەڵگەکانیان.

ئێمە توێژینەوەیەکی ورد و چڕوپڕمان لەو کولتوور و هونەرەی گەلان لەبەردەستدا نییە، بەڵام دەشزانین کە سامانێکی گەورەی هونەرییان هەیە و داهێنانی گەورەشیان تێدا کردووە و هونەرمەندی ناوداریشیان لە ناودا هەڵکەوتوون، کە هەندێکیان سنووری کۆمەڵگەکانی خۆیان بڕیوە و بوونەتە ئەستێرە و هونەرمەندی جیهانی و مرۆڤایەتی.

هەرچی سەبارەت بە کوردە، ئەوا بوارەکە هێندە فراوان و گەورەیە، کە ڕەنگە کەم نەتەوە و کۆمەڵگەی دیکە هەبن شان لە شانی بدەن، بەڵام کورد بە درێژایی مێژوو هەر لە شۆڕش و ڕاپەڕیندا بووە و خاکەکەی داگیر کراوە و دەوڵەتی نەبووە، بۆیە ئەو گەنجینە گەورەیەی هونەری کوردی وەك پێویست لێی دەرنەهێنراوە و زۆریشی تێداچووە و زۆریشی لێ دزراوە و نەتەوە و ڕژێمە سەردەست و داگیرکارەکان لێیان بەتاڵان بردووە و مۆرکی کوردەوارییان لێ ڕنیوە و، مۆرکێکی خۆیان پێوە ناوە و بە هەندێ گۆڕانکاریی ڕووکەشەوە کردوویانە بە بەرهەم و کلتووری خۆیان و خۆیانی پێوە بادەدەن. لەگەڵ ئەوەش کورد لە ڕێی فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکییەوە، توانیوە بەشێکی ئەو گەنجینەیە لە فەوتان و لە دزران بپارێزێ و کەسانی میللی و نەخوێندەوار، زارەوزار لێکیان گێڕاوەتەوە و دەستاودەست هێناویانە و ڕۆژگار بە ڕۆژگار بەرگی نوێیان کردووەتە بەر و نوێکاری و داهێنانیان تێدا کردووە، بەڵام ئەوە هەر تەنیا بەشێك بووە لەو گەنجینەیە و هێشتاش زۆری ماوە و پەردەی لەسەر لانەدراوە.

کە دەڵێین کورد یەکێکە لە دیارترین ئەو نەتەوانەی لە بواری هونەری موزیك و گۆرانیدا دەوڵەمەند و پێشەنگە، لەخۆڕا وا ناڵێین، ئەو هێندەی بەردەستە گەواهی و شاهێدی لەسەر خۆی دەدا و کاتێك مانگیش بە ئاسمانەوە دیار بێ پێویست بە ئەنگوست ناکات.

هونەری گۆرانی و موزیك و کەرەستە و ئامێرەکانی موزیکیش لە ناو کوردەواریدا تەواو خۆماڵی و ڕەسەنن و لەگەڵ جوگرافیا و هەڵکەوتەی ناوچەکاندا هاتوون و، لە ڕێگایانەوە چیرۆکگەلی جۆراوجۆر دەگێڕنەوە و لەوێشەوە بەشێکی مێژووی نەنووسراوی گەلەکەمان دەگێڕنەوە.

گۆرانیی کوردی بە هەموو شێوازەکانییەوە و لە ناوچە جیاجیاکانەوە مۆرك و شێواز و ستایلی جیاجیایان وەرگرتووە. گۆرانی و بەستە و بالۆرە و سروود و تەنانەت حەیرانیش لە ناوچە شاخاوی و کوێستانییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی باشووری کوردستان، بەتایبەت لە ناوچەی موکریان و سۆران، لاوك لەناو کرمانجی سەروودا لە ناوچەی بادینان و باکوور و ڕۆژئاواوی کوردستان، دیسان حەیران لە ناوچە دەشتاییەکانی دەوروبەری هەولێر، سیاچەمانە لە ناوچەی هەورامان لە هەردوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، هۆرە لە ناو کەلهۆرییەکان لە ناوچەی کرماشان لە ڕۆژهەڵات و خانەقین و مەندەلی لە باشووری کوردستان و مەقام لە ناوچەی گەرمیانی باشووری کوردستان، ئەو هەموو ڕیتم و ستایل و شێوازانەن، کە کورد

لە بەشە پارچەپارچەکراو و دابەشکراوەکانی کوردستان، بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافیا و شێوەزاری خەڵکی ناوچەکە فۆڕم و ستایلیان وەرگرتووە.

ئەو شێوازانەی هونەر و موزیك لە ڕێی دەنگ و ئامێرە موزیکییەکانەوە هەر لە سەردەمی زەردەشتییەکانەوە، لە سرووت و ڕێوڕەسمەکانیان گوتوویانە، پاشان زارەوزار هاتووە و لەم سینگ بۆ ئەو سینگ گواستراوەتەوە، چونکە خەڵکەکە خوێندەوار نەبوون و نەنووسراوەتەوە و دەرفەتی خوێندن و سەروسەودای نووسینەوەی نەك هەر هونەر، بەڵکوو مێژووەکەشیان نەبووە.

بابەتی ئەو ڕیتم و فۆڕمە جیاوازانەی گۆرانی چەندین ڕەهەندیان هەیە و باسیان لە زۆر شت کردووە، کە دەکرێ بڵێین چیرۆکەکانی تاك یان کۆی گەل بوونە، بابەتی داستانەکانی عیشق و سەوداسەری و دابڕان و دەستلێکبەردان، چیرۆکی شەڕ و گرتن و کوشتن و زیندانیکردن، بابەتی بەرەنگاری و حەماسەخوڵقێن، زوڵم و زۆریی داگیرکاران و هێرشبەران و تاڵانچیان، بابەتی سەرکەوتن و شانازییەکان، هەموو ئەمانە و زیاتر لە چیرۆککگەلی کورد بە درێژایی مێژوو، خۆیان لە ناو یەکێك یان لە ناو چەند ڕیتمێکی جیاوازدا بینیوەتەوە و، ڕۆژگاری دێرینیان بە ئەمڕۆ بەستووەتەوە و بە هەموویان پێکەوە خەرمانەیەك لە هونەری گۆرانی و موزیکیان پێکەوە ناوە، کە ڕۆڵیشی هەبووە لە پاراستن و پێشخستنی زمانی کوردیش.

ئەو مامۆستا و وەستاکارانەی ئەو هونەرەیان بەناو ئەو ڕۆژگارە تاریکەدا هێناوە جێی شانازییەکی گەورەن، بەشێکیشیان بوونەتە سمبول و سیما و ئەستێرەی دیار، کە ڕەنگە پێویست بە ناوهێنانیان نەکات، چونکە ڕەنگە بێ مەبەست هەندێك ناو لەبیر بکرێن، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە، کە ڕۆڵەکانی ئەمڕۆ لە هونەرمەندان و ئەهلی بوارەکە، لەسەر بنەمای ڕەسەنایەتی پەرە بەو بوارە بدەن و داهێنانی تێدا بکەن، بە بێ ئەوەی مۆرکی کوردەواری تیادا بزر بکەن و بەبێ ئەوەی سیمای نەتەوەکانی دیکەی بە بەردا بکەن و بەبێ ئەوەی بە لاسایی کوێرانەی خرتوخاڵی نەتەوەکانی دیکە ئەو گەوهەرە جوان و پڕ یەهایانەی گۆرانی و موزیکی کوردی بشێوێنن و لەدەستی بدەن.

پێویستە شارەزایان و خەمخۆرانی بوارەکە، ئەو هەموو کەلەپوورە زۆر و گەورەیە لە فۆلکلۆر و کولتووری کوردەواری، لە ڕەسەنایەتی و مۆرکی خۆماڵی بپارێزن و داهێنەرانە و لێزانانە بیخەنە ناو سەمفۆنیا و سۆناتا و کۆنشرتۆ و ئۆپێرا و دەیان قاڵبی دیکەی فرەڕەنگی هونەری جیهانی و، بۆ هەمووانی بسەلمێنن کە کورد لەم بوارەشدا وەك زۆر بواری دیکە پێشەنگ و باڵادەستە، بەڵام حەیف و مخابن ڕژێمە سەردەست و زلهێز و داگیرکار و بەرژەوەندخوازەکان نەك هەر دەرفەتیان پێ نەداوین تا بە هونەرەکانمان و بە زانست و شارستانییەتەکەمان خزمەت بە خۆمان و مرۆڤایەتی بکەین، بەڵکوو لە هەموو لایەکەوە هەوڵی سڕینەوە و تواندنەوە و لەناوبردنیان داوین، بەڵام بەهەمووشیانەوە نەیانتیوە خۆمان و هونەر و شارستانی و مێژووەکەمان لەناو ببەن و هەرگیز ناشتوانن. لێرەشەوە پێویستە دەستخۆشی لەسەرجەم ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی هەندێ لە موزسیانە کوردانە بکەم کەلێرە و لەوێ هەوڵی زۆر جدی و جوامێرانە دەبینم و گوێبیست دەبم، وەلێ هێشتا ئەوە دڵۆپێکە لەو دەریا فراوانەی کلتوور و ناسنامەی نەتەوەییمان.




زەینەب زیبا

ڕاهێنەری کاراتێ یانەی ئالاَ:

# کاراتێ یارییەکی شەڕانگێزی نییە بەڵکو هونەری بەرگریکردنە

شاری هەولێری پایتەختی کوردستان خاوەنی چەندین یانەیە کە گرنگی بە یارییە تاکەکان دەدەن، یانەی وەرزشیی ئالای سەر بە یەکێتی قوتابییانی کوردستانیش یەکێك لەو یانانەیە کە گرنگییەکی زۆر بەتوانای کوڕ وکچە یاریزانەکانی دەدات، یاریی کاراتێ یەکێکە لەو یارییانەی کە بە یاریی تاکەکان دادەنرێت، بەردەوامیش یاریزانە کوردەکانی یانەکانی کوردستان لەسەر ئاستی عێراق و دەرەوەی عێراقیش مەدالیای جۆراوجۆریان بەدەست هێناوە، یانەکەش خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستە وکێبڕکێکردنە لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەکانی کوردستان و عێراق. یەکێك لە ئافرەتە بەتواناکانی یانەکەش (زەینب زیبا)یە کە ڕاهێنەر و ناوبژیوانە لە یاریی کاراتێ و سەرپەرشتی تیپی یانەی ئالاَ دەکات، زەینەب لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٤ و خاوەنی پشتێنی ڕەشە، پێشتر یاریی بۆ هەریەك لە یانەی حەمرین و ئارارات ونیشتمان کردووە، گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

■ دیمانە: کارزان کانەبی

***چۆن بوو دونیای وەرزشیت هەڵبژارد؟**

- حەزێکی منداڵیم بوو کە وەرزش هەڵبژێرم.

*** لە نێو ئەم هەموو یارییە وەرزشییەدا چۆن بوو کاراتێت هەڵبژارد؟**

- بۆ سەیرکردنی یاریی براکەم چووم، بەڵام خولیای یاریکردن کەوتە دڵمەوە و لەگەڵ ئەودا دەستم پێکرد لە ساڵی ٢٠٠٢.

***هەست ناکەی یارییەکی قورست هەڵبژاردووە؟**

-بەڵێ قورسە بۆ ئافرەت، من هیچ کات حەزم بەکاری ئاسان نەبووە، هەوڵم داوە ئەستەمەکان ئەنجام بدە، بەڵام کاراتێ یارییەکی شەڕانگێزی نییە، بەڵکو هونەری بەرگریکردنە لە خۆت.

***ئاستی یارییەکانی کاراتێ چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- تارادەیەك باشە و ژمارەیەك لە یانەکانی کوردستان گرنگیی بە یارییە تاکییەکان دەدەن و خەڵکی دڵسۆز هەیە لە نێو یارییە.

***چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە؟**

-زیاتر چوونە ناو وردەکاریی یارییەکە و چی پێویستە بۆی بکرێت بۆ ناساندنی و، کردنەوەی هۆڵی زیاتر و ئاشناکردنی بە تاکەکانی کۆمەڵگە.

***هۆکاری چییە یانەکانی کوردستان تیپی کاراتێی کچانیان پشتگوێ خستووە؟**

- هۆکارەکەی لەوە دەبینم کە کاراتێ یارییەکی تاکە بۆیە لەچاو یارییە تیمییەکان کەمتر گرنگیی پێ دەدرێت.

***بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە پاڵەوانێکی کوردستان؟**

-پلانی داهاتووم هەوڵدانە بۆ بەرەوپێشچوون لەم بوارەدا، چ لە ڕووی ڕاهێنەری یان دادوەری، گرنگ خزمەتکردنە تا ببینە هۆکاری دروستبوونی پاڵەوانەکانی داهاتووی وڵات.

***سەرکەوتن چ هەستێکت پێ دەبەخشی؟**

-سەرکەوتن هەستێکی جوان و بە چێژە وزە دەبەخشێت بۆ بەردەوامبوون.

***کێ بە ڕکابەری خۆت دەزانی؟**

-کاتێك کەسێکی سەرکەوتوو بیت و بگەیتە پلەیەکی باش، زۆر کەس دەبنە ڕکابەرت، گرنگ ئەوەیە هەمیشە توانیومە سەرکەوم.

***هیوا و ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك لەم یارییە؟**

-بەردەوام بوونمە لە بوارەکەم، چونکە بڕوابەخۆبوون و ئیرادە لە دڵدا دەچەسپێنێت.

***بۆچی کچان بە کەمی ڕوو لەم وەرزشە دەکەن؟**

- زۆربەی کچان وا هەست دەکەن کە توانایان نییە بۆ ئەم وەرزە، کۆمەڵگەش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەم بابەتە.

***هیچ یانەیەك گرێبەستی پێشکەش نەکردووی؟**

- ماوەی سی ساڵە لەگەڵ یانەی وەرزشی ئالا وەکو ڕاهێنەر گرێبەستم هەیە و خزمەت بەم وەرزشە دەکەم و پاڵپشتێکی زۆر بەهێزن، سوپاسی سەرۆکی یانە و تەواوی ئەندامانی دەکەم کە دڵسۆزن بۆ یاریی کاراتێ.

***خانەوادەکەت تا چەند پاڵپشتن بۆ وەرزشکردن؟**

-پاڵپشتی خانەوادە زۆر گرنگە بۆ بەردەوام بوون، لەم هەموو ساڵە سەرەتا دایك و باوکم پشتگیرم بوون، لە ئێستادا هاوسەرەکەم بگرە زیاتریش پشتگیرم دەکات بەهۆی ئەوەوە بەردەوامم.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان کە بەردەوام لە خزمەتی وەرزشکارانی کوردستاندایە بەبێ جیاوازی.

**بۆ سەیری یاریی براکەم چووم بەڵام خولیای یاریکردن کەوتە دڵمەوە و لەگەڵ ئەو دا دەستم پێکرد**

**کاراتێ یارییەکی تاکە بۆیە لەچاو یارییە تیمییەکان کەمتر گرنگیی پێ دەدرێت**



# گەڕانەوەی پۆگبا دیارنییە

ماسیمیلیانۆ ئالێگری ڕاهێنەری یۆڤانتۆس ڕایگەیاند، هێشتا چارەنووسی پۆگبا یەکلایی نەبووەتەوە و گوتیشی: ئامانجی یانەکەمان گەیشتنە بە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپای وەرزی داهاتوو.

ماسیملیانۆ ئالێگری ڕاهێنەری یۆڤانتۆس ڕایگەیاند بۆ دۆخی پۆگبا دەڵێت: بەڕاستی بۆ پۆگبا دڵتەنگم لەوە زیاتر ناتوانم هیچی دیکە بڵێم کەسانی دیکە بەو کەیسەوە تێوەگلاون هێشتا لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن بۆیە پێویستە چاوەڕێ بکەین.

ئالێگری گوتیشی: بەڕاستی هیچ وەڵامێکم بۆ قسەکانی بۆنۆچی نییە، بەهیچ شێوەیەك ڕۆیشتنی لە یۆڤانتۆس پەیوەندی بە منەوە نەبوو، ئەو ئێستا یاریزانی یۆنیۆن بەرلینە و لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا یاری دەکات و بەختێکی باشی بۆ دەخوازم، بەڵێ یارییەنەکردنی پۆگبا بۆشایی دروست دەکات، بەڵام کۆمەڵێك یاریزانی دیکەی ئامادەمان هەیە و چاومان لەسەر ئەوان دەبێت دوای لێکۆڵینەوەکانیش دەردەکەوێت، کە لەگەڵمان دەمێنێتەوە یانیش نا ئەوەی ڕوونە لە دوو یاریی داهاتوو ئامادە نابێت.

ئالێگری دەشڵێت: ئامانجی ئێمە لەم وەرزە بەدەستهێنانی یەکێك لە چوار پلەکەی پێشەوەیە بۆ ئەوەی لە کۆتایی وەرز تووشی قورسی نەبینەوە و بە ئاسانی بگەینە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا لە وەرزی داهاتوو.



## ریچارلیسۆن سەردانی پزیشکی دەروونی دەکات



ریچارلیسۆن ئەستێرەی بەرازیلی دوای ئەوەی لە یارییەکەیان بەرامبەر بۆلیڤیا لە یاریگە هاتە دەرەوە دەستی کرد بە گریان کرد دواتر دانی بەوە داناوە، کە لەڕووی دەروونییەوە تێکچووە، دەشڵێت: بگەڕێمەوە ئینگلتەرا راستەوخۆ سەردانی پزیشکێکی دەروونی دەکەم.

ریچارلیسۆنی تەمەن ٢٦ ساڵ لە دوای مۆندیالی ٢٠٢٢ هیچ گۆڵێکی بۆ بەرازیل نەکردووە، لە دوایین دوو یاریش بەرامبەر بۆلیڤیا و پیرۆ نەیتوانیوە گۆڵ بکات.

ریچارلیسۆن لە هێڵی هێرشبردنی هەڵبژاردەی بەرازیل هاوشانی ڕافینیای یاریزانی بەرشلۆنە رۆدریگۆی یاریزانی ریاڵ مەدرید و نێیمار یاریزانی هیلال یاری کرد، بەڵام ئاستی بەشێوەیەکی ناجێگیر دەرکەوت.

ریچارلیسۆن دوای ئەوەی کۆتایی بە یارییەکانی پاڵاوتنی مۆندیال هێنا، لە لێدوانێکدا رایگەیاند هەست دەکات لەڕووی دەروونییەوە تەواو نییە، گوتیشی: بگەڕێمەوە ئینگلتەرا راستەوخۆ سەردانی پزیشکی دەروونی دەکەم بۆ ئەوەی بزانم چی لە نێو مێشك و ناخم دایە، چونکە هەست بەباشبوون ناکەم.

رۆژنامەی گلۆبۆی بەرازیلی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد راهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل بە تەنیا کۆبوونەوەی لەگەڵ ریچارلیسۆن کردووە، چونکە چەندان دەرفەتی ئاسانی لە یارییەکان لەدەستداوە، تەنانەت یاریزانەکانیش هەستیان کردووە دۆخی ریچارلسۆن باش نییە.

ریچارلیسۆن وەکو هێرشبەرێکی سەرەرم ئەم وەرزە لەگەڵ تۆتنهام دەستی بە وەرزی نوێی ئینگلیزی کرد، لە ٣ یاری سەرەتا وەکو یاریزانی سەرەکی بەشداریی کرد و هیچ گۆڵێکی نەکرد لە دوایین یاریش لەسەر کورسی یەدەگی تۆتنهام دانرا.

ریچارلیسۆن دوای ئەوەی پەیوەندی بە یانەی تۆتنهام کرد لە ٤٠ یاریدا تەنیا ٤ گۆڵ و ٤ ئاسیستی کردووە و گرێبەستەکەشی لەگەڵ یانە لەندەنییەکە تا ٢٠٢٧ـە.

## نادال حەز دەکات ببێتە سەرۆکی ریال مەدرید



رافاییل نادال ئەفسانەی تێنسی ئیسپانیا خواستی خۆی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانیا دەربڕی، دەشڵێت: لە ئێستاوە بۆ هاوینی داهاتوو پێشوازی لە هاتنی کلیان ئێمباپێ بۆ ریال مەدرید دەکەم.

رافاییل نادال تێنسزانی ئیسپانیا خاوەنی ٢٢ نازناوی گراند سلام لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کەناڵی مۆڤی ستار-ی ئیسپانیا باسی دۆخی پێکانەکەی و ئەگەری گەڕانەوەی بۆ یارییەکان کرد هەڵبەتە بەشێکی زۆری قسەکانیشی لە بارەی ریال مەدرید بوو.

نادال لە وەڵامێکدا لە بارەی ئەوەی ئایا حەز دەکات ببێتە سەرۆکی یانەی ریال مەدرید دەڵێت: من ئەم خەونەم نییە، بەڵام حەز دەکەم رۆژێکدا بێت رووبدات بۆ مەبەستە هیچ شتێک نییە بیڵێم، چونکە ئێستا ریال مەدرید باشترین سەرۆکی هەیە، کە فلۆرێنتینۆ پێرێزە.


سەبارەت بە دۆخی ئێستای یانەکە نادال دەڵێت: ریال مەدرید یانە دڵخوازەکەی منداڵیمە ئەم وەرزەی بە باشی دەستپێکرد، بەڵام ئێمە لە سەرەتای وەرزداین پێکانە کاریگەرەکانی وەک کۆرتوا و میلیتاو هەن، بەڵام گرێبەستی سەرسوڕهێنەریش هەبوون وەک بێلینگهام پێموایە هێشتا ریال مەدرید پێویستی بەوەیە هێڵی هێرشبەری بەهێزتر بکات.

نادال لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی کلیان ئێمباپێی هێرشبەری یانەی پاریس سانت جێرمانی کرد لەمبارەیەوە گوتی: لە ئێستاوە باوەش بۆ هاتنی کلیان ئێمباپێ دەکەمەوە چاوەڕێی دەکەم بۆ ئەوەی هاوینی داهاتوو پەیوەندی بە ریال مەدرید بکات کێ هەیە ئێمباپێی مباپی خۆش نەوێت، هەموو مەدریدییەکان بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی هاتنی دەکەن ئەگەر بێتە ریال مەدرید پێشوازی لێ دەکەم و هەست بە سوپاسگوزاری دەکەم.

نادالی تەمەن ٣٧ ساڵ، لە کۆتایی قسەکانیدا رایگەیاند ساڵی ٢٠٢٤ دوایین ساڵی ئەو دەبێت لە رکابەریکردنی نازناوەکان و واز لە یاریکردن دەهێنێت و پلان بۆ ژیانێکی نوێ دادەنێت.

# کوردێک قەڵغانی باشترین شەڕکەری ئاسیای بەدەست هێنا





لە وڵاتی لوبنان پاڵەوانێتی تایکواندۆی وڵاتانی ئاسیا بە بەشداری چەندین یاریزان بەڕێوە چوو، لەم پاڵەوانێتییەشدا (ئەمین ئیبراهیم) کە کوڕەکوردێکی دانیشتووی شاری هەولێرە، وەکو یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقی بەشداری کرد، ئەم یاریزانە کوردە لە کێشی خۆی کە تازەپێگەیشتوانە، لە دوو پاڵەوانێتیدا بەشداریی کرد، هەم لە پاڵەوانێتیی ئاسیا و هەمیش لە پاڵەوانێتیی بەیروت ئۆپنی نێودەوڵەتی، لەم بارەشەوە (عەلی سەرکەوت)ی ڕاهێنەر، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «جێگای خۆشحاڵییە کە یاریزانێکی کوردی شاری هەولێر لەگەڵ هەڵبژاردەی تایکواندۆی عێراقی بەشداری پاڵەوانێتیی ئاسیا بکات و لەوێش قەڵغانی باشترین شەڕکەری ئاسیایی پێ دراوە، لە پاڵەوانێتیی بەیروتی نێودەوڵەتیش پلەی دووەمی بەدەست هێناوە، ئەم یاریزانەی ئێمە (ئەمین ئیبراهیم) یەکێکە لە یاریزانە هەرە بەتواناکانی عێراق و کوردستان و ئەم نازناوە بۆ ئەو یەکجار گرنگ بوو، متمانەی تەواویشمان پێی هەیە کە لە داهاتوودا بتوانێت ببێتە پاڵەوانی ئاسیا و جیهانیش، ئامادەکارییشمان بەردەوامە پاڵەوانی داهاتووی کوردستان بۆ ئەوەی هەموو کات لە ئامادەباشیدابێت، بۆ پاڵەوانێتی تایکواندۆی ئاسیاش ئامادەکاریی زۆری باشی کردبوو لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراقی، چاومان لەوەیە زیاتر پەرە بە تواناکانی ئەم لاوە کوردە بدەین بۆ ئەوەی ببێتە جێی متمانەی هەموو کوردستانیان لە دەرەوە کە دەتوانێت کاری زۆر ئەستەم ئەنجام بدات، ئێمەش وەکو ڕاهێنەر هەرچی لە تواناماندا بێت بۆ بەهێزکردنی زیاتری ئەم یاریزانە و فێرکردنی بە نوێترین تەکنیکەکانی یاریی تایکواندۆ، دریغی ناکەین، بۆ بۆ ئەوەی ئەنجامی گەورەتر لە داهاتوودا بەدەست بهێنێت».

# فێرگەیەک لە هەڵەبجەی شەهید بۆ پێگەیاندنی یاریزان


لە پارێزگای هەڵەبجەی شەهید فێرگەی بامۆك بۆ تۆپی بالە کراوەتەوە و چەندین یاریزان لە ئاستەکانی جیاواز بەشدارن لە فێرگەکەدا، بە ئامانجی سوودبینین لەم فێرگەیە، بەرپرسانی فێرگەکەش ئامانجیان دروستکردنی یاریزانە بۆ شارەکەیان بۆ داهاتوو، بۆ ئەوەی گرنگیدان بە یارییەکانی بالە لەم دەڤەرە بەردەوام بێت، لە بارەی دروستکردنی یاریی بالە لەم فێرگەیەش (مامۆستا شادیە عەلی) کە یەکێکە لە یاریزانە کۆنەکانی دەڤەری هەڵەبجە، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامانجمان ئەوەیە بتوانین وەرزشی کچان بەرەوپێش ببەین لە دەڤەرەکەماندا، لەکاتێکدا لە لایەنی ماددییەوە هیچ کەس هاوکاریی نەکردووین، تەنیا لە ڕووی مەعنەوی هاوکاری کراوین، بە گشتی کاری ئێمە بەرەوپێشبردنی وەرزشی بالەی کچان و بە ئەکادیمیاکردنی وەرزشی بالەی کچانە لە ڕووی تەکنیك و لێهاتوویی و پێشکەشکردنی کۆمەڵێك یاریزانە لە ڕووی پەروەردەی وەرزشیەوە، بۆ ئەوەی داهاتوویەکی باشیان هەبێت بۆ خۆیان و کۆمەڵگە، لەگەڵ بونیادنانی تەندروستییەکی باش بۆ کچان و بردنیان بەرەو کەشێکی ئارام و چێژبەخش، یاریزانانی ئێمەش پاشەڕۆژێکی باش چاوەڕوانیان دەکات و ئێمەش بەردەوامین لە گرنگیدان بەم فێرگەیە، بۆ ئەوەی بتوانین لە داهاتوودا زۆرترین یاریزانی بەتوانا پێ بگەیەنین».



# ئارارات بەشداری لە خولی نایابی کوردستان دەکات؟

هەر چەندە یانەی وەرزشیی ئارارات وەرزی ڕابردوو توانی ئاستێکی بەرز لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان پێشکەش بکات، بەڵام ئەگەر کێشەی قەرزەکانی سەر یانەکە چارەسەر نەکرێت، بە ئەگەری زۆرەوە یانەکە بەشداریی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان ناکات، لە بارەی بڕی قەرزەکان و بەشداری نەکردنیان لە خولی نایاب (وەلید ئەنوەر موراد) بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە کۆبوونەوەی دەستەی کارگێڕیی یانە زۆر باسی خولی نایابمان کرد بۆ ئەوەی بتوانین وەرزی نوێی بەشدار بین، بەڵام ناتوانین بەشداربین، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بڕی ٤٠٠ملیۆن دینار قەرزارین، کە ئەم قەرزە بۆ ماوەی چوار ساڵە لە سەرمان کۆبووەتەوە، هیچ کەسێك نییە هاوکاریمان بکات و هیچ ژێرخانێکی وەرزشی و وەربەرهێنانمان نییە لە یانەکە بۆ ئەوەی چارەسەری قەرزەکانی پێ بکەینەوە، مەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان قەرەبوومان بکاتەوە و بوودجەکەمان بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گرفتەکانمان چارەسەر بکرێت، داواکارین حکومەت بارودۆخی وەرزش چاك بکاتەوە و پشتگیریی یانەی ئاراراتیش بکات، کە تاکە یانەیەن بۆ هەموو گەنج و لاوانی پیرمامین، ئەگەر حکومەت دووبارە بودجەی یانەکانی دایەوە و ئاوڕی لە وەرزش دایەوە، ئێمەش دووبارە کۆبوونەوەی کارگێڕیی خۆمان دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین بگەڕێنەوە خولی نایابی کوردستان، ئەگەر بارودۆخەکەش هەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت، سووردەبین لەسەر بڕیاری خۆمان و بەشداری لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان ناکەین، خولەکانیش هەمووی دوور و درێژن پێویستی بە پشتگیری و پاڵپشتی هەیە، ئێمە چەندین ساڵە هەر لە دەرگای خەڵك دەدەین و بێ ئاکامە».






# هۆکارەکانی پشت ئێشە لەکاتی هەڵسانەوەدا

ئازاری لە بەشی خوارەوەی پشتدا حاڵەتێکی باوە، تووشی زۆربەمان دەبێت. ئازاری خوارەوەی پشت لەکاتی هەڵسانەوە پاش ماوەیەك دانیشتن، چەند هۆکارێکی لەپاڵە. ماندووبوونی ماسوولکەکانی پشت باوترین هۆکارە، کە لەوانەیە هاوکات بێت لەگەڵ ئاوسان و بێهێزبوونی ماسوولکەکانی خوارەوەی پشت، هۆکارەکانی دیکە: هەوکردنی جومگەی بڕبڕەکانی پشت، کە هۆکارە بۆ زیادبوونی ئازار لەکاتی هەڵسانەوەدا و هاکاتە لەگەڵ هەستکردن بە گرژی و ناڕەحەتی لە مل و شان و ڕانەکاندا، خزینی دیسکی نێوان بڕبڕەکانی پشت کە بریتییە لە خزینی دیسك، یان کرکڕاگەی نێوان بڕبڕەکان کە فشار دەخاتە سەر ڕەگی دەمارەکان و دەبێتە هۆی هەستکردن بە ئازاری تیژ و کتوپڕ، لەگەڵ تەزین و سووتانەوە لە یەك لای پشتدا، تەسکبوونەوەی کەناڵی بڕبڕەکانی پشت Spinal stenosis کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئەنجامی داڕووشان یان سەوەفانی O.A جومگەی بڕبڕەکانی پشت ڕوودەدات و، هۆکارە بۆ فشارکەوتنە سەر پەتکە دەرمار و ئەو دەمارانەی کە لە پەتکە دەمار دەبنەوە بە بڕبڕەکاندا تێپەڕدەبن، گرفتی دەماری قاچ Sciatica لە ئەنجامی فشار یان برینداربوون کە هۆکارە بۆ ئازار و بێهێزی و تەزینی قاچ، هەروەها دانیشتن و وەستانی نارێك و ناهاوسەنگ Poor posture بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، کە دەبێتە ئەگەری ئازاری پشت و شان و مل.

## ئایا سترێس دەبێتە ئـ



لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی پەیمانگەی سیانت جۆنس بۆ شێرپەنجە لە سانتا مۆنیکا/کالیفۆرنیا هاتووە کە سترێس Stress بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نابێتە هۆی تووشبوون بە شێرپەنجە، بەڵام بەگشتی پاراستنی تەندروستی لەکاتی سترێسدا کارێکی قورس دەبێت، ئەمەیە کە ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە زیاد دەکات. هەندێك جار هەستکردن بە سترێس ئاساییە، بەڵام کە درێژە دەکێشێت و فەرامۆش دەکرێت، ئەوا گەلێك زیانی تەندروستی بەدواوە دەێت لەوکاتەی کە کاردانەوەی هەر کەسێك بەرانبەر بە سترێس جیاوازە و هۆکارە بۆ گۆڕان لە ڕۆتینی ژیانی ڕۆژانەدا.

# خۆراکی تەندروست بۆ پاراستنی ئێسک

کانزای کالسیۆم پێکهاتەی سەرەکیی ئێسکە، نزیکەی ٩٨٪ی کالسیۆمی لەش لە ئێسکەکاندایە، لەش ئێسك وەکو بانکی کالسیۆم بەکاردێنێت، هەروەها ڤیتامین D ڕۆڵی گرنگی هەیە بۆ هەڵمژینی کانزای کالسیۆم لە کۆئەندامی هەرسدا، بۆیە کالسیۆم و ڤیتامین D گرنگترین ماددەی خۆراکین کە پێویستن بۆ گەشە و پاراستنی تەندروستیی ئێسك، ئینجا پرۆتین، کانزاکانی مەگنسیۆم، فۆسفۆر، زینك، فلۆراید، بۆرۆن Boron، لەگەڵ پۆتاسیۆم. جگە لە مەشقی وەرزشی، خۆراك ڕۆڵی بەرچاوی هەیە بۆ گەشە و پاراستنی تەندروستیی ئێسك، بەتایبەتی ئەو خۆرکانەی کە کالسیۆم و ڤیتامین D لەخۆدەگرن لەگەڵ ماددەکانی دیکە کە گرنگن بۆ دروستبوون و پاراستنی پتەویی ئێسکەکان، بۆنموونە: شیر، پەنیر، ماست، کە سەرچاوەی دەوڵەمەندن بۆ کالسیۆم، ڤیتامین D، فۆسفۆر، ڤیتامین B12، هەروەها زەردێنەی هێلکە، پاقلەی سۆیا، تۆفو Tofu کە لە شیری پاقلەی سۆیا دروست دەکرێت، سەوزە گەڵا تاریکەکانی وەکو سپێناغ و گەڵای سلق، کوارگ، باوی، تۆوی گوڵەبەڕۆژە، هەندێك جۆری ماسی وەکو ساردین، سالمۆن، لەگەڵ تونە.





## ـــــەگەری شێرپەنجە؟

بەمانایەکی دیکە، ستریسی درێژخایەن بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەگەری تووشبوون بە چەند نەخۆشییەك و شێرپەنجە بەرزدەکاتەوە. ئەو گۆڕانە تەندروستییە نەخوازراوانەی کە پەیوەستن بە سترێسی درێژخایەن و فەرامۆشکردنی تەندروستی و ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییەکان بە شێرپەنجەشەوە زیاد دەکەن بریتین لە: جگەرەکێشان یان زیاد جگەرەکێشان لە کەسانی جگەرەکێشدا، گرنگی نەدان بە خۆراکی هاوسەنگ و تێکچوونی ستایلی دروستی خۆراك، خواردنەوەی ئەلکهول، فەرامۆشکردنی مەشقی وەرزشی، گرنگی نەدان بە بەکارهێنانی دژەهەتاو بۆ پاراستنی پێست لە تیشکی سەرووی وەنەوشەیی، هەروەها سەردانی نەکردنی دکتۆر لەکاتی سەرهەڵدانی هەر نیشانەیەکی نائاسییدا.




# بۆچی شەکری خوێن دادەبەزێت؟

دابەزینی شەکری خوێن Hypoglycemia لە تووشبووانی نەخۆشیی شەکرەدا حاڵەتێکی زانراوە، نیشانەکانی بریتین لە: نارەحەتی، ئارەقەکردن، زیادبوونی لێدانەکانی دڵ، هەستکردن بە برسیبوونێکی نائاسایی، لەرزینی لەش وسەرسووڕان، لەگەڵ شێوان Confusion. دابەزینی شەکری خوێن لە کوالێتیی ژیان کەم دەکاتەوە، لەوانەشە کە ببێتە ئەگەری کەوتنی تووشبوو و برینداربوونی، دابەزینی سەختی ئاستی شەکری خوێن مەترسی دەخاتە سەر ژیان و پێویستی بە چارەسەری پزیشکیی خێرا و کتوپڕەوە هەیە. دابەزینی شەکری خوێن بە سێ ئاست پۆلێن کراوە: ئاستی یەك (Level 1) واتە کە شەکری خوێن کەمتر بێت لە ٧٠ ملگم/ دێسیلیتر، کە دەبێتە ئەگەری سەرهەڵدانی نیشانەکان، ئاستی دوو (Level 2) واتە کە شەکری خوێن کەمتر بێت لە ٥٤ ملگم/دێسیلیتر، ئاستی سێ (Level 3) کە فرمان و چالاکییەکانی مێشك و جەستە هێندە بە سەختی تێك دەچن، کە پێویست بە هاوکاریی کەسیتر دەکات. بەگشتی، دابەزینی شەکری خوێن وەکو کاردانەوە ٢-٥ کاتژمێر پاش ژەمی خواردن ڕوو دەدات. جگە لە وەرگرتنی دەرزی ئینسولین یان دەنکی دابەزاندنی شەکری خوێن وەکو چارەسەر لە نەخۆشانی شەکرەدا، نەخۆشیی جگەر و نەخۆشیی گورچیلە هۆکاری دیکەن.

# نیشانەکانی ڕەشبینی

ڕەشبینی Pissimism نەخۆشییەکی دەروونی نییە، بەڵکو سیفەتێکی کەسێتییە کە خۆی لە هەست و بیرکردنەوە و هەڵویستدا دەبینێتەوە و پەیوەستە بە هەستی نێگەتیڤ، خەمۆکی لەگەڵ تێکچوونی مەزاج، لەگەڵ بینینی لایەنی نێگەتیڤی ژیان کە ئاکامی نەخوازراوی دەبێت و پڕدەبێت لە گومان بۆ هەر کارێك کە بە ڕێکی بڕوا بەڕێوە. هۆکارەکانی ڕەشبینی: بۆماوە کە زیاتر لە ٣٠٪ی حاڵەتەکان دەگرێتەوە، دینامیکیی خێزان، ئەزموونە ڕابردووەکان، لەگەڵ هۆکاری کۆمەڵگە و دەورووبەر. نیشانەکان: بەدوادانەچوونی کارەکان لەبەر بوونی گومان لە جێبەجێ بوونیان یان نەبادا خراپییەکان لە سوودەکان زیاتر بن، هەستکردن بە سەرسوورمان لەوکاتەی کە شتەکان بە دروستی دەگەنە ئەنجام، هەستکردنی بەردەوام بە نەبوونی توانا بۆ ئەنجامدانی کارەکان، تەرکیزکردن لە کەموکووڕی و لاوازیی زیاتر لە خاڵە بەهێزەکان، نارەحەتبوون بەو کەسانەی کە هەڵوێستی گەشبینانەیان هەیە، وابیرکردنەوە کە شتە خۆشەکان هەر کۆتاییان دێت، هەستکردن بەوەی کەوا باشترە بارەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە نەك شتەکان بەرەوپێش ببرێن.

ئاکامە تەندروستییە خراپەکانی ڕەشبینی: کەوتنە ناو بیرکردنەوەی نەرێنیی بەردەوام، زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە پەستی و خەمۆکی، زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ، زیادبوونی ئەگەری سترێسی توند و گرفت لە خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخ و دەورووبەردا هاوکات لەگەڵ کەمبوونەوەی قەناعەت و ڕازیبوون بە ژیان.





# بەهای خۆراکیی زەیتی کونجی

زەیتی کونجی Sesame oil سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە بۆ پرۆتین، ئۆمیگا٣، ئۆمیگا٦، ڤیتامینەکانی K، B، E، کانزاکانی زینك، ئاسن، مەگنسیۆم، ماددە دژەئۆکسانەکانی سیسامۆل Sesamol، سیسامین Sesamin، لەگەڵ ماددە فایتۆستیرۆلەکان و لیگنانەکان Lignans. بەهای تەندروستیی زەیتی کونجی: دابەزاندنی ئاستی چەوریی گلیسیریدە سیانییەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی باش HDL لە خوێندا، پاراستنی تەندروستیی دڵ، دابەزاندنی پەستانی خوێن، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، پاراستنی پێست لە بەکتریا و کەڕوو لەگەڵ کەمکردنەوەی کاریگەریی تیشکی سەرووی وەنەوشەیی لەسەر پێست و پاراستنی توانای لاستیکیی پێست، یان دواخستنی لۆچبوونی پێشوەختە، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، سووککردنی نیشانەکانی هەوکردنی جومگە لە ئازار و سخبوون، باشترکردنی تەندروستیی ئێسك، ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێن، بەتایبەتی لە تووشبووان بە نەخۆشیی شەکرەدا، پاراستنی تەندروستیی قژ و کەمکردنەوەی تەنکبوونی قژ، باشترکردنی مەزاج، سووککردنی سترێس، سوککردنی نیشانەکانی پەستی و خەمۆکی.





# بچووکترین پەمپی هەوا

کۆمپرێسەر، پەمپی هەوا تێکردن لە تایەی سەیارە لەم چەند ساڵەی دواییدا گۆڕانی بەخۆوە دیوە، ئێستا کەم کەس هەیە بۆ با تێکردنەوە سەردانی پەنچەرچی بکا. لەم دوو ساڵەی دوایشدا ئەو ئامێرە هەم کێش و قەوارەی بچووکتر بۆتەوە هەم تواناکانی زیاتر بوونە.

کۆمپرێسەری جۆری NORSHIRE دەکرێ بڵێین بچووکترین کۆمپرێسەری هەوایە، بەقەد لایتێکی گەورە دەبێت، کۆمپرێسەرەکە شەحن دەبێتەوە و بۆ هەموو ئەو کەرەسانە دەبێت کە پێویستیان بە هەوا تێکردنەوە هەیە.

کۆمپرێسەری جۆری NORSHIRE کاتێك نیازت هەیە تایەی ئۆتۆمبیلەکەت پڕ هەوا بکەی، دەستبەجێ لەسەر شاشەکەی ئەو هەوایە نیشان دەدا کە لە تایەکەدایە و پاشان دەست دەکات بە هەوا تێکردن و ئۆتۆماتیکی لەسەر ژمارەی مەبەست دەوەستێت. نە تەنیا ڕێژەی هەوایەکە، بەڵکو گەرمی هەوایەکەش دەستنیشان دەکا. کۆمپرێسەری ناوبراو دەکرێت وەك پاوەربانکیش بۆ شەحنکردنی مۆبایل سوودی لێوەربگیردرێت.

# ئامێرێکی سەرسوڕهێنەر بۆنی ناو فیلمەکان بڵاودەکاتەوە

کاتێك سەیری فیلمێك، یان یارییەکی ئەلکترۆنی دەکەی خۆزگە دەخوازی بۆنی ناو فیلمەکە یا یارییەکەت بۆ بێت، واتە ئەو بۆنانەی لەناو دیمەنەکاندان، وەك بۆنی گوڵ و گیا، باران و خاك و بۆنی، خۆراکەکان و هەر بۆنێك لە دیمەکاندا هەیە.

تەکنەلۆژیای نوێ وەك زۆر خۆزگەی دیکە، ئەو ئاواتەشی هێناوەتە دی. ئامێری Aro-majoin Aroma Shooter ئامێرێکی سەیر و سەمەرەیە، وەك شتێکی خەیاڵی وایە. بە پەرەسەندنی جیهانی میتاڤۆرس و واقیعیەتی مەجازی، کۆمپانیاکان هەوڵ دەدەن تا شوێنی خۆیان لە جیهانەدا بکەنەوە، لەو بوارەدا کۆمپانیایەك ئامێرێکی بەرهەم هێناوە کە هەستی بۆن کردنی ناو فیلمەکان بڵاودەکاتەوە. بەکارهێنەر بەهۆی ئەو ئامێرەوە نە تەنیا دەنگی ڤیدیۆکان بەڵکو بۆنەکانیش ئەزموون و تاقی دەکاتەوە. بۆ نموونە ئەگەر کاتێك سەیری پرۆگرامێکی چێشتلێنانی لەگەڵ بینینی دیمەنەکە بۆنی خواردنەکەش هەست پێدەکەی. یا کاتێك سەیری دۆکیۆمێنتارییەکی تایبەت بە سروشت دەکەی، بۆنی باران یا خاك و خۆڵت بۆ دێت. هەتا ئێستا تەنیا شەش بۆنی بۆ داندراوە، وەك بۆنی خاك و باران، دووکەڵ و سووتان، میوەی سندی و گوڵ و گیا. کاتریجی بۆنەکان دەگۆڕدرێن. ئامێرەکە لە مل دەکرێت.





# کلیله سوورەکه هەموو شتێک دەسڕێتەوە

کاتێك لەسەر کۆمپیوتەرەکەت فایلێك چ وێنە بێت یا ڤیدیۆ یا دەق بێت یا هەر شتێکی دیکە، دەیسڕیەوە و تەنانەت سەتڵەکەش بەتاڵ دەکەی، پێتوایە ئیدی بۆ هەمیشە ئەو فایلە سڕایەوە. بەڵام لە ڕاستیدا فایلەکە نەسڕاوەتەوە، بەهۆی پرۆگرامەکانی هێنانەوە و گەڕاندنەوەی فایلە سڕاوەکان دەگەڕێتەوە. ئەگەر بە ئەوانەش نەگەڕایەوە، بەهۆی هاردوێر و ئامێری تایبەت جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە. بۆ کاتێك کۆمپیوتەری شوێنە ئەمنییەکان تێکدەچێ و هاردەکەی فڕێ نادەن، یا ورد وردی دەکەن، یا دەیسوتێنن.

کلیلە سوورەکە redkeyUSB ناوی ئامێرە فلاش شێوەیە، کە وەك کلیلێکی سوور دەچێت، ئەو کلیلە سوورە، گشت فایلەکان دەسڕێتەوەو هاردەکە وەك ڕۆژی یەکەم لێدەکاتەوە. بۆ بەکارهێنانی دەبێت دوای خستنە سەر کۆمپیوتەر، کۆمپیوتەر ڕیستارت بکەوە و بچۆ سەر بەشی بایۆس و لەوێدا هێمای کلیلە سوورەکە دەردەکەوێ و دایبگرە، دواتر هەر درایڤێك نیازت بیسڕیەوە دیاری بکە، لەماوەی تەنیا یەك خولەکەدا هاردەکە وەك تازە بەرهەم هاتبێ وای لێدەکاتەوە.

## دەفتەرێک بۆ هەمیشە

لە ژیانتدا ئەو دەفتەرانەی سوودتان لێوەرگرتوون و نووسیوتانن و فڕێتان داون نایەنە ژمار! بەڕێوەبەران، مامۆستایان، ڕۆژنامەنووس و نووسەران...تاد. ڕۆژانە پێویستیان بە نووسین لەسەر کاغەزە. کە دوای نووسین کاغەزەکە دەبێ فڕێ بدرێت و ژینگە پیس بێت.

دەفتەری Rocket book دەفتەرێکە بۆ هەمیشە، واتە یەکجار لە ژیاندا دەیکڕی و بۆ هەمیشە بەکاری دێنیێ. دوو ئەندازەی جیاوازی هەیە A5, A4. ژمارەی لاپەڕەکانی ٣٦ هەتا ٥٠ لاپەڕەیە. بە پێنووسێکی تایبەت لەسەری دەنووسرێ، پێنووسەکە لە پەراوگەکاندا زۆرە. بۆ سڕینەوەشی تەنیا ئەوەندە بەسە کە چەند دڵۆپێك ئاوی پێدا بکە و پاشان بە پارچەیەك بیسڕەوە، وەك قەتی لەسەر نەنووسرابێ وایە.

خاڵی گرنگ و جێگای ئاماژە لە دەفتەرەکەدا ئەوەیە کە بە پرۆگرامی تایبەت بەخۆی سکان دەکرێت و ئەو دەقەی لەسەرت نووسیوە دەیکاتەوە بە دەقێکی دیجیتالی. پاشان بەو هێمایانەی لە خوار لاپەڕەکەدایە بۆ شوێنی مەبەست، وەك گوگڵ درایو یا درۆپ بۆکس بینێری.








# ڕووپێوی زیرەک بۆ هەموو شوێنێک

فووت یا مەتر ئەو ئامێرە کە بیناسازەکان یا بەرگدرووەکان یا هەر کەسێکی تر سوودی لێوەردەگرێ، ئەویش لەسەردەمی زیرەکی تەکنەلۆژیادا باوی نەما. ئێستا ڕووپێوە دیجیتالییەکان کە لەیەك چرکەدا ڕووپێوی بینایەك دەکا شوێنی ئەوانی گرتۆتەوە. ڕووپێوی زیرەکی جۆری LEFUYAN یەکێکە لەو جۆرە ڕووپێوە زیرەکە دیجیتالیانە بۆ پێوانی هەموو شوێنێك. کێشی ڕووپێوەکە ٣٠ گرامە. شاشەکە لەسەرەوەیەتی بۆ نیشاندانی ئەندازەی پێوانەکە. بۆ پێوانی هێڵی ڕاست، هێڵی بازنەیی، هێڵی لار و ناڕێك، هێڵی بەرزی ...تاد سوودی لێوەردەگیرێت.

دەتوانی سەد مەتر بپێوێ. هەموو داتاکان لەخۆیدا ڕادەگرێ و تەنانەت داتای ملمیش. پێویست بەوە ناکات لەسەر کاغەز داتاکان بنووسی.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**پرسیارێك کە بۆ زۆربەی خوێنەران بەشی کۆمپیوتەر دێتە پێش. ئایا ئەگەر دێنگڵی ماوس یا کیبۆردی وایەرلەیس ون بێت، کیبۆرد و ماوسەکە بەتەواوی بێ کەڵك دەبن؟**

خوێنەری بەڕێز و ئەو بەڕێزانەی ئەو کێشەیان بۆ هاتۆتە پێش، دەکرێت بڵێین بەداخەوە سوودیان لێوەرناگیرێت، چونکە شەپۆلەکانی ماوس یا کیبۆردی وایەرلەیس تەنیا لەسەر یەك دێنگڵ دانراون، بەڵام مارکەکانی لۆجتیك و دێڵ بەم دواییانە جۆرە دێنگڵێکیان بەرهەمهێناوە و لە بازاڕەکانیشدا هەیە بە دێنگڵی Unify-ing ناسراوە، هێمای ئەستێرەیەکی پرتەقاڵی پێوەیە، ئەم جۆرە دێنگڵە بۆ هەموو کیبۆرد و ماوسێك دەگونجێن. دەکرێت چەندین کیبۆرد و ماوس بۆ یەك دێنگڵ دابندرێن. تەنیا ئەوەندە بەسە دێنگڵێکی لەم جۆرە بکڕی و کێشەکەت چارەسەر دەبێت.



# بیرهێنەرەوەی ڕووداوەکان

ئەو ئامێرە بچووکەی کە لە شێوەی ئامێری تایبی سەدەی پێشوو دەچێت، ئامێرێکی زۆر گرنگە بۆ بیرهێنانەوەی کات و ساتەکان. ئامێرەکە بە (Memory-Box) ناسراوە، واتە بۆکسی بیرهێنانەوە. ئامێرەکە کێشەکەی بەقەد مۆبایلێکی ئاسایی دەبێت، شاشە بچووکەکەی بەردەوام لە گۆڕاندایە و ڕووداوە مێژووییەکانت بیردەخاتەوە.

دەکرێت هەموو ڕووداوەکانی ژیانت لە داتاگەی ئەو ئامێرەدا تۆمار بکەی، خۆی لەکات و ساتی خۆیدا کاتەکانت بیر دێنێتەوە، بۆ نموونە ساڵرۆژی لەدایکبوون، دیداری تایبەت، ساتە لەبیرنەکراوەکان... ئامێرەکە لەگەڵ وای-فای پەیوەند دەدرێ و زانیارییە نوێیەکان لە ئینتەرنێت وەردەگرێ، بە هەر پێنج خولەك جارێك زانیارییەکی نوێ دێتە سەر شاشە. زانیاری تایبەت بەو ڕۆژە و ئەو ساتە لە مێژوودا. چەند زمانێکی وەك ئینگلیزی و فەرەنسی و ڕوسی و ...تێدایە زانیارییەکان بەو زمانە نیشان دەدا.



# پرێنتەری بچووک بۆ ئەرکی تایبەت

بۆ چاپ کردنی وێنەکان، لۆگۆکان، کورتە پەیام و یادداشتەکان، کۆدەکانی QR، ناسینی دەقی OCR پێویست ناکات پرینتەرێکی مەزنت هەبێ. پرینتەری مەزن بۆ هەموو شوێنێك نابێت و هەڵناگیرێت و شوێنێکی جێگیری دەوێت. جگە لەوەش پرینتەری گەورە پێویستی بە کارتریج و حوبری تایبەتە.

پرینتەری بچووکی CardJoin زۆر بچووکە دەکرێت لە گیرفاندا هەڵیبگری، کوالیتی چاپکردنیشی ئاستێکی بەرزی هەیە و بۆ چاپکردنیش هیچ پێویستی بە کارتریج و حوبر نییە. زۆربەی پرینتەرە گەرماییەکان پێویستیان بەکاغەزی تایبەتی گلۆڵەییە، بەڵام پرینتەری ناوبراو پێویستی بە کاغەزێکی وا نییە. پرینتەرەکە فایلێکیتێدایە کە ١٥ فۆنتی تایبەتی تێدایە. هەروەها دەیان ئیمۆجی و وێنەی گیانداران و گوڵ و گیای تێدایە. هەروەها سیستەمی OCR تێدایە و بەهۆیەوە دەتوانێ دەق سکان بکا و پرێنتی بکا.



## به زیرەکی دەستکرد هونەری شێوەکاری بکە


بەربڵاوبوون و تەشەنەسەندنی زیرەکی دەستکرد تەمەنی ناگاتە ساڵێك، بەڵام لەم ماوەیەدا ئەرك و سوودەکانی ئەوەندە بە باشی دەرکەوتوون کە رەنگە لەداهاتوودا مرۆڤ بۆ هەموو شتێك پشتی پێ ببەستێ. تەنانەت لە ئینتەرنێتدا بۆ دروستکردنی دۆمێن واتە ئەدرەسی سایت پاشگری www......aiش دروست بووە. یەکێك لەو ماڵپەڕە گرنگانەی تایبەت بە دروستکردنی وێنە، ماڵپەڕی playgroun-dai.com یە. هەروەك ماڵپەڕە هاوشێوەکانی خۆی بۆ نموونە لیۆناردۆ و میدجۆرنی دەتوانی وێنەی پێ دروست بکەی، تەنیالا لە بۆکسی تایبەتدا، تایبەتمەندی وێنەکەت بنووسە ئیدی بە چەند چرکەیەك وێنەی دڵخوازی خۆت بۆ دروست دەکا. جیاوازی ئەو ماڵپەڕە لەگەڵ ئەوانی دیکە ئەوەیە دەتوانی وێنەکەت دەستکاری بکەی.

## پرۆگرامێک بۆ سکانکردن

یەکێك لە پرۆگرامە تایبەتی و گرنگەکانی تایبەت بە سکانکردن، پرۆگرامی Pa-perScanە. لەگەڵ گشت جۆرە سکاینەرێك، کامێرایەکی دیجیتالی دەگونجێت و گەلێك تایبەتمەندی بەرچاوی تێدایە.

زۆرجار کە پێویست دەکات دۆکیۆمێنێتك سکان بکەی، پڕە لە هێڵ کە بەهۆی کۆنی و نووشتانەوەی کاغەزەکە دروست دەبێت، بەڵام پرۆگرامی ناوبراو، هێڵەکان دەسڕێتەوەو وەك کاغەزێکی ئاسایی لێدەکاتەوە لەکاتی سکانکردندا. ئەگەر دۆکیۆمێتەکە دەق بێت دەتوانێت لەگەڵ ئەوەی کە سکانی دەکات، دەقەکە بکاتە بە دەقێکی دیجیتالی. هەروەها دەتوانرێت رەنگەکانی ناو دۆکیۆمێنتەکە باش بکرێت.

توانای ئەوەی هەیە راستەوخۆ فایلەکە بە PDF هەڵبگرێت، گشت جۆرە فۆرماتێکی وێنە دەخوێنێتەوە وەك: PNG،TIFF،JPG...تاد. بەکارهێنەر دەتوانی فۆرماتی دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێت. تایبەتمەندییەکی گرنگ لە پرۆگرامەدا ئەوەیە کە دەکرێت وێنەی دوو لایە واتە duplex scanning بکات هەردوو ڕووی دۆکیۆمێنتێك بکاتە یەك ڕوو کە بۆ ئیدارە فەرمییەکان ئەم پێویستە.



## بازن و دەستبەندی ناسک بۆ بۆنە تایبەتەکان



هـەوڵ بـدە هـەردەم جوانتریـن ئێکسسوارەکانت بە کەمتریـن نرخ و مـاوە دەست بکەوێت، بـەر لـەوەی کەرەستەیەك بکڕیت، سـەرەتا دەبێ ئێکسسـوارەکە دیـاری بکـەیـت، لـە شـێوە و نەخشـدا بزانـە چیـت دەوێت و پاشان کە گەیشتیتە ئەو شوێنە چاوت لـەو کەرەستانە بێت کە خۆت مەبەستتە. بارکلێت و دەستبەند و بازن، کۆمەڵێك ئێکسسواری لـە دەست دەکرێـن، شـێوەیان ناسـك و سەرنجڕاکێشـە، هەیانـە باریـك و وردن، هەروەها بەشێکی دیکەی گەورە و درشتن، ماوەماوەش بەپێی وەرزەکان لە مۆد و شێوازەکیاندا ئێکسسوارەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێ، ئەو ئێکسسوارانەی لـە وەرزی هاویـن و پاییـزدا بـاو دەبێـت، زیاتـر گـەورە و درشـتن، پـڕن لـە نەخـش و کونـی جۆراوجـۆر، تـا ناسـکی و نەرمیـی دەسـتەکان دەربخـەن و دیـار بـن، ئەوانـە کۆمەڵێـك بارکلێتـی جۆراوجـۆرن، وەك دەسـتبەند و بازن لـە دەست دەکرێـن، دەتوانـی بـۆ ڕەنگـی ئـەو بارکلێتانـە ئـەو ڕەنگانـە هەڵبژێریـت کـە لەگـەڵ پێسـتت دەگونجـێ، یـان دەتوانـی لەگـەڵ ڕەنگـی جل و ماکیـاژ و پرچت هاوڕەنگیـان بکەیـت.

## ئەتەکێتی خواردنی پیتزا لە شوێنە گشتی و تایبەتەکان





پیتزا کـە لـە ڕاستیدا خـۆی پیزایـە، خواردنێکـی بـە جۆشـی ئیتاڵییـە و لـە سـەراپای جیهانـدا ڕۆژانـە نـۆش دەکرێت، هەروەها یەکێکە لـەو خواردنـە خێرا و ژەمـە خۆشـانەی کـە زیاتـر لـە کاتـی ئێـوارەدا چ لـە دەرەوە یـان لـە مـاڵ دروست کرابێت، دەخورێت، پیتزا وەك هـەر خواردنێکـی ئاسایی لـە زۆربەی چێشتخانە و شـوێنە گشـتییەکاندا دادەنرێت، بێگومـان ئەتەکێتی ئـەو خواردنـەش پێویسـتە، بـۆ ئەوانـەی دەیانەوێت لـە دەرەوە بـە شـێوە و دیمەنێکـی سـەرنجڕاکێش دەربکـەون، چەندیـن شـێوازی ئەتەکێتـی خواردنـی پیتـزا هـەن کـە ئەوانـەن: لـە ئیتاڵیـا خانمـان بـە دوو دەسـت پارچـە پیتزایـەك جیـا دەکەنـەوە و پاشـان بـە دەسـتێك نۆشـی دەکـەن، لـەلای ئەمریکاییـەکان زیاتـر بـاوە کـە پارچـە دەکرێـت و هـەر پارچەیەکـی دەنوشـتێتەوە تاوەکـو پێکهاتەکـەی نەکەوێـت، بـەڵام پسـپۆرانی خـواردن دەڵێـن: «بەهـۆی ئـەوەی سـەرەوەی پیتـزا بـە کەچـەپ و پەنیـر و میـوە و سـەوزە داپۆشـراوە، بۆیـە پێویسـتە کلینیکسـێك بخەیتـە ژێـر پیتزاکـە، تاوەکـو نەکەوێـت یـان ڕەنگـە گـەرم دەبێـت». ئیتاڵییـەکان کەچـەپ بـە پیتـزادا ناکـەن، بەهـۆی ئـەوەی تامـە ڕەسـەنەکەی خـۆی لـە دەسـت دەدات، پارچـە هەویـری دەوروبەرکـەی پیتـزا جێمەهێڵـە، بەڵکـو ئەویـش نـۆش بکـە، دەتوانـی هاوڕێکانـت بـە پیتـزا داوەت بکەیـت کاتێـك پێـت دەگوترێـت خواردنێـك قـەرزاری یـان کارێکیـان بـۆ کـردووی.

# بۆنوبەرامە نایابەکانی وەرزی پاییز

لەگەڵ هاتنی وەرزی پاییزدا، گۆڕانکارییەکی سادە بەسەر تەواوی کەرەستە و جلەکانتدا دێت، بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوای وەرزەکە، پێویستە دەست بکەیت بە هەڵگرتنەوەی بەشێك لە پۆشاك و کەرەستە و خشڵەکانت، بە تایبەت بۆن، بۆنوبەرامەکانی وەرزی هاوین، پێویست دەکرا کە ڕێژەی چەوریی کەم بێت و بەهێز نەبێت، بەڵام لە وەرزی پاییزدا دەبێ گۆڕانکاری لە شێوە و پێکهاتەی بۆنەکاندا بکەیت، بەهۆی ئەوەی جەستە لەو وەرزەدا هەست بە کزە با و کەشێکی فێنك دەکات، بەکارهێنانی بۆنە چەور و شیرینەکان شیاوترین کاریگەری دەبێت، هەر یەکە لە مارکەکانی بۆتیگا ڤێنیتا، لە پێکهاتەکەیدا بەرگموت و بیبەری پەمەیی و باتچۆلی بەکارهاتووە. بۆنی ئۆمبری لە تۆم فۆرد، شیاوترین بۆنە بۆ وەرزی پاییز، بۆنەکەی بە کزە بایەك بڵاو دەبێتەوە و دەوروبەرت هەستی پێدەکەن. مارکەی هێرمس، بۆنێکی بەناوی کێلی کالاچی ئامادە کردووە، کە بەرامەکەی نێوان گوڵی کراوە و بۆندار و بۆنی پێست و فانێلا تێکەڵ دەبێت و بۆن و نەسیمێکی نایاب بە دەوروبەر دەدات.







# وێنەی ساڵانی شەستەکانی کوردستان

ئەم وێنانە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی شەستەکان و بە دیاریکراوی ساڵی ١٩٦٠ ی کوردستان بە کامێرای فۆتۆگرافەر و ڕۆژنامەنووس (پۆل پۆپەر) گیراون، پۆڵ پۆپەر ساڵی ١٩٣٣ لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٦٩ کۆچی دوایی کردووە، ئەو فۆتۆگرافەر و ڕۆژنامەنووسە بە ڕەچەڵك (چیك) ی بووە، بەهۆی هاوڕێیەتی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە فۆتۆگرافەرانی بەرلین و بەهۆی پەیوەندیی ڕۆژنامەوانیی بەرفراوانی، یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی کۆمپانیای پاوڵ پۆپەری. لە گەشتەکانیدا بۆ کوردستان لە ساڵانی ١٩٦٠ - ١٩٦٥ کۆمەڵێك وێنەی ژیانی کورد و کوردستانی گرتووە و ئەرشیفی کردووە، بەشێك لە وێنە ناوازەکانی کە وێنەی نایاب و جوانی سەرکردە و تێکۆشەرانی شۆرشە، هەروەها وێنەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك بووە کاتێك خەریکی کاروباری ڕۆژانەن، ژیان ئەوکاتە هێندە سادە و ساکار بووە کە هەستی پاك و دڵسافی بەسەر ڕوخساری خەڵکدا لە وێنەکاندا بەدی دەکرێت.





## کۆنترین بەردەکانی گەردوون

نەیزەکی مورچیسۆن، یەکێکە لە کۆنترین بەردەکانی گەردوون، تەمەنی زیاتر لە ٥ ملیار ساڵە و پێش ئەوەی زەوی بە تەواوی دروست ببێت، ئەم بەردە هەبووە، نزیکەی ٥٠ ساڵ لەمەوبەر لە ئاسمانی سەرووی شاری مورچیسۆن لە باکووری شاری مێلبۆرن لە ئوستراليا تەقیوەتەوە. ئەو تیمەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر پارچە بەردەکە کردووە، دەڵێن، شوێنەواری زیاتر لە ١٤ هەزار مادەی کیمیایی ئۆرگانیکی جیاوازیان لەسەری دۆزیوەتەوە، ئەمانەش توخمە جەوهەرییەکانن و بنەمای کیمیای ژیانن، لە بنەڕەتدا نەیزەك کەپسولێکی زەمەنییە کە دەتوانێت سەرچاوەی ئەو شتە هەڵبگرێت کە ئێمە لەسەرين.



## درەختێک بیر دەکاتەوە

درەختێکی ڕاستەقینەیە و بە شێوەیەکی خۆڕسك شێوەی بەم جۆرە کەوتووە، کە وەك ئەوەیە کەسێکە بیر بکاتەوە، ئەو درەختە بە درەختی بیرکردنەوە ناسراوە، دار زەیتونێکی کۆنە و دەکەوێتە شاری پوگلیای ئیتاڵیا. زەیتون هێمایەکە بۆ مێژوو و تەمەن درێژی، بەشێکی سەرەکییە لە کلتوور و ئابووریی ناوچەکە، پێ دەچێت ئەم دارە بەدرێژایی ساڵان چەندین نەوە و ڕووداوی بەخۆیەوە بینیبێت، گرنگییەکەی بەڵگەیە لەسەر گرنگی داری زەیتون لە ناوچەی دەریای ناوەڕاست.



## جووتە پێڵاوێک بە ملیۆنێک دۆلار

ئەو جووتە پێڵاوە بە نرخە لە ساڵی (١٩٣٩) لە پێی ئەکتەری ئەمریکی (جودی گارلاند)دا بوو، کە کارێکتەری سەرەکی بوو لە فیلمی (ویزارد ئۆف ئۆز)، دواتر ئەو پێڵاوانە لە مۆزەخانەی گارلاند لە ویلایەتی مینسوتا دانرابوو، دواتر پێڵاوەکە دزرا، تا ئێستاش بە دوای دۆزینەوەی جووتە پێڵاوەکەن، کە دوای ماوەیەکی زۆری پشکنین، سەرەنجام بێ هیوا بوون، ئێستاش خەڵاتێکی گرانبەها دانراوە بۆ ئەو کەسەی زانیاریی لەسەر ئەو پێڵاوانە هەبێ، یان بیاندۆزێتەوە، ئەوەی سەیرە چەندین کەس ئەو پێڵاوەیان دروست کردووە و دەڵێن ئەوە پێڵاوەکەیە تا خەڵاتەکە بەدەست بهێنن، کەچی پێڵاوە ڕاستەقینەکە تا ئێستا بێ سەروشوێنە، گرنگیی ئەو جووتە پێڵاوە لەوەدایە کە وەك کەرەستەیەکی کۆن دادەنرێ و نرخی ڕاستەقینەی دەگاتە (٣) ملیۆن دۆلار.






## کاریکاتێر

باس لە گرنگی و ڕۆشنبیریی کتێبخوێندنەوە دەکات، کاتێک چین و توێژەکان ڕوو لە خوێندنەوەی کتێب دەکەن، لە ئەنجامدا کەسانێکی ڕۆشنبیر و کارامەیان لێ دەردەچێت.

# خانووی موگناتیسیی دژە بوومەلەرزە

ژاپۆنییەکان خانوویەکی دژە بومەلەرزەیان دروست کرد بە شێوەیەکی موگناتیسی لە هەوادا، کە بە زەویەوە نەبەستراوەتەوە، ئەوەی لە خەیاڵی ئەو ژاپۆنیانە دەگوزەرێت باوەڕپێنەکراوە، بە هۆی ئەوەی بیرۆکەی لەم جۆرە زۆر بە ئەستەمی بە خەیاڵدا دێت، بیرۆکەکەیان ١٠٠٪ سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و لە داهاتوودا لە بناغە و کارە سەرەکییەکانی خانوو و باڵەخانەکانی وڵاتەیاندا بەکاری دەهێنن، لەو وڵاتانەش دادەنرێت کە لەسەر هێڵی بوومەلەرزەن، یان بوومەلەرزە و گڕکانەکان لەوێدا دەتەقنەوە .





## دیمەنە سەیرەکان

هەشت پەرستار کە لە یەک نەخۆشخانەدا کاردەکەن لە هەمان کاتدا هەمان قۆناغی دووگیانییان بەسەردا دێت، ڕێکەوتێکی سەیرە.



## یاسا

### برینی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خێزانی

بەپێی ماددە دوو یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژیی خێزانی، برینی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بە تاوان دادەنرێت، و لەکاتی بوونی ئەم حاڵەتەدا دەتوانن سکاڵای یاسایی تۆمار بکەن، سزاکەی بەپێی ماددە حەوت هەمان یاسا بریتییە لە بەندکردنی لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە سێ ساڵ زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك لە یەك ملیۆن دینارکەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن زیاتر نەبێت.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لەلایەنی پیشەییەوە لە کێشە و گرفتەکانەوە وانە وەردەگریت و فێر دەبیت کە باشترە کارەکانت بکەیت، هەربۆیە نیگەران مەبە، باشترە هاوسەنگیی ژیانی پیشەیی و ژیانی تایبەتیت ڕابگریت، لەلایەنی سۆزدارییەوە ئەگەر کەسێك لە دڵتدایە شاردنەوەی هەستەکانت دوامەخە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کەسانی دیکە ناچار مەکە بەو شێوەیە مامەڵە بکەن کە خۆت دەتەوێت، لەلایەنی سۆزدارییەوە تێگەیشتنێکی زۆر لە نێوان تۆ و خۆشەویستەکەتدا هەیە، ئەمەش یارمەتیتان دەدات پەیوەندیتان بەهێزبێت، تەندروستییەکی جێگیرت هەیە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

لەلایەنی پیشەییەوە کارێکی زۆرت بەسەردا کەڵەکە بووە، باشترە پلان دابنێیت بۆ ئەوەی جێبەجێیان بکەیت، ئەمڕۆ حەز دەکەیت لە نزیکی خێزانەکەت بمێنیتەوە، بەڵام ڕەنگە ئەو دەرفەتە دروست نەبێت بەهۆی سەرقاڵییەوە، تەندروستیت بەرەو باشی دەڕوات.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

باشترە بە بێ زانیاری دەست بە کاری نوێ نەکەیت، سەرەتا زانیاریی باشی لەسەر کۆ بکەرەوە بۆئەوەی دواتر پەشیمان نەبیتەوە، قۆناغی داهاتووی ژیانت زۆر گرنگ دەبێت و بڕیاری چارەنوسساز دەدەیت، خۆتی بۆ ئامادە بکە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

بیر لەوە دەکەیتەوە چۆن داهاتت لەلایەنی داراییەوە زیاد بکەیت، پێویستت بەوەیە بیر لەوە بکەیتەوە کار لەسەر چەند پرۆژەیەکی نوێ و گرنگ بکەیتەوە، ڕاوێژ بە کەسە نزیکەکانیشت بکە، وریا بە لەوەی چی دەکەیت و چی دەڵێیت لەلایەنی سۆزدارییەوە، دەنا دەکەویتە دۆخێکی شەرمەزارکەرەوە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەم ماوەیە هەستت بە ئاسودەیی نەکردوە و گرفت و سترێست هەبووە، بەڵام ئەمڕۆ دۆخەکە بە تەواوی جیاواز دەبێت و گۆڕانکاریی ئەرێنی ڕوو دەدات، لە هەمانکاتدا پەیوەندییەکی سۆزداریی باش دروست دەکەیت و دڵخۆش دەبیت، ڕۆژێکی باشە بۆ گەشتکردن.

بۆ زانیاریت

## بڕین بە شلە (cutting fluid)



بڕینبە شلە یان ساردکەرەوە، جۆرێکە لە مادده کە بەکاردێت لە پرۆسەی machining و metalworking بۆ باشترکردنی چوستی و کوالێتی کردەی ئامێر کە چەندین کرداری گرنك ئەنجام دەدات:

١- ساردکردنەوە: بڕین بە شلە گەرمی بەرهەم دەهێنێت لە کاتی پرۆسەی machining. گەرمیی زیاد لە پێویست، دەتوانێت زیان بە ئامێرەکانی بڕین و پارچە کارپێکەرەکان بگەیەنێت، بۆیە ساردکردنەوە گرنگە بۆ پاراستنی تەمەنی ئامێر و جێگیری قەبارە.

٢-چەورکردن: وەك چەورکەرەوە کاردەکەن لە نێوان ئامێری بڕین و پارچەی کارپێکەر، کەمکردنەوەی لێکخشاندن و ئەو زیانانەی بەر ڕوو دەکەون، ئەمە یارمەتی درێژکردنەوەی تەمەنی ئامێرەکان دەدات و کاری بڕین بەردەوام دەکات.

٣- کۆنترۆڵکردنی پارچە زیادەکان : بڕین بە شلە یارمەتیدەرە لە چۆڵکردنی شوێنی کارەکە لەو پارچە زیادانەی کە لە کاتی پرۆسەی machining دروست دەبن، ئەمەش ڕێگری لە پارچە زیادەکان دەکات لە دەستێوەردان لە پرۆسەی بڕین یان زیان گەیاندن بە کارەکە.

٤- تەواوکردنی ڕوو: شلەی هەڵبژێردراوی دروست دەتوانێت ڕووی کۆتایی پارچە لە ئامێردراوەکە باشتر بکات، لە ئەنجامدا ڕوویەکی نەرمتر و وردتر دروست دەبێت.

٥-پاراستنی لە ژەنگ هەڵهێنان: بڕین بە شلە دەتوانێت بەربەستێکی پاراستن دابین بکات دژی ژەنگ هەڵهێنان، بەتایبەتی بۆ ڕووە لە ئامێردراوەکان و ئامێرەکانی بڕین.

جۆرە باوەکانی بڕین بە شلە ئەمانە دەگرێتەوە:

ساردکەرەوەی ئاوی، شلەی ڕۆنی، ساردکەرەوەی دەستکرد یان نیمچە دەستکرد. هەڵبژاردنی بڕین بە شلە پشت دەبەستێت بە فاکتەرەکانی وەك پرۆسەی ئامێرکردن، ئەو ماددانەی کە ئامێر دەکرێن و ڕەچاوکردنی ژینگەیی.

بە کورتی بڕین بە شلە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە کاری کانزا و ئامێرکردندا بە ساردکردنەوە و چەورکردن و باشترکردنی ئەدای گشتی و کوالێتی پرۆسەکە.

## پەند و وتە



جێمس ئێرل جۆنز، ئەکتەری ئەمریکی لە ساڵی ١٩٣١ لە ویلایەتی میسیسیبی لە ئەمریکا لە دایکبووە و یەکێکە لە ئەکتەرە ناودار و مێژووییەکانی هۆڵیوود، دەربارەی لێخۆشبوون دەڵێ: «لێخۆشبوون هەرچەندە گەورە و بچووك بێت، بەخشندەییە، کاتێك لە کەسانی دیکە خۆش نابیت، پێشبینیش مەکە لێت خۆش ببن، چونکە ژیان دێ و دەڕوات و بەردەوامە لە گۆڕانکاری».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا چەند پیتێکی ئینگلیزی هەن، هەوڵ بدە ماوەی ٣٠ چرکەدا بیاندۆزیتەوە.

فیلم

## کەسێک کە پێشتر - Somebody I Used to Know



فیلمێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆمانسییە، باس لە خانمێك دەکات دوای ئەوەی گەشتێك بۆ شوێنی لە دایکبوونەکەی خۆی دەکاتەوە، کە کاری وەك بەرهەمهێنەرێکی تەلەفزیۆنییە، دوای ئەوەی خۆشەویستە کۆنەکەی دەدۆزێتەوە و بەیەکەوە کار دەکەن، دواتر نزیکبوونەوە نێوانیاندا ڕوو دەدات کە گۆڕانکاری بەسەر خۆشەویستەکەیدا هاتووە و ئەو خانمەش هەوڵ دەدات کە خۆشەویستەکەی بگەڕێتەوە سەر نەریتی جارانی خۆی، فیلمەکە لە دەرهێنانی دەیڤ فرانکۆ، لە نووسینی براین لانین، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٤٦ خولەکە، نواندنی: ئەلیسۆن برای، کیرێسی کلیمۆنس، جای ئێلس، دانی پاودی هالای جۆێل، جولی هاگێرتی.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەم ماوەیە چەندین سوپرایزی چاوەڕواننەکراو لەسەر ڕێگەتە، لەلایەنی سۆزدارییەوە بە ئەزموونێکی نوێدا تێدەپەڕیت و هەست بە دڵخۆشی دەکەیت، گوێ لەو ڕەخنانە مەگرە کە لێت دەگیرێت، باشترە لە هەموو ڕوویەکەوە ئەمڕۆ کۆنترۆڵی تووڕەییت بکەیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لەگەڵ هاوڕێ یان خێزانەکەت یەك دەبینن و کۆ دەبنەوە، پەیوەندییەکی باشت هەیە لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە، ئەمەش نیگەرانییەکانت کەم دەکاتەوە، لەلایەنی پیشەییەوە ڕووبەڕووی سەختی دەبیتەوە، بە ئاسانی دەستبەرداری ئامانجەکانت مەبە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

کەسێکیت کە هەمیشە بیر لە داهاتووی خۆت دەکەیتەوە، ئەمڕۆ ڕۆژێکی تایبەتە، لە ئامانج و خەونەکانت نزیك دەبیتەوە، لەلایەنی سۆزدارییەوە خۆشەویستەکەت کەمێك لێت نیگەرانە بەهۆی ڕەفتارە زبرەکانتەوە، هەوڵ بدە دڵی چاك بکەیتەوە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


لە ئامانجە پیشەییەکەت زۆر نزیکیت، دەتوانیت خۆشییەکانت لەگەڵ هاوڕێ و خێزانەکەت بەش بکەیت، هەندێك کات ڕابردووی خۆت لەبیر دەکەیت، ئەمەش کارێکی باشە، بەڵام ئەزموونەکان لەبیر مەکە و هەڵەکان دووبارە مەکەرەوە.


### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەمڕۆ مێشکت ئارامە و بە تەواوی دەتوانیت سەرنجت لەسەر هەر کارێك بێت کە ئەنجامی دەدەیت، هەروەها چانسی سەرکەوتنت زۆرە، هێندە بیر لەوە مەکەرەوە داهاتوت چۆن دەبێت، هەوڵی ئێستات بە باشی بدە و بۆ داهاتوو بەختێکی باشت دەبێت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لەلایەنی پیشەییەوە پەیوەندیت لەگەڵ هاوپیشەکانت بەهێز دەبێت و هەست دەکەیت بە باشی لێت تێدەگەن، ئەمەش کاریگەریی ئەرێنی لەسەرت هەیە، ڕۆژێکی گونجاوە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە هەر ڕوویەکەوە بکەیت لە ژیانتدا و بەخت یاوەرتە، لە ڕووی تەندروستییەوە دوور بکەوەرەوە لە نەخواردنی ژەمەکانت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:


https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
September 25, 2023 Issue,No.1382


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و رێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە رێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەڤینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626